وەهبی وەققاس ئۆغڵوو

4

چواردەم چاپ

یاداشتنامەی مامۆستایەک

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



و: د.زانا ئەحمەد

یاداشتنامەی مامۆستایەك

بەرگی چوارەم

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: یاداشتنامەی مامۆستایەک

بەرگی چوارەم

نووسەر: وەهبی وەققاس ئۆغڵوو

وەرگێڕ: د. زانا ئەحمەد

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٦٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پێدراوە

پێشەکی

بەچکە ماسی لە دایکیی پرسی:

– دایە! باسی شتێك دەکەن بە ناوی ئاو، پێم ناڵێیت ئەم ئاوە چییە؟ تو خودا پێمی پیشان دەدەیت؟

دایکیشی پێی وت:

– جا ڕۆڵە! ئەگەر تۆ توانیت جگە لە ئاو شتێکی ترم پیشان بدەیت، منیش ئاوت پیشان دەدەم.

ئەم وەڵامە زۆر پەندئامێزە. ناوبەناو هەندێك ڕۆشنبیر (!) دەنووسن و دەڵێن: ناتوانین لە هەبوونی خودا بگەین، بۆیە باوەڕمان پێی نییە. بەڵێ، ئەگەرچی بەم چاوە سنووردار و ناتەواوەی دونیامان

ناتوانین خودا ببینین، بەڵام بە دیتنی ئەو ملیۆنان ئافەریدەیەی بە دەستی ئەو هاتوونەتە بوون، دەتوانین لە هەبوونی دڵنیا ببین. ئەگەر نا چ مانایەك بۆ بوونی ئەو هەموو ئافەریدەیە دەمێنێتەوە؟ بۆیە ئێمەش دەتوانین بە هەمان لۆژیکی دایکە ماسی بڵێین: ئێوە شتێکمان پێ پیشان بدەن نەبوونی ئەو بسەلمێنێت، تا ئێمەش بوونیتان بۆ دەربخەین.

بوونی ئەو، هەموو شتێکی تەنیوە. هەر بوونەوەرێك بەڵگە و نیشانەیەکە لەسەر بوونی. لە هەموو لایەکی جیهاندا شتانێك هەن سیفەتەکانی ئەو دەردەخەن. لە هەموو شتێکی جواندا، جوانیی ئەو دەدرەوشێتەوە. لە ڕێی ئەو هۆگرییەی خستوویەتییە مێشکمانەوە، بەدوایدا دەگەڕێین. بەهۆی ئەو بیر و هۆشەی پێی داوین، لە بەڵگەکانی تێدەگەین. لە سایەی ئەو ئەوینە بێ سنوورەی خستوویەتییە دڵ و دەروونمانەوە، ئەومان لە هەموو شتێك خۆشتر دەوێت.

پشت بە خودا هێز و دەسەڵاتی ئەو لەملا و لەولا و پشتی خۆمان دەبینین و دەگەین بە ئاسوودەیی، لەوە دەگەین کە خودا لەگەڵ ڕاستییەکانە و وەك ئەوەش دەبین کە ئەو فەرمانی پێداوین.

***

ڕێی ڕاست ئەوەیە کە دەچێتەوە لای ئەو، هەرچی ئەو ڕێیەشە کە بەرەو لای شەیتان و گومڕایی دەڕوات، ئەوە ڕێی ڕاست نییە و، ڕەوکردن پێیدا بێ ئاگاییە لە ئامانجی بەدیهێنرانمان. دەبێت لەسەر ڕێبازی ئەو بڕۆین و بە خۆشەویستیی ئەوەوە بژین، بە چاوی خۆشەویستییەوە سەیری هەموو گیاندار و بێ گیانێك بکەین و لە بەرانبەر هەموو بەدیهێنراوێك لەبەر خاتری بەدیهێنەر لێبووردە و سینگ فراوان بین.

جا یەکێك بەو هەموو بەڵگانەوە ئەو نەبینێت و هەست بە تاك و تەنهایی و گەورەیی نەکات، هەق وایە چی پێ بوترێت؟ دەبێت ئامۆژگارییان بکەین واز لە چاوی سەر بێنن و بە چاوی ئەقڵ و زانست بڕوانن. چونکە خۆ وابەستە کردنیان تەنها بەو شتانەی بە چاوی سەر دەیانبینن و باوەڕ نەبوونیان بەو شتانەی ناکەونە بەر چاویان ساویلکەییان دەسەلمێنێت. لەم دەور و زەمانە دواکەوتوویی ئەو کەسەی دەڵێت: "ئەوەی نەیبینم دانی پێدانانێم"، شتێکە مشتومڕ هەڵناگرێت...

کەواتە دەبێت بزانین چۆن دەڕوانین. دەبێت ئاستێك بۆ بینین دابنێین و چاوی زانست و دڵمان بکەینەوە. ئەوانەی هەوڵ دەدەن بە چاوە سنووردار و پڕ لە کەموکوڕییەکانیان هەموو شتێك ببینن، لەو کەسانەن کە بە دوعایەکی مەحاڵ دەڵێن ئامین. ئەوەی دەیەوێت

ببینیٚ ئینجا باوەڕ بێنێت، «ئەقڵی لە چاویدایە، چاویش لە جیهانی مەعنەوییاتدا نابینایە».

***

بەڵام تاهەتایە بێباوەڕان هەر دەمێنن. ئەو بەگژیەکداچوونەی خێر و شەڕ –کە لە سەردەمی حەزرەتی ئادەم بەرپا بووە و تا ئێستاش بەردەوامە و شەڕی نێوان باوەڕدار و بێباوەڕان– هەر نەبڕاوەتەوە. هەر کەسە و دەیەوێت بیروباوەڕەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، کەیفی دێتەوە ئەگەر بتوانیٚ کەسانی تریش بێنێتە سەر باوەڕەکەی خۆی.

ئەگەر ئەم یادداشتنامەیە و ئەوانەش کە بەدوایدا دێن، بتوانن هەنگاوێکی گچکە بن لەو ڕێیەدا، چ دڵخۆشییەکە بۆ ئێمەومانان؟ لەو باوەڕەداین کە لە سەلماندنی بوون و تەنهایی خودا کارێکی گەورەتر نییە.

وەهبی وەققاس ئۆغڵوو

نیسانی ١٩٨٧

باخچەلی ئێڤلەر



بێباوەڕیی...

بانگەشەیەکی بێ بنەما

هەنـدێك ڕووداو کـە بەسـەرمدا هـاتوون، زۆر بـەڕوونی بۆیـان دەرخستووم کـە بانگەشـەی بێبـاوەڕیی هـیچ بنەمایـەکی نییـە، بۆیـە قەت بـاوەڕ بـە کەسێك ناکـەم بڵێت بـاوەڕم بـە خـودا نییـە. گومـان لەوەدا نییە کە ئەوانـەی بانگەشـەی بێبـاوەڕیی (بێخـودایی) دەکـەن، ئەوانیش هەڵگری بیروباوەڕێکن، ئیتر یەکێك باوەڕی بە ماڵ و سـامان و یەکێکی تر بە زانست و یـەکێکی تـریش بـە هۆکارەکـان هەیـە و بـە خولقێنەری دادەنێت. هەندێکیش هەن باوەڕیان بە خودا هەیە، بـەڵام هەسـت بـەو باوەڕدارییـەی خۆیـان ناکـەن، هـەر کاتێـك دووچـاری کێشـەیەك ببنـەوە باوەڕەکـەیان خـۆی دەردەخـات. هەنـدێك لـە

بێباوەڕانیش بەهۆی ڕووداوگەلێکی ناخۆش کە بەسەریاندا هاتووە لە خودا یاخی بوونە و کەوتوونەتە نکوولّی کردن لە بوونی، وەك چۆن هەندێك کەس نکوولّی لە باوکی خۆیان دەکەن و حاشایان لێدەکەن.

لەبەر ئەم هۆیانە وا هەست ناکەم ئەوانەی نکوولّی لە بوونی خودا دەکەن ڕاست بکەن. نکوولّی کردنەکەیان بە هۆکارگەلێکی سادە وەك بۆیەی ساختە نامێنێت و باوەڕەکەی ژێری خۆی وەدەردەخات.

ئەو بێباوەڕانەی پەی بە باوەڕدارییان نابەن

هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە بیست ساڵان، بۆ کانییە بەناوبانگەکەی (هاروونیە) دەچووم. هەڵبەتە ئەو کات هەموو شوفێرێك نەیدەوێرا خۆی لەو ڕێیە پێچاوپێچەی نێو دارستانەکانی ئەو کۆسارە بدات. گەلابەیەکی بچووکمان بە کرێ گرت. چەند خێزانێك پێخەف و مێخەفمان لە ناوی ڕاخست و لێی دانیشتین. دوای ماوەیەك خۆمان لە ڕێگا و بانەکانی نێو سەوزاییە دلّڕفێنەکاندا بینییەوە. بە بیستنی ئاوازە نەگۆڕەکەی زیکزیکە و لەنێو دارسنۆبەرە بەخۆکاندا و لەناو تەپوتۆزی ئۆتۆمبێلەکەمان بە هەڵەتەکەدا هەلّدەکشاین. لە خودا بە زیاد بێ، هیچ سەیارەیەك بەرەو ڕوومان نەدەهات، وا نەبووایە حاڵمان زۆر خراپ دەبوو، چونکە لە

هەندێك شوێن ڕێگاكە ئەوەندە تەنگ بوو، دوو ئۆتۆمبێلی پێدا نەدەچوو.



لە هەندێك لە لۆفەكاندا بەرد لەژێر تایەكانەوە دەردەپەڕی و غلۆر دەبووەوە ناو دۆڵەكە. بە هەزار حاڵ هەورازە دوور و درێژەكەمان تێپەڕاند و گەیشتینە تەختایی. دوای كەمێكی تر نشێوی دەستی پێدەكرد. من بۆ ئەوەی لە بینینی ئەو دیمەنە دڵڕفێنانە نەبمەوە، حەزم نەدەكرد گەشتەكەمان بە كۆتا بێت، لە هەوا سافە فێنكەكە تێر نەدەبووم، بۆیە قووڵ قووڵ هەڵمدەمژی. لەناكاو شتێكی زۆر سەیرم دی، واقم وڕما. جارێكی تر تەماشام كرد، جارێكی تر، جارێكی تر، خۆم پێنەگیرا هاوارم لێهەڵسا:

– ئەی خودایە! سەیری ئەو سنۆبەرە بكەن، چۆن لەسەر ئەو بەردە ڕەق و تەقە ڕواوە، خۆ چنگێ خۆڵی لەسەر نییە؟

کە من ئاوا بە دەنگەوە بیرم دەکردەوە، پیاوێکی بەساڵداچوو –کە لە بەرانبەرم دانیشتبوو– لەم جۆش و خرۆشەی من قەڵس بوو، وتی:

– جا چییە؟ هی وا لەم دەوروبەرە گەلێك زۆرە...

– چۆن چییە؟! سەیری توانای ئەو خودایە بکە، لەسەر گاشە بەردێك سنۆبەرێکی بەدیهێناوە...

– دە بەسە تۆش! ئەمە چ پەیوەندییەکی بە خودا و توانای ئەوەوە هەیە؟

– ئەی ئەگەر وا نییە، چۆنە؟ بە ڕای تۆ کێ ئەم دارەی لەم شوێنەدا ڕواندووە؟!

– کوڕم! هیچ کەسێك. بۆ ئیللا دەبێ یەکێك خولقاندبێتی؟ ئەم بیروباوەڕانە کۆنن و باویان نەماوە.

– باشە ئەگەر خودا ئەمەی نەکردووە، کێ کردوویەتی؟

– دەتوانی وا بیربکەیتەوە کە باڵندەیەك تۆیەکی سنۆبەری بە دەنووك هەڵگرتووە و لێی کەوتووەتە سەر ئەم گاشە بەردە. ئینجا تۆیەکەش کەوتووەتە نێو درزێکی بەردەکەوە و لەنێو گڵی ناو ئەو درزە ڕەگی داکوتاوە و شین بووە، دواتر ڕەگەکە وردە وردە گەیشتووەتە بنی بەردەکەوە و دارەکە گەشەی کردووە.

– خۆ ئەگەر واش بێت ئەی نابێت یەکێك ئەم هەموو شتەی بەدیهێنابێ؟

– بێگومان نا... باوەڕ بوون بە شتێك بە ناوی خودا لەم سەردەمەدا نەنگییە.

– چۆن دەتوانی بەم سەرە چەرمووەتەوە وا بڵێیت؟! من دەتوانم چەندین نموونەت لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ بێنمەوە.

ئا بەم جۆرە دەمەتەقێکەمان بوو بە دەمەقرێ، لەبەر ئەوەی کابرا دەنگی تێنابوو و منیش کەوتمە دەنگ هەڵبڕین، دەنگمان بەرز بووەوە. هاوگەشتەکانمان بەکرپی گوێیان لێگرتبووین، ناوبەناو ئەوانیش خۆیان دەخستە ناو مەوزووعەوە. جگە لەم پیرەمێردە –کە پێدەچوو خوێندەواریش بێت– هیچ کامێکیان نکوولّییان لە بوونی خودا نەدەکرد، بەڵام خواخوایان بوو زوو بیبڕینەوە و بێدەنگ ببین.

لەم سەروبەندەدا ئۆتۆمبێلەکەمان وردە وردە کەوتە تیژڕەوی، ئەو بەردانەی لەبن تایەکانەوە دەردەپەڕین، نزیکەی سەد مەترێك دەردەپەڕین و دەکەوتنە ناو ڕوباری (جەیهان)ەوە. بە بینینی ئەمە هەموومان حەپەسابووین، کرپوکپ دانیشتبووین و لە یەکترمان دەڕوانی. ئا لەم کاتەدا بابای شوفێر سەری دەرهێنا و هاواری کرد: "برێکم نەما!". لای ڕاستمان کەمێك نشێو بوو و پڕ لە دارسنۆبەر بوو، لە خوارەوەی نشێوییەکەش ڕوباری جەیهان بوو، کە ئاوەکەی

له گاشه بەردەکانی دەدا و قەڵبەزەی دەکرد. هەرچی لای چەپیش بوو، قەدپاڵێکی پڕ له تاوێره بەردی قیت بوو.

دوای چەند چرکەیەك حەپەسان، هەمووان کەوتنە هاوار و ناڵە. یەکێك شایەتمانی دەهێنا، یەکێك بیسمیللای دەکرد، یەکێکی تریش هاواری خودای دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەپاڕایەوە. هەرچی ئەو پیرەمێردەشە کە دەیگوت خودا نییە، کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو و لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت: "خوایە گیان، خوایە گیان!". ئەم بارە زۆری نەخایاند، لەنێو سەرسوڕمان و حەپەسانەکاندا ئۆتۆمبێلەکە وردە وردە هێور بووەوە و لایدایە لایەکەوە. وەستا و نەوەستا، هەر کەسە و هاواری دەکرد و دەیوت:

– ئەمە چ کارێکە دەیکەی، کابرا؟!

– ئەی نەتوت برێکم نەما؟

– هەناومان پسا!

– ناکا گاڵتە بووبێت؟!

شوفێرەکە دابەزی و هاتە لای ئەو پیرە پیاوەی – کەمێك لەوەوپێش مشتومڕم بوو لەگەڵی – و پێی وت:

– ئەریٚ تۆ شەرم ناکەیت دەڵێی خودا نییە؟! کەمێك لەمەوبەر دەتوت خودا نییە، بەڵام کە وات زانی برێك نەماوە، لە هەمووان زیاتر هاواری خودات کرد. ئەگەر خودا نییە، ئەی بۆ هاواری دەکەیت؟!

ئینجا ڕووی لە ئێمە کرد و وتی:

- بمبەخشن، برێک و مرێک هیچ عەیبێکی نەبوو. گوێم لە دەمەقاڵێکەتان بوو، ویستم دەرسێکی ئەو پیاوە دابدەم.

ئینجا چووەوە جێی خۆی و سوکانی گرتەوە دەست. کاتێک ئۆتۆمبێلەکە کەوتەوە جووڵە، بەس دەنگی زیکزیکە دەهات، کەس چپەی لێوە نەدەهات. کابرا پیرەکەش ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو و لە دەریای بیرکردنەوەدا ڕۆچووبوو، کە گەیشتینەجێ و لە داگرتنی کەلوپەلەکانمان بووینەوە، هاتە لام و وتی:

- ڕۆڵە گیان! داوای لێبووردنت لێدەکەم. ئەوەندە ساڵە خۆم وا دانابوو کە باوەڕم بە خودا نییە، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت منیش باوەڕم پێی هەبووە، بەڵام لەوە بێئاگابوومە. تۆ بوویتە هۆی ئەوەی لەم ڕاستییە بگەم.

ئینجا ڕووی لە شوفێرەکە کرد و پێی وت:

- کاکەی شوفێر! زۆر سوپاست دەکەم، هەلێکی وات بۆ ڕەخساندم پەی بە باوەڕەکەم ببەم.

کەسێك نییە دوعایەك بزانێ؟

مرۆڤ کە تووشی تەنگوچەڵەمە دێت خودای بیر دەکەوێتەوە. هەر کە دەکەوێتە شێنەییشەوە لە بیری دەچێتەوە. هەڵبەتە ئەمە شتێکی بەجێ نییە، ئەمە باوەڕداریی تەواو نییە. ئایەتی ٦٧ی سوورەی ئیسرا بەم جۆرە باسی ئەم بارە دەکات:

﴿وَ إِذَا مَسَّكُمْ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَ كَانَ الإِنْسَانُ كَفُورًا﴾ الإسراء: ٦٧، واتە: " **کاتێ لە ناو دەریادا تووشی ناڕەحەتی دەبن، ئەوانەی هاواریان لێ ئەکەن هەموو ون ئەبن و لەیادتان ئەچن چونکە ئەزانن هیچیان لەبارەدا نییەو هیچیان پێ ناکرێ خودا خۆی نەبێ. جا کە خودا ڕزگاری کردن و گەیاندنیە وشکانی، پشتی لێ هەڵئەکەن و موبالاتی پێ ناکەن و لێی ناپاڕێنەوەو ئەکەونەوە پاڕانەوە لە بتە هیچوپووچەکانتان. بەڕاستی ئینسان ناشوکرە بە نیعمەتی خوای گەورەو باوەڕی پێی نییە..** "

بەڕاستی هەر وایە، کاتێك مرۆڤ هیچی لەدەست نامێنێ و بێ ئومێد دەبێ، هاواری خودا دەکات. کاتێکیش ڕزگاری دەبێت و دەگاتە کەناری ئارامیی، خودا لەبیر دەکات و سوپاسگوزاریی و بەندایەتیی کردنی بە پێویست نازانێت، بێگومان ئەمە سپڵەییە. بەندە نموونەیەکی زیندوو و ڕوونی ئەمەم بینیوە:

له رۆژێکی پایزدا لـه ئیستـەنبوولّەوە بـۆ (یـەلۆڤا) دەچـووم. بـان پاپۆڕەکە سیخناخ بـوو لـە خـەڵکی. هەنـدێکیان خـەریکی خـواردن و خواردنەوە بوون. هەبوو گۆرانی دەچڕی. کەسانێکی تـر بـە هـەرا و هوریـا و سـوعبەتەوە خـەریك بـوون، هەنـدێکی تـر یارییـان دەکـرد و کەسـانێکیش هـەبوون خـەریکی خۆبـادان بـوون. کاتێـك کـەمێك لـە (بیووك ئەدە) دوور کەوتینەوە، هـەور هـات و شـنەبایەك هـەڵی کـرد. سەرەتا کەس گوێی پێنەدا. بەڵام دواتر بایەکە بـەهێز بـوو و بـوو بـە باهۆز. ئـەوەی خـەریکی جووڵـە جـووڵ بـوو دانیشـت، دەنگـە دەنـگ کەمەوە بوو. پاپۆڕەکەمان وەك توێکڵی کەستانە کەوتە ئەملا و ئەولا کردن. بەس دەنگی غلۆر بوونەوەی شووشەی مەی و کەوتنی کاڵاکان و گڕوگاڵی منداڵان دەهات... وای لێهات شەپۆڵەکان خۆیان گەیانـدە



سـەر ڕووی پاپۆڕەکـە. هـەموان لەبـەر خۆیانـەوە دەیـانوت: "کـەی (مەڕمـەڕە) لـەم وەرزەدا وا بـووە؟!". هاوار و ناڵەکان زیادیـان کـرد، هەر وەك چۆن شەپۆلەکان و هەژینی پاپۆڕەکەش زیادیان کرد.

لـەو کاتـەدا پیرەژنێـك هاتـە ناومانـەوە و هـاواری کـرد: "ئـەرێ خەریکە نغرۆ دەبین و لەناو دەچین، کەسێك نییە دوعایەك بزانێت؟".

کوڕە گەنجێك هەستایەوە، سەرەتا بانگێکی دا، ئینجا سێ جار سوورەی ئیخلاس و جارێك فاتیحەی خوێند و پێشکەشی ڕۆحی پێغەمبەرمان (دروودی خودای لێ بێت) و سەرجەم پێغەمبەرانی تری کرد. دوای ئەوە شایەتمانێکی بەکۆمەڵی پێهێناین و دواتریش هەندێك قسەی بۆ کردین. باسی ئەوەی کرد کە ئەمە ڕووداوێکی پەندئامێزە و بۆ ئەم وەرزە شتێکی سەیرە، هەبێ و نەبێ هۆشیار کردنەوەیەکی خوداییە، بۆیە دەبێت دەرس و عیبرەتی لێوەربگرین. لە گوێڕایەڵیی خەڵکەکە چاونەترسی گرتی و تەکلیفێکی کرد، وتی:

"ئەگەر بە هەوڵ و هیممەتی خودا، بە ساغ و سەلامەتی گەیشتینە بەندەری (یەلۆڤا)، هەمووتان بەر لە هەر شتێك لە مزگەوتی بەندەرەکە نوێژێك بکەن، دوای ئەوە بۆ کوێ دەچن بچن". هەموویان بە دڵ و بە گیان داواکەیان پەسەند کرد.

پاپۆڕەکە گەرچی نیو سەعاتێك دواکەوت، گەیاندینییە جێ. هێشتا دەریاکە دانەمرکابووەوە و شەپۆلەکان خۆیان لە بەندەرەکە نزیك دەکردەوە. کوڕە گەنجەکە بە خۆی و چەند کەسێکەوە ڕوویان کردە مزگەوتێکی ئەو نزیکە، سەدان کەسیش لە سەرنشینەکان، بۆ ئەوەی ساتێك زووتر بگەنە هاوینەهەوارەکان، بە هەڵەداوان خۆیان ئاخنییە تەکسییەکانی ئەو نزیکە...

ڕووناکیی هیوا لەنێو دڵاندا

بەدرێژایی مێژوو جڤاکێکی بێباوەڕ بوونی نەبووە، بەڵام تاکی بێباوەڕ لە هەموو دەمێکدا بووە. دەمەتەقێیەکی نێوان هەندێك کەس کە باوەڕیان بەوە نەبووە کە لەودیو سروشت و هۆکارەکانەوە خودایەکی خوڵقێنەر هەیە و بەسەریاندا زاڵە، بەڵکو ڕێککەوتە کەڕ و کوێرەکانیان بە کردگاری هەموو شتێك زانیوە، لەگەڵ پێشەوا جەعفەر – کە یەکێك لە نەوەکانی حەزرەتی عەلییە، بەڕوونی بوونی خودا دەسەلمێنێت. پێشەوا جەعفەر کەڵەزانایەکی ئیسلامە، بەو کەسانەی باوەڕیان بە خودا نییە دەڵێت:

– ئێوە قەت سواری کەشتی بوونە؟

ئەوانیش دەڵێن:

– بەڵێ.

– بینیوتانە کە شەپۆلێك لە کەشتییەك دەدات، چۆن ورد و خاشی دەکات؟

– بەڵێ.

یەکێکیان بەم جۆرە درێژەی دەداتێ:

– لە ڕۆژێکی زریاناویدا، سواری کەشتییەك بووم. بایەکی بەتین هەڵی کرد و کەشتییەکەی بە گاشە بەردێکدا کێشا، هەر پارچەی بە

لایەکدا برد و گەشتیارەکانی سەری هەڵدایە ناو دەریاکەوە. من خۆم بە دارێکەوە گرت، بەڵام دواتر شەپۆلێکی تر هات و دارەکەی لە دەست دەرهێنام، منیش کەوتمە بن ئاوە شڵەقاوەکەوە...

لێرەدا پێشەوا جەعفەر قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ:

- یەکەم جار کەشتییەکە و گەشتیارەکانی ناوی ورەیان پێ دەدایت، کە ئەوان ژێر ئاو کەوتن تۆ ئومێدت بە دارەکە هەبوو، باشە کە ئەویشت لە دەست نەما، چیت کرد؟ ئایا بێ ئومێد بوویت و خۆت ژێر ئاو خست، یان هێشتا ئومێدی ڕزگار بوونت مابوو؟

- هەر چەندە هیچ ئاماژەیەکی ڕزگار بوونم نەبوو، بەڵام هێشتا خوازیاری ڕزگار بوون بووم و بەو ئومێدەوە بەبێ وچان پەلەقاژەم دەدا.

– باشە، ئەگەرچی هیچ هێمایەکی ڕزگار بوون نەبوو، بەڵام تۆ هەر لەو باوەڕەدا بوویت ڕزگارت دەبێ. باشە ئومێدت بە کێ هەبوو بە هاناتەوە بێت و ڕزگارت بکات؟

– نازانم، هیچم بۆ نایەت!

– ئەوەی لە کاتێکدا هیچ هیوایەکی دەرباز بوونت نەما، هانی دەدایت بۆ وچان نەدان و بێ ئومێدی نەدەکردی، خودای گەورەیە. هەر چەندە کە دەرباز بوویت کەوتییە نکوولّی لێکردنی، بەڵام لە تەنگانەدا دڵەکەت بوونی ئەو پشتڕاست دەکاتەوە.

دوو مۆمیش بۆ من دادەگیرسێنیت؟



لەگەڵ خانمە یاریدەدەرێکی پرۆفیسۆردا لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆمان بوو، وتی:

–دەزانی کە منیش لە ئامادەیی بووم بێدین بووم؟ مامۆستای فەلسەفەمان زۆر بێدین بوو کاری کردبووە سەر گشتمان، هەموومانی هەڵگەڕاندبووەوە. ئەو کات لە پاریس قوتابی بووم و تا بڵێی لە ئاینەکەم نەشارەزا بووم. بەتایبەتی لەدوا پۆلدا عەجیب دەمم لە

بێدینی دەکوتا. بەڵام زۆر سەیر بوو، هەموو جارێك كە وتارم دەدا لە ناخەوە زۆر هەستم بە پەشیمانی دەكرد و لە دڵەوە دەموت: "بمبەخشە، بمبەخشە".

ئان و ساتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بوو. لە ڕۆژانی پێش تاقیکردنەوەی ئەو وانانەی کێشەم تیایاندا هەبوو، وەکو هاوڕێ دیانەکانم دەچووومە کڵێسا، لەوێ مۆمم دادەگیرساند و نزای سەرکەوتنم دەکرد. ئەگەرچی خۆم بە بێباوەڕ دادەنا، بەڵام خۆمم لەچوونە کڵێسا پێنەدەگیرا. بۆیە لای هاوڕێکانم خۆم بە شەرمەزار دەزانی و ڕوویانم نەبوو. ئەوان لە من زیاتر لە بێباوەڕییاندا ڕاستگۆ بوون، هاوپۆلێکم کە کچی باڵیۆزی هەنگاریا بوو، بە بێباوەڕترین کەس ناسرابوو. ڕۆژێك لە بەردەم کڵێسا بینیمی زۆر هەستم بە شەرمەندەیی کرد بەڵام بەسەر خۆممدا نەهێنا، لێی پرسیم:

– ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

– دەچمە کڵێسا، مۆم دادەگیرسێنم.

– دەتوانم داوایەکت لێبکەم؟ تکایە دوانیش بۆ من دابگیرسێنە.

واقم وڕما، ئەو قسەیەی بەجددی بوو. داواکەیم بەجێ گەیاند، بەڵام لەوساوە بۆم دەرکەوت کە بێباوەڕان لە بێباوەڕییاندا ڕاست ناکەن، ئەوانیش لە ناخەوە هەڵگری بیروباوەڕێکن.

لێم پرسی:

– باشە چۆن لە بێباوەڕی ڕزگارت بوو؟ چۆن خودات دۆزییەوە؟

– هەر وەك بۆم باس كردییت، هەر جارێك باسم لە نكوولّی كردن لە خودا دەكرد، ترسێكی لە ڕادە بەدەر دایدەگرتم. ئەو ترسە هێندە بەهێز بوو چۆكی پێدادەدام، خۆم پێنەدەگیرا نەڵێم: "بمبەخشە". دوای ئەوەی بە هەست كردن بە پەشیمانییەكی زۆرەوە لەبەر خۆمەوە دەموت: "بمبەخشە، بمبەخشە"، تا ڕادەیەك هەستم بە حەسانەوە دەكرد.

دواتر دەموت:

– باشە ئەگەر خودا بوونی نییە، ئەی ئەم ترسە بە چۆك هێنەرە چییە؟ لە كێ و لە كوێوە دێت؟ بۆچی دەترسم؟ كەس لە شتێك دەترسێ بوونی نەبێت؟ مادام ترس لە شتی نەبوو نییە، كەواتە خودایەك هەیە.

بەڵێ، دوای ماوەیەك وتم: "خودا هەیە" و ئیی دی ڕزگارم بوو. ئێستاكە زۆر ئاسوودە و دڵخۆشم. لە خودا بە زیاد بێ كەموكوڕییەكانم پڕ كردەوە و ناخم كامڵ بوو.

بوار نییە بۆ نکووڵی کردن

زانایەکی تر دەگێڕێتەوە:

"ئەز باوەڕم بە بوونی خودا نەبوو، بەڵام تەنانەت لەو کاتەدا کە بێباوەڕیم لە چڵەپۆپەدا بوو کە دەگەڕامەوە زێدی خۆمان دەچوومە سەر گۆڕی باوکم. خۆم پێنەدەگیرا فاتیحەی بۆ نەخوێنم. هەموو جارێك بە خۆمم دەوت: باشە بۆ فاتیحە دەخوێنم؟ کە من بێباوەڕم ئەم فاتیحە خوێندنە چییە؟ بەڵام هەرگیز جارێك نەبووە، خۆم پێگیرابێ فاتیحە نەخوێنم..."

بەڵێ، ئەوەندە هەیە کە تەنانەت لە دڵێکی بە خۆڵەمێش بوویشدا، بوونی ئەو دەورووژێت و خۆی دەردەخات و باوەڕ دەدرەوشێتەوە.

یەکێکی تریش کە پەی بەمە بردبوو، باسی چۆنیەتیی باوەڕهێنانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە، پێم وت:

– دەتوانی پوختەی ئەو هۆکارانەم بۆ باس بکەیت کە وایان لێکردی باوەڕ بە خودا بێنیت؟

– ئەوەی وای لێکردم باوەڕ بە بوونی خودا بێنم، بوونی خودا بوو. واتە هیچ بیانوویێکم بۆ نکوولّی کردن لە بوونی نەدەدۆزییەوە. بوونی ئەو ئەوەندە ڕوونە، دڵم ئەوەندە حەوجەی باوەڕ پێبوونییەتی نەمتوانی بڵێم بوونی نییە. یەکەمین و سەرەکیترین هۆکاری باوەڕ پێهێنرانی، خودی خۆیەتی.

بەڵێ، بە دەستەواژەی کۆن: «ئەوەندە ڕوونە، لە ڕوونیدا لێڵ بووە». واتە ئەوەندە بەڕوونی دەبینرێت وای لێهاتووە نەبینرێت. ئەها وەك چۆن هەندێك جار لەبەر ڕەونەقداریی، ناتوانین لە هەتاو بڕوانین. ئەگەر بشوێرین تێی بڕوانین، لەبەر چاومان ڕەش دەبێت و نایبینین.

ماوەتەوە بڵێین: کاتێك باوەڕداری و بێباوەڕی بەراورد دەکەین، ئایا هەق وا نییە مرۆڤ باوەڕ هەڵببژێرێت؟ مرۆڤی بێباوەڕ کاتێك ئەو هێزە مەزنە – کە هی پشت پێبەستنە – لە دەست خۆی دەدات، چەند سەرلێشێواو دەبێت؟ هەرچی مرۆڤی باوەڕدارە ئەوە لە دڵنیایی و ئاسوودەییەکی فرەدایە.

ئەو ئاسوودەیی و سەرڕەحەتییەی بڕوا و متمانە بوون و پشت بەستن بە خوڵقێنەرێك – کە زانست و توانای بێکۆتایە و لە سۆز و بەزەییدا هاوشانی نییە – دەیبەخشێت، کەم نییە. لەبەر ئەوە مرۆڤی باوەڕدار سەرسووك و ئاسوودە و دڵخۆشە، بە هێنانە جێی

ئەو پەرستشانەی باوەڕەکەی دەیخاتە سەر شانی ئاسوودەیی دڵ و دەروون و خۆشیی مەعنەویی دەستەبەر دەکات.

ئەی کەسی بێباوەڕ متمانەی بە چی هەبێت و پشت بە چی ببەستێت؟ لەبەر ئەوەی دڵی پڕ نییە لە ئەوینی خودای گەورە، دڵ و گیانی بێبەرەکەت دەبێت و کەسایەتییەکی خۆپەرست و ناقۆڵا و هەڵەشەی لێدەردەچێت.

چیمان لە باوەڕداریی دەست دەکەویت؟

لە بارەی باوەڕ بوون بە خوداوە، مرۆڤ هەر هیچ نەبێت دەبێت وەکو (پاسکاڵ) بیر بکاتەوە. ئەم زانا هێژایە دەڵێت:

" مرۆڤ بە باوەڕ بوون بە خودا هیچی لە کیس ناچێت، بەڵام بێباوەڕی بەڵا بەسەر مرۆڤدا دێنێت. چونکە ئەگەر هات و خودا هەبوو، بێباوەڕ چیی بەسەر دێت؟"

بەڵێ، ئەرێ بەڕاست، مرۆڤی باوەڕدار هیچ لەدەست دەدات؟ کەسێك باوەڕ بە خودا بێنێت و لەبەر ئەو ژیانی ڕێکوپێك بکات و خۆی لە خراپەکاریی بەدوور بگرێت و پەرستشەکان ئەنجام بدات زەرەر دەکات؟ بۆ خۆی ژیانێکی سەربەرزانەی پڕ لە خۆشی و شادی بەسەر دەبات، لەولایش بەهۆی بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوداوە،

شایانی ئەو بەهەشتە دەبێت کە خودا گفتی پێداوە. تەنانەت ئەگەر ئەوەی کە نکوولێکارانیش دەیڵێن ڕاست بێت و خودا بوونی نەبێت، باوەڕدار چیی لە دەست داوە؟ بەڵام ئەی ئەگەر هەبوو، حاڵی خۆیان چۆن دەبێت؟ بەهۆی ئەوەی لە دونیایشدا خۆیان داوەتە دەست ئارەزووەکانیانەوە و ژیانێکی سەرشێتانە و بێسەروبەر دەگوزەرێنن، ئەم ژیانەشیان خۆشیی تێدا نییە... بەڵێ، مرۆڤی ژیر هەر هیچ نەبێ، هەق وایە وەکو پاسکاڵ بیر بکاتەوە...

بەندەی کێیت؟

هەستی ئاینداریی و پێویستیی باوەڕداریی، لەو کاتەوەی کە مرۆڤ دێتە دونیاوە هەیە. لەو سۆنگەیەوە باوەڕ ئەو هەستە ڕەگ داکوتاوەیە لە ناخی مرۆڤدا کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، بەو مانایەی کە کاتێك خودا مرۆڤی بەدیهێناوە، لەسەر پێویستیی باوەڕ بە خودا بەدیهێناوە. بۆیە مرۆڤ نەیتوانیوە و ناشتوانێت ئەو باوەڕەی – کە بەشێکە لە بونیادی جارانی سفر بکات و لای بداتە لاوە. بەکورتییەکەی مرۆڤ ناچارە باوەڕ بهێنێت. ئاینیش بۆ مرۆڤ نەك هەر پێویستە و بەس، بەڵکو بێ ئەو نایکرێ، ئەو خۆراکە سەرەکییەیە کە مرۆڤ بێ ئەو نایەتە بوون.

باوەڕ خۆراکی دڵ و گیانمانە. گیانی بێباوەڕ کورتەبنە و بێهێزە، بۆیە ڕەنگە بگاتە ئاستێك نەتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. مرۆڤی بێباوەڕ ئاسایی نییە، وەك بڵێی دەستی لە مرۆڤایەتی کێشاوەتەوە و بووە بە ئافەریدەیەکی دیکە.

* * *

باسی ئەوەم بۆ قوتابییەکانم کردبوو، کە باوەڕ بە خودابوون بۆ مرۆڤ پێویستییەکە، ناکرێ دەستبەرداری ببێت. نزیکەی هەفتەیەك دوای ئەوەی ئەم باسەم بۆ کردبوون، (شوکران) کە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا بوو، لە کاتی پشووی نێوان وانەکان هاتە لام و وتی:

– مامۆستا! تۆ لە وانەی ڕابردوومان‌دا باسی ئەوەت بۆ کردین کە ئاین پێویستییەکی بنەڕەتییە و مرۆڤ بێ ئەو نایکرێ. بەڵام دوێنێ خزمێکی دوورمان هات بۆ ماڵمان، دەیوت: "من باوەڕم بە هیچ شتێك نییە". منیش بە پشت بەستن بەو شتانەی تۆ بۆت باس کردبووین، وای بۆ چوومە کە مرۆڤی ئاسایی بێباوەڕ نابێت.

– شوکران! دوور نییە ئەو خزمەتان کێشەی هەبێت و لە بارێکی دژوار و نالەباردا بێت، چونکە هەندێك جار مرۆڤ کە دەکەوێتە ئەو بارانەوە، ڕووبەڕووی زریانێکی بێباوەڕی دەبێتەوە، هۆکاری سەختییەکانی ژیان و پشێوییەکان دەخاتە پاڵ قەزا و قەدەرەوە،

دەکەوێتــە نکــووڵی کــردن لــە هــەر چــییەك کــە هەیــە بــە خــودای گەورەشەوە.

– مامۆستا! ئەو وا نییە، ئەوەی کێشە بێ نییەتی. بەپێچەوانەوە زۆر دڵخۆش دیارە. کەچی بـەردەوامیش دەڵێـت: "بـاوەڕم بـە هیچـێ نییە، باوەڕداریی لەم سەردەمەدا کۆنەپەرستی و دواکەوتوویيە".

داوام لە شوکران کرد بـە دیـداری خزمەکـەیانم بگەیـەنێت، چـونکە ئەگەر بێت و لە نزیکەوە بیناسم، ڕەنگە بتوانم شتێکی لەگەڵدا بکـەم. بەڵام چـەند ڕۆژێـك دواتـر، شـوکران پێـی ڕاگەیانـدم کـە خزمەکـەیان نایـەوێت بمبینـێ. زۆرم پـێ سـەیر بـوو، تـۆ بڵێـی لەبـەر چـیی بێـت. شوکران دوای چەند ڕۆژێکی تر هۆکەی زانی، وتی پێی وتوومە:

– بۆ دەبێ لەگەڵ مامۆستای ئایندا بەیەك بگەین؟ مـن پێشـتریش پێم وتبووی بـاوەڕم بـە هـیچ شـتێك نییـە. تـۆ بـەهۆی دینداریيتـەوە لەگەڵم دەکەوتیتە بێنـە و بـەردە و بـە قسـەکانم نیگـەران دەبوویـت. دڵنیام مامۆستاکەشت قسـەی لەگەڵدا بکـەم نیگـەران دەبێـت و دڵـی دەشکێت.

بە شوکرانم وت قەی ناکا با دڵیشم بشکێنێ، بەڵام مـن هـەر دەبـێ پێی بگەم. ئەوە بوو دوای هەفتەیەك لـە مـاڵی شـوکراندا لەگـەڵ ئـەو کەسەدا بەیەك گەیشتین. بەڵام ئەم پیاوە –کە نـاوی (ئیلتـەر) بـوو– بەر لە هەر شتێك وتی:

– تکایە با دوور لە باسی دین و ئیمان قسە بکەین.

دەست پێکردن بەم قسەیە ئەوەی دەگەیاند کە بڕوای بە بیر و بۆچوونەکەی خۆی نییە، بۆیە نەیدەویست خۆی لەقەرەی ئەو باسە بدات. کەوتینە باسی ئاو و هەوا، بەڵام باسەکە هەر هاتەوە سەر مەسەلەی باوەڕ. ماڵەکەش حەزیان لێبوو بچینە سەر ئەو باسانە.

وتم:

– کاک ئیلتەر! ئەگەرچی حەز بەو باسە ناکەیت، بەڵام خۆ وا دەبینیت قسە بۆ هەر لایەک دەبەین، هەر دێتەوە سەر باوەڕ. بە ڕوخسەتت با کەمێک ئەو باسە بکەینەوە.

ئەندامانی ماڵەکەش وتیان:

– دەی یەڵڵا با قسەی لەسەر بکەین. خۆ هەر جارێک ئەم کاک ئیلتەرە بێتە ئێرە ئەو باسە دەکاتەوە و لەگەڵ شوکرانی ئێمەدا دەبێتە شەڕیان. حەز دەکەین لەم بارەیەوە گوێمان لە تۆیش بێت.

بەم قسانە کاک ئیلتەر هەڵسایە سەر پێ و وتی:

– کە وا بوو ڕوخسەت بە من بدەن بڕۆم... من نامەوێ ئەمڕۆ قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم.

بەزۆر دامنیشاندەوە، پێم وت:

– منیش حەز ناکەم قسە بۆ یەکێك بکەم ئامادە نەبێت گوێم لێبگرێت، بەڵام ئەگەر بە زەحمەتی نازانیت، حەز دەکەم بزانم بۆچی

ئەو بابەتی باوەڕەی هەموو جارێك قسەی لەسەر دەکەیت، ئێستا ئامادە نیت لای من قسەی لەسەر بکەیت؟

ماوەیەکی باش بێدەنگ بوو و کەوتە بیرکردنەوە. ئینجا وەك ئەوەی بەزۆر قسەی پێ بکرێت، وتی:

– قوربان گیان! من باوەڕم بە هیچ شتێك نییە. پێم وایە هەموو بیروباوەڕێك پڕوپووچە، باوەڕداریی کۆنەپەرستییە و لەم سەردەمەدا جێی نابێتەوە. نابینی پارە و ماڵ و سامان چارەی هەموو کێشەیەك دەکەن؟! چ ئیشێك جێبەجێ نابێت، بە پارە دەبێ. هیچ دەرگایەکی داخراو نییە پارە نەیکاتەوە. بەکورتییەکەی لە پارە بەولاوە هیچی ناناسم. پێشان باسی هێزی باوەڕ دەکرا کەچی ئەمڕۆ باس باسی هێزی پارەیە. پارەت هەبێت هەموو شتێکت هەیە... هەموو خەڵك بەندە و نۆکەرتن. ئەگەر نەشتبێت لە خۆت بەدبەختتر نادۆزیتەوە، ژیانت بەفیڕۆ دەڕوات. با درێژەی نەدەمێ، لای من تەنها پارە گرنگە. ئێوە کە بە باسوخواسی باوەڕەوە خەریکن، دڵنیام ئەگەر کارێکی دیکەتان دەست بکەوتایە خۆتان بەمەوە خەریك نەدەکرد. ناپلیۆن چی دەڵێ؟:"پارە، پارە، پارە". بەڵێ ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەوەی لەم دونیایە حوکم دەکات و هەموو شتێك لە نەبوونەوە دێنێتە بوون تەنها پارەیە. من شتێکی تر شك نابەم...

له بەرانبەر ئەم دەمار هەڵسان و قسە ڕەقانەیدا، وتم:



– شوکران بەهەڵە باسی تۆی بۆ کردبووم، بگرە خۆیشت بەهەڵە لە خۆت گەیشتوویت! چونکە پێت وایە بێباوەڕیت و باوەڕت بە هیچ شتێك نییە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە تۆش باوەڕت بە شتێك هەیە، کە ئەویش پارەیە و، ئەو سیفەتانەی ئێمە بۆ خودا دانمان پێداناون، تۆ دەیاندەیتە پاڵ پارە.

به دەستەواژەیەکی دی پارەت لە جێی خودا داناوە. چونکە بە بۆچوونی ئێمە خودا ئافرێنەری هەموو شتێکە و هەر ئەویش بەسەر هەموویاندا زاڵە. بەڵام تۆ پێت وایە ئەوە پارەیە وایە... ئێمە پێمان وایە هێز و توانای خودا بێکۆتایە، تۆ پێت وایە هی پارە... کورتییەکەی ئێمە خۆمان بە بەندەی خودا دەزانین، بەڵام تۆ خۆت بە بەندەی پارە دەزانیت. هەر بۆیە تۆیش هەڵگری بیروباوەڕێکیت، بەڵام بیروباوەڕێکی هەڵە... چیدی مەڵێ باوەڕم بە هیچ شتێك نییە.

کاك ئیلتەر وتی: "ڕەنگە وا بێت" و هەڵسا و لێیدا ڕۆیی. منیش بە شوکرانم وت:

- بیر و بۆچوونەکانی ئێمە هیچ هەڵەیەکیان تێدا نییە... خۆ دەبینیت، تەنانەت ئەو کەسەی بانگەشەی ئەوەش دەکات کە باوەڕی بە هیچ شتێك نییە، لە ڕاستیدا باوەڕی بە شتێك هەیە، وەلێ پەی بە باوەڕدارییەکەی نابات. بەم جۆرە لەم سەر زەوییەدا کەسێك نابینیتەوە بێباوەڕ بێت. ئیی تر هەیە شوێن بیروباوەڕی هەڵە کەوتووە، هی وایش هەیە لە نەفامی و نەزانییەوە سیفەتەکانی خودای گەورەی داوەتە پاڵ شتانی دی.

- بەڵام مامۆستا! باشە بۆ دەبێت لەم سەردەمەشدا خەڵکی هەڵەی وا بکەن؟ هەر چۆنێك بێت با چاو لە بەندایەتی کردنە گاڵتە ئامێزەکانی سەردەمانی کۆن -وەك بت پەرستی- بپۆشین، بەڵام چۆن دەبێ ئێستا و لەم سەردەمەدا شتی وا بکرێ؟...

بەو پێیەی هێشتا زمانی تەتەڵەی دەکرد، پێدەچوو شوکران هێشتا بەسەر تووڕەیی لە کاك ئیلتەر زاڵ نەبووبێت.

- کچی خۆم! هەر چەندە مرۆڤی ئەم سەردەمە بە چاو هی جاران لە گەلێك ڕووەوە پێشکەوتووترە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە هەنگاوێکیش چاخە یەکەمینەکانی تێنەپەڕاندووە. بۆ نموونە: سەیری کاك ئیلتەر بکە خوێندوویەتی و بووە بە ئەندازیارێکی گەورە، بەڵام لە مەسەلە ئاینییەکاندا لە بنی بنەوەیە! لەسەر ئەم مەسەلانە نە شتێکی خوێندووەتەوە و نە بیرێکی جیدییشی لێکردووەتەوە. لە

قوتابخانــه و خێزانیشــدا هیچــی لــێ فێــر نــەکراوە. وای لێهــاتووە سەرەڕای ئەوەی ئەندازیارێکی گەورەیــە، بــەڵام لــە مەســەلەی بــاوەڕ هەر ئەوەندەی منداڵێکی گچکە تێدەگات...

لێرەدا شوکران هاتە گۆ:

– وەڵڵاهی مامۆستا! منداڵێکی گچکەش لەو زیاتری لێ دەزانێـت. ئەوەتا برازا حەوت ساڵانەکەشم سەری لە بوونی خودا دەردەچێت!



– شــوکران! مێشــکی خــۆت بــە کــاك ئیلتــەرەوە خــەریك مەکــە، چونکە ئەوە هەر ئەو نییە کە لە مەسەلەی باوەڕ ناگـات. نابینیـت لـە هیندستاندا هێشتا مانگا دەپەرستن؟ مەگـەر مانگـا بـە خـودا زانـین کەم گاڵتەجاڕییە؟! خۆ ئەوانیش نەوەی ئەم سەردەمەن.

شوكران ديسان خۆی پێنەگیرایەوە و وتی:

- بە خودا مامۆستا! ئەمانەش لە كاك ئیلتەر چاكتر نین... ئەگەر زیاترت لێ بپرسم، هەر مەگەر خودا بزانێ چ گاڵتەجارییەكی دیكەی سەردەممان بۆ باس دەكەیت!

- ڕاستە، شوكران! ئەم سەردەمە لەم بارەیەوە گاڵتەجاریی وای تێدایە ئەقڵ نایبڕێت... ئەگەر باسی ئەوەت بۆ بكەم كە لە وڵاتێكی پێشكەوتووی وەك ئەمریكادا كەسانی وا هەن، ئاگر و شەیتان و دار و گێلەپیاو دەپەرستن، باوەڕ دەكەی؟! هیچ گومانت نەبێ لەوەی لەو جۆرە مرۆڤانە هەن...

هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن كە ئاین و باوەڕداری لە پێویستییە سەرەكی و بنەڕەتییەكانی مرۆڤن. مرۆڤ هەرگیزا و هەرگیز بێ ئەو نایكرێ.

مرۆڤ ئەگەر ئاین و باوەڕی ڕاست نەدۆزێتەوە -وەكو ئەو برسییەی لە برسا پڕ دەداتە دار و بەرد- پەنا بۆ ناماقووڵترین بیروباوەڕ دەبات، چونكە ناتوانێت بێباوەڕ بێت.

بۆیە ئێمە لە بەرانبەر ئەوەی نەكەوتووینەتە شوێن ئەو بیروباوەڕە بێمانا و قۆشمانە و، بەڵكو لەسەر دوایین و ڕاسترین ئاین كە ئیسلامە هێنراوینەتە بوون، چەند شوكرانەی خودای گەورە بكەین هەر كەممان كردووە.

لـه وانـەی ئـاینی دوای ئـەم دانیشـتنە، ئـەرکێکم بـە قوتابییـەکان سپارد. ئەرکەکە ئەوە بوو بەدوای ئەو شـیعرانەدا بگـەڕێن کـە بـوونی خودا دەسەلمێنن، دواتر بێن و بـەڕیز لـە پۆلـدا بیانخوێننـەوە. گفـتی ئەوەشم پێدان ئەو قوتابییەی شیعرەکەی بە دڵی زۆربـەی قوتابییـان بێ، کتێبێکی بە دیاری پێشکەش دەکەم.

پاشی هەفتەیەك، یەکێك لەو دە شـیعرەی لـە پۆلـدا خوێنرانـەوە، زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. شیعرەکە (مـەتین) هـاوردبووی و هەر خۆیشـی خوێندییـەوە، بەڕاسـتی شـیعرێکی خـۆش بـوو. لەسـەر داوای زۆرینـــەی قوتابیـــان شـــیعرەکەم لـــە دەفتەرەکانیانـــدا پێنووسینەوە. وا بزانم ئێوەش تامەزرۆی بوون، وا نییە؟ دە مادام بـا ئەویش بخەمە نێو یادداشـتنامەکەمەوە. بـزانم ئێـوەش پێتـان خـۆش دەبێت؟

خۆشەویستیی خودا*

کێیە بەیانییان سەر لە نوێ جارێکی تر دێنێتەوە
خۆری گەش نمایش دەکا و دونیا ڕووناك دەکاتەوە؟
شەوان ماهی نووریــن، هێمن بەسەر دەریادا ڕادەکشێ
کێیە ڕۆژانە ئەم کارە وەك خۆی دووپات دەکاتەوە؟

ئەو نەمامەی لە زستاندا وا ئەزانیت کە مردووە
بە ئەمری کێ جارێکی تر بەهار چرۆی پێ کردەوە؟
بولبول پڕ بە دەنگ دەخوێنێ و دارستان دەکاتە لانەی
کێ ئاواز و سەدا و نەزمی، ئا بەم جۆرە پێبەخشیوە؟

هەستی ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئێوە، لەلایەن دایکتان
یاخود دەنگی شیفابەخشی دڵ و دەروون، هەم ڕۆحتان
چ وانەیەك هێندە جوانە، هەمیشە ڕووی لە دڵتانە
گشت ئەم هەموو مانای مانە، ئەوە کێ دەیبەخشێ پێتان؟

ئەو دەمــــەی هێشــتــا نـازانــن مــانای گـەل و نیشـــتمان
خۆشەویستی و سۆزی ئەوان، دەخـاتە نێو پـەڕەی دڵتــان
کێیـــــە ئومێـــدی هێنـــانی دەخـاتــە نێـو دڵتــانەوە
کـە دەکـەن داواکـاریــی شـتێکـی جــوان لــە بـاوانتان؟

کـە مەغریب دێ و تاریکـی لەگەڵ خۆی دێنێ، ئـەوە کێیـە؟
ئاسمانێك پڕ ئەستێرەی جوان، ڕووناکی و هەم نووری پێیـە
ئـەوەی کـە ورد و درشـتی گشـــت ئەمــانەی هێنایـە بـوون
بەدیـهێنـەر و جوانـکـاریــان، بێشــك هــەر تەنهــا خودایـە[1]

ئیبراهیم عەلائەددین گۆڤسا

١- شاعیری هەست ناسك مامۆستا (گۆران عەباس) ئـەم شـیعرەی بـە دەسـتکارییەکی کەمەوە سەر لە نوێ هۆنیوەتەوە.

بۆچی ناتوانین خودا ببینین؟

دوای ئەوەی مەتین شیعرەکەی زۆر بەجوانی و هەست بزوێنییەوە خوێندەوە و قوتابییەکانیش لە دەفتەرەکانیاندا نووسییانەوە، (ئەردەم) کە لە هەموویان زیاتر بەمەراق بوو، دەستی بەرز کردەوە:

– بلێ ڕۆڵە.

– مامۆستا! ئەگەر تووڕە نەبیت، دەمەوێت پرسیارێك بکەم.

– ئەردەم! تا ئێستا بینیوتە لە پرسینی هیچ پرسیارێك تووڕە ببم؟!

– نەخێر مامۆستا! تۆ بە هیچ پرسیارێك تووڕە نابیت، بەڵام دوور نییە بەوەی ئێستا دەیپرسم تووڕە ببیت. چونکە پرسیارەکەم دەربارەی شتێکە کە تا ئێستا لە هەموو شتێك زیاتر باست کردووە.

– ئەردەم! بە پرسیارەکەت تووڕە نابم، مادام لە شتێکیشە کە زۆرم باس کردووە ئەوە هەر تووڕە نابم. باسێك زۆر لەسەری ڕۆیشتبم، مانای وایە گرنگترین باسە. من بۆ نموونە زۆر لەسەر باسی باوەڕ بە خودا ڕۆیشتووم. ئەگەر پرسیار لەسەر ئەمە بکەن، نەك هەر تووڕە نابم، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆریش سوپاستان دەکەم. چونکە **تا ئەو کاتەی بەباشی خودا نەناسریێ، بوون بە موسڵمانێکی تەواو مەحاڵە.** یەکەمین و سەرەکیترین بابەت لە ئاین و باوەڕیشدا، هەر باوەڕبوون بە خودایە. مرۆڤ بەدیهێنەری خۆی وەکو پێویست نەناسێت چۆن دەتوانێت بژی؟ بۆ کەسێك ئەقڵی لە جێی خۆی بێت گەورەترین کەموکوڕی ئەوەیە بەو خودایە نەزانێت کە ئەوی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون.

لەم گۆشەنیگایەوە، چاوەڕوانی هەموو پرسیارێکتانم کە ببێتە هۆی باشتر ناسینی کردگاری مەزنمان. چونکە من دەمەوێت ئەم بابەتە بەتەواوی لە دڵ و مێشکتاندا جێی خۆی بگریێ. باوەڕ هێنان بە خودا گەورەترین و گرنگترین هەقیقەتە. ئێمەی مرۆڤیش گرنگترین و لەپێشترین ئەرکی سەرشانمان، ناسینی و باوەڕ پێهێنانییەتی. ئەمە گەورەترین ئامانجی ژیانیشمانە.

دەی ئەردەم، چاوەڕوانی پرسیارەکەتم...

– مامۆستا! ئەوە دوو ساڵە بە چەندین نموونەی جۆراوجۆرەوە باسی بوونی کردگارمان بۆ دەکەیت. وا هەست دەکەم من و سەرجەم هاوڕێیانیش بابەتەکەمان باش هەرس کردووە. بەڵام پرسیارێك مێشکمی تەنیوە، ئەویش ئەوەیە:

«ئەو خودایەی هیچ گومانێك لە بوونی نییە، بۆچی ناتوانین بە چاوانمان بیبینین؟»

ئەگەر لەبری ئەوەی بە نموونەگەلی زۆر و دوور و درێژ بوونی دەربخرێ، بمانتوانیبایە بوونی خۆی ببینین باشتر نەدەبوو؟ ئەوسا هەموو کەسێك بیویستایە و نەیویستایە، ناچار دەبوو دان بە بوونیدا بنێت.

– ئازیزەکانم! لە دڵەوە سوپاسی ئەردەم دەکەم بۆ ئەم پرسیارەی. چونکە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندین، جارێکی دی سەراپای بابەتێکی زۆر گەورە و گرنگ دووبارە بکەینەوە. ئێستا با لە پرسیاری «**بۆچی ناتوانین خودا ببینین؟**»ەوە دەست پێبکەین...

ئەوە ڕاستە کە لەم دونیایەدا، ناتوانین بە دیدەکانمان زاتی خودا ببینین. ئایا ئەگەر بمانبینیایە باشتر نەدەبوو؟ نەخێر باشتر نەدەبوو، چونکە ئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە. ئایا ئەگەر وەکو ئەوەی ئەردەم دەیڵێ؛ **خودامان بە چاوانمان بدیبایە، هیچ بەهایەك بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕ بەخودا دەما؟** لەبەر

ئەوەی بەڕوون و ئاشکرایی دەبینرا، هەموو کەسێك بیویستایە و نەیویستایە دەبوایە باوەڕی پێبهێنایە. بەم جۆرەش هیچ بەهایەك بۆ باوەڕ پێهێنانی لە ڕێی خستنەگەڕی ئاوەز و دونیایەك ڕێی زانستی نەدەما.

حەز دەکەن با وا بیر بکەینەوە: ئەگەر ئەستێرەکان هەموو شەوانێك چەشنی تابلۆ ڕووناکەکانی ڕیکلام، بیاننووسیبایە خودا هەیە، کێ دەیتوانی بڵێت نییە؟ گومانی تێدا نییە کە هەموو کەسێك ناچار دەبوو باوەڕ بێنێ، وەلێ ئەم باوەڕ هێنانە هیچ سەنگێکی نەدەبوو لە هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی مرۆڤدا. بەم شێوەیەش تاقیکردنەوەی دونیایی تێکدەچوو. ئەمە وەك ئەوە دەبوو پرسیارێکتان بۆ بێنمەوە، بەڵام ئەو وەڵامەی کە دەمویست بیدۆزنەوە، بە جۆرێك لەسەر تەختە ڕەشەکە بمنووسیایە کە هەمووتان بیبینن! ئایا ئەو کات وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە نیشانەی زیرەکی دەبوو؟!

بەڵام ئەگەر هەندێك سەرەداوتان بدەمێ، ئیتر وەڵامەکە خۆتان بیدۆزنەوە ئەوە زیرەکی و ئازایەتییە. هەر وەك لەم نموونەیە ڕوون بووەوە، بە چاو بینینی خودا تاقیکردنەوەی دونیای تێکدەدا و بەهای ناسین و باوەڕ پێهێنانی کەم دەبووەوە. بەڵام لەم بارەی

ئێستادا دۆزینەوە و ناسینی ئەو خودایەی کە نابینرێ لە رێی ئـەقڵ و تێگەیشتنەوە گەورەترین و گرنگترین بەندایەتییە.

خـودا نایەتــە بیـنین، بـەڵام بـیر و هۆشـی پێـداوین تـا بتـوانین بیدۆزینەوە. هەر بۆیە شێتەکان ئەم بەرپرسیارێتییەیان لەسـەر شـان نییە. کەواتە یەکەم ئەرکی ئاوەزمان ئەوەیە ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە ئەوی پێداوین.

کە قسەم گەیشتە سەر ئەمە، (شوعلە)ی چـاودێری پـۆل دەسـتی هەڵبڕی. شوعلە پرسیار یان قسەیەکی گرنگی پیَ نەبوایە، ئـاوا خـۆی نەدەخستە ناو قسەوە. چونکە زوو زوو پـێم دەوتنـەوە: "رۆڵـەکانم! ئەگـەر لـە گەرمـەی باسـێکی گرنگـدا بـووین، دەسـت هەڵمـەبڕن و نەتانەوێ قسە بکەن. چـونکە ئەمـە وەك ئـاو کردنـە بـۆ نـاو چێشـتی کولاو و، لیمۆ کردنە قسەی شیرین و ترشاندنییەتی."

- بڵێ، کچەکەم!...

- مامۆستا! ئایا چاو تاکە ئامرازی بینینە لە مرۆڤدا؟

ئـــەم وتەیـــە بـــەهۆی تێنەگەیشـتنیانەوە لێـی بـووە هـــۆی غەڵبـــە غـــەڵب لـــە پۆلەکەدا.

– بێدەنگ بن تا شوعلە مەبەستەکەی زیاتر ڕوون بکاتەوە. باشە شوعلە بە چ ئەندامێکی هەستی دیکەمان دەتوانین ببینین؟

– بۆ نموونە هەسی دەست لێدانیش دەتوانێت ببینێ. ئەوە نییە ئەوانەی چاویان نابینایە، لە ڕێی دەستەکانیانەوە دەبینن... واتە لە ڕێی دەست لێدانەوە جۆرێك بینین بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن. کەواتە بەعزێ جار هەستی دەست لێدانیشمان دەبینێت و لە شتان تێدەگات.

زمانەکانیشمان هەر دەبینن. بۆ نموونە ڕێی تێگەیشتن لە تامی هەر جۆرە میوەیەك، لە ڕێی بەکارهێنانی زمانمانەوەیە نەك ڕوانین بە چاوەکانمان. کەواتە ئەو ئەندامەی لەشمان کە تامەکان دەبینێت زمانمانە.

«ئافەرین»م بۆ شوعلە کرد و نەکرد، مەتین دەستی هەڵبڕی:

– مامۆستا! بەو حیسابە بێت، لووتیشمان بۆن دەبینێ، وا نییە؟ کەواتە لووتیش چاوی بۆن کردنە.

– بێگومان، وایە... ئەگەر لووتمان –کە پسپۆری بۆن کردنە– نەبوایە، نەماندەتوانی بۆنی هیچ گوڵێك بکەین. لە سایەی لووتمانەوە بۆن و بەرامەکان بەدی دەکەین.

ئـيتر وای لێهـات پۆلەکـە هـەمووی پێکـەوە وتـی: "گـوێیش ئـەو چاوەمانە کـە دەنگەکان دەبینێـت"، بـەم جـۆرە هـەموو تێگەیشـتن شوعلە دەیویست قسەکانی بە کویَ بگەیەنێت.

– ئازیزەکـانم! باشـە، چـۆن دەتـوانین بابەتەکـەمان بـەم هـەموو نموونەیەوە ڕوون بکەینەوە؟ ئەوەی لە یەك ڕسـتەدا کـورتی بکاتـەوە (دە) نمرەی دەدەمیَ.

وەك بڵێی، هەموو پۆلەکە دەستی بە هـەواوە بـوو. لەبـەر ئـەوەی نمـرەی تێـدا بـوو، هەنـدێك هــەر بــە دەســت بەرزکردنــەوەوە نەوەستابوون، بەڵکو هەڵیشسابوونەوە سەر پێیان. ڕێگەم بە عـەلی دا قسە بکات، خوا هەڵناگریَ وەڵامەکەی زۆر جوان بوو:

– مامۆسـتا! ئـەوەی ڕاسـتی بێــت، ئێمــە خــودای گــەورە دەبیــنین. بــەڵام ئــەو چــاوەی دەیبیـنیَ چـاوی ئەقڵمانـە. وەك چۆن لە تامی سێو بە زمـان، و لـە



بۆنی گوڵ بە لـووت، و لـە چـریکەی مـەل و ئـاوازی گـۆرانی بـە گـویَ دەگـەین، ئـاواش بـە چـاوی ئـەقڵ لـە بـوونی خـودا دەگـەین... ئەندامـەکانی دیکـەی هەسـت کردنمـان، بـە پێـدانی بەڵگـە و زانیـاری یارمەتیی ئەقڵمان دەدەن.

– ئافەرین عەلی! بابەتەکەت باش گردکردەوە و دە نمرەت حەڵاڵ کرد. با باسەکە بەم جۆرە بخەینەڕوو:

ئێمە لەم دونیایەدا ناتوانین خودای گەورە بە چاوانمان ببینین، وەڵێ دەتوانین بە چاوی ئەقڵمان ببینین. بێگومان ئەمەش پێویستیی بە کەمێك بەکار خستنی مێشك و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی مەنتیقی هەیە. ئا ئەو کەسەی کە دەتوانێت ئەمە بکات، ئەوا لە گرنگترین وانەی ژیان دەرچووە، چونکە ئەو کات خودای – وەك ئەوەی بینیبێتی – ناسیوە و لێی تێگەیشتووە. کەواتە ئێمە خودا دەبینین، بەڵام ئەو ئەندامەی پێی دەیبینین جودایە، لەبری چاو بە ئەقڵ دەیبینین. وەك چۆن گەلێك شتی دیکەی ئەم دونیایە بە ئەندامانی ترمان پەییان پێدەبەین و لێیان تێ دەگەین...

ئەردەم کە یەکەم کەس بوو پرسیی بۆ خودای گەورە بە چاوانمان نابینین، لەگەڵ ئەوەی تەنیشتی قسەی دەکرد، پێدەچوو شتێکی تریش هەبێت بووبێت بە ماخۆڵانی مێشکی و سڵ بکاتەوە لە پرسینی...

– ئەردەم! خەریکە ڕێککەوتنەکە پێشێل دەکەیت. ئەی بڕیار نەبوو هەر پرسیارێکت هەبوو بێسڵەمینەوە بیکەیت؟!

– مامۆستا گیان! باش لەوانە گەیشتم کە باستکردن، بەڵام دیسانەوە خۆم پێناگیرێت لەوەی بڵێم خۆزگە خودای گەورەمان بە

چاو ببینیایـە، چـونکە زۆرم مەراقـە... ڕەنگـە کـەمێك هەسـت بـزوێن بێت، بەڵام ئەگەر بە چاو بماندیتبا... بەڕاستی من زۆر حەزم لێیە...

– ئەردەم! با ئەم بۆچوونەت هەسـت بـزوێنیش بێـت، بـەڵام خـۆ عەیبـەی تێـدا نییـە. بێگومـان مـرۆڤ پەرۆشـی پەروەردگارییـەتی و دەخوازێت لە نزیکەوە بیناسێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا گەرەکمانە باسی بکەین ئەوەیە کە ئەمە لە دونیادا چۆن دەبێت و تـا چـەند ڕێـی تێدەچێت. بێگومان ئەوینی خودا لە دڵتدا هێندە زۆرە، بۆیە هـەر بـە بینینی بە چاوی ئەقڵت، دڵت داناکەوێت.

سـەردەمانێك حـەزرەتی مووسـاش (سـەلامی خـوای لێ بـێ) کـە یەکێکە لە گەورەترینی پێغەمبەران، دڵخوازی ئـەوە بـووە لـە دونیـادا خودای گەورە بە دوو چاوانی ببینێت. خـودای گـەورەش پێـی وتـووە کە ناتوانێت بـەو چـاوانەی لـە دونیـادا بیبینێـت. بـۆ ئـەوەی دڵیشـی دابکەوێنێت، فەرمانی پێـداوە بڕوانێتـە کێوەکـەی بەرانبـەری. کاتێـك حەزرەتی مووسا سەری بەرز کردووەتـەوە و ڕوانیویـەتی، بینیویـەتی کێوەکـە بـە دەنگێکـی بـەرزەوە شـەق بـووە. هەڵبەتـە لـە ئاسـت سامداریی ئەو دیمەنە یەکسەر کەوتووە و لە هۆشی خۆی چووە. بۆیە بەتەواوی گەیشـتووەتە ئـەو قەناعەتـەی کـە ناتوانێـت بـەو چـاوانەی خودای گەورە لە دونیادا ببینێت. ئەو دیبانـەی ئێمـە ئـەو توانایـەیان نییە تەنانەت زۆرێك لەو شتانەی کە دڵنیاین هەن بەدی بکـەن. لەبـەر

ئەوەی کە بونیادی چاومان ئەوەندە سنووردارە زۆرێک لەو شتانەی لە باریدا نییە بیانبینێت، بە ئەندامگەلی هەست کردنی تر و ئەقڵمان پەییان پێدەبەین و ناچار دەبین دان بە بوونیاندا بنێین. بۆ نموونە: ئایا دەتوانن چەوریی ناو شیر ببینن؟ ئەی ئەگەر لە بابایەکی شیر فرۆش بپرسن: ئەرێ شیرەکەت چەوریی تێدایە و، کاتێکیش وەڵامی "بەڵێ"تان وەرگرت بێژن: "کوا؟ پێمانی پیشان بدە"، چیتان پێدەڵێت؟!

باشە چۆن دەتوانن چەوریی ناو شیر ببینن؟

– بەوەی بیکوڵێنین و تامی بکەین...

– بێگومان وایە... چەوریی شیر، زمانمان دەیبینێت نەک چاوانمان... ئایا بە ڕوانین لەو چایەی کە یەکێك خەریکە دەیخواتەوە، دەتوانن بزانن چەندە شەکری تێدایە؟

– نەخێر...

– بێگومان نەخێر، چونکە تەنها بە تام کردن دەزانین چایەك چەنێك شەکری تێدایە... باشە، چیی تر هەیە کە دڵنیاین لە بوونی بەڵام بە چاو نایبینین. پێم بڵێن بزانم...

– مامۆستا! پۆلەکەمان پڕ لە هەوایە، بەڵام ئەویش بە چاوانمان نابینین.

– ئەی دەکرێت نکوولّی لە بوونی ئەو هەوایە بکەین کە بەردەوام بۆ نێو سییەکانمان هەڵیدەمژین؟

– نەخێر، نەشیبینین هەر هەیە...

– مامۆستا! خۆی لە خۆیدا گشت بوونەوەرە مەعنەوییەکان نایەنە بینین... هەستەکانیشمان نابینرێن... بۆ نموونە: وەك چۆن ناتوانین ئازار و ناڕەحەتی و دڵتەنگیی هاوڕێیەکمان ببینین، بە هەمان شێوە ناتوانین دڵخۆشییشی ببینین. ئێستا ئەگەر هاوڕێیەکمان بڵێت "خەریکە لە خۆشییا بفڕم"، پێی دەڵێین کوا ئەو خۆشییەت، پێمانی پیشان بدە، ئەگەر نا باوەڕت پێناکەین؟ نموونەیەکی تر: ئایا کەمێك لەمەوبەر کەیف خۆشیی عەلیمان بینی؟ ئەی خۆ بانگەشەی ئەوە ناکەین کە وێڕای ئەوەی «دە»ی هاورد، هیچ کەیف خۆش نەبوو؟

– ئافەرین، ڕۆڵە! نموونەگەلی زۆر جوانت پێداین. بەڵام نموونەی تریشمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، کێ دەتوانێت بیانڵێت؟

– مامۆستا! کابرایەك دەچێتە لای مەلای گوندەکەیان و داوای لێدەکات باسی بوونی خودای بۆ بکات... مامۆستاش بە هەندێك نموونەوە بوونی خودای بۆ ڕوون دەکاتەوە. کابرا دوای ماوەیەك دیسان دێتەوە لای مەلا و هەمان پرسیاری لێدەکاتەوە. مامۆستاش دووبارە بۆی باس دەکاتەوە. کابرا سوپاسی مامۆستا دەکات و دەڕوات، وەلێ هەمدیس مامۆستا لەسەر مەزراکەی دەبینێتەوە. تۆ

بلێی هەمان پرسیاری لێنەکاتەوە؟! بەرێ وەڵڵا... مامۆستاش وای بۆ دەچێت کابرا گەرەکیەتی ڕابیوێرێت، کەستەکێکی وەك بەرد ڕەق هەڵدەگرێتەوە و دەیکێشێت بە تەپڵی سەریدا... کابرای نەگبەتیش بە ڕاکە ڕاك خۆی دەگەیەنێتە لای قازی -واتە دادوەری ئەوسا-...

پێی دەڵێت:

– جەنابی قازی! پرسیارێکم لە مەلای گوندەکەمان کرد، ئەویش بە کەستەك کێشانە سەرمدا وەڵامی دامەوە... خەریك بوو مێشکم بپژێ. سکاڵام لەسەری هەس...

قازی لەم کارە، هەم سەری سوڕدەمێنێ و هەمیش تووڕە دەبێت... چونکە ئەو مەلایەی لە نزیکەوە دەناسی و دەیزانی کەسێکی هێمن و لەسەرخۆیە...

بێگومان مەلاکەش بانگ دەکرێتە دادگا. قازی بەپەرۆشییەوە لێی دەپرسێت:

– مامۆستا! تۆ چۆن وەڵامی ئەم پیاوەت داوەتەوە. یەکێك داوای ئەوەت لێبکات بوونی خودای بۆ ڕوون بکەیتەوە، کەستەك دەکێشیت بە سەریدا؟

مامۆستاش زۆر بەهێمنی وەڵامی دەداتەوە:

– قوربان! من بەو زمانە وەڵامی پرسیارەکەیم داوەتەوە کە لێی تێدەگات.

- چۆن چۆنی؟

- ئـەو دوو جـار هاتــە لام، داوای کــرد بــوونی خــودا بخەمــە مێشـکییەوە. منـیش ئەوەنـدەی لـە توانامـدا بـوو بـۆم بـاس کـرد و چەندین نموونەم بۆ هێنایەوە، بەڵام کاتێك بۆ جاری سێیەم بۆ هەمان پرسـیار هاتـەوە، هەسـتم کـرد پێویسـتە بـە جـۆرێکی تـر وەڵامـی بدەمەوە. ئێستا تێناگەم لەسەرچی سکاڵای لەسەر من هەیە؟

قازییش ڕوو دەکاتە کابرا و دەڵێت:

- کوا بڵێ، بزانم سکاڵاکەت چییە؟

- گەورەم! کـە سـێیەم جـار چـوومەوە لای، وەڵامـی نەدامـەوە. پارچە کەستەکێکی دا بە سەرمدا کـە وەك بـەرد ڕەق بووبـوو. ئێسـتا سەرم ئەوەندە ئازاری هەیـە، خەریکە دەتەقێت. ئایا مـافی ئـەوەم نییـە سـکاڵا لەسـەر کەسێك تۆمـار بکـەم کـە ئـەو هــەموو ئــێش و ئــازارەی پێگەیاندووم؟

ئینجا قازی ڕوو دەکاتەوە مەلاکە و لێی دەپرسێت:

– جەنابی مامۆستا! لە بەرانبەر ئەم بانگەشانە چی دەڵێیت؟ کە باس لە پێویستیی جۆرە ڕوون کردنەوەیەکی تری هەبوونی خودا دەکەیت، مەبەستت ئەمەیە؟

– جەنابی قازی! کوا با ئەو ئێش و ئازارەی باسیان دەکات، پێمان پیشان بدات.

کابرای سکاڵاکار ئەوەندەی تر قینی لە مەلاکە هەڵدەستێت:

– جەنابی قازی! ئەوە ئەم پیاوە دەڵێت چی؟ چۆن دەتوانم ئێش و ژانی خۆمی پێ پیشان بدەم؟ ئایا ئەگەر نەتوانم پیشانیان بدەم، مانای وایە نین؟

کە قسە بەمە دەگات، مامۆستا بە قسە دێت و دەڵێت:

– ئێ ئەوەی کە منیش دەمویست باسی بکەم ئەمە بوو. واتە کە خودا نابینیت ئەوە ناگەیەنێت نییە. ناتوانیت ئەو بە چاوانت ببینیت، بەڵام لە ناختدا هەستی پێدەکەیت و بە دڵ پەی پێدەبەیت. بە ڕوانین لە ئافەریدەکان لە بوونی ئافەرید دەگەیت. سەیر بکە، ئێستا تۆ ناتوانیت ژانی سەرتمان پێ پیشان بدەیت، بەڵام من هەست بە کزەی جەرگت دەکەم.

قازی دەم بە پێکەنینەوە گوێ لەو ڕاڤە تێکەڵ بە گاڵتەیەی مامۆستا دەگرێت، دواتر هەردووکیان ئاشت دەکاتەوە و بەرەو ئاواییەکەیان بەڕێیان دەکات.

- ڕۆڵەکانم! ئەم کابرایە بە جۆرێك لە بوونی خودا تێگەیشتووە جارێکی تر لە بیری نەکات، وا نییە؟

لەم سەروبەندەدا لەنێو پۆلدا کەسانێك هەبوون کە بە گاڵتە سیخورمەیان بە یەکدا دەکێشا و دەیانویست ڕووداوی نێو چیرۆکەکە دووبارە بکەنەوە. پێم وتن:

- سەیر بکەن، دەشێ ئەم ڕووداوەی کە هاوڕێکەتان گێڕایەوە، گەلێك لە مێژ بێت ڕووی دابێت یان هەر ڕووی نەدابێت... بەڵام بۆ ڕوون کردنەوەی ڕاستییەك دەگێڕرێتەوە. بەڵام ئیتر لەم دەورانەی ئێمەدا ڕێگای ڕوون کردنەوەی ئەم ڕاستییە گرنگەش جیاوازە. واتە لەبری کێشان بە سەردا، پێویستە قەناعەت بەوەی ناوی بهێنرێت. چونکە ئەم چەرخەی ئێمە چەرخی زانست و قەناعەتە. ناتوانیت کەسێك هەر چەند بچووکیش بێت، بەزۆر و لەژێر فشار و کوتان بیهێنیتە سەر باوەڕ، چونکە ئەمە لە ئاینەکەشماندا جێی نابێتەوە. بەڵێ، بە هەر حاڵ... با بێینەوە سەر باسەکەمان. چیی تر هەیە کە چاومان نایبینێت؟

- مامۆستا! ئەقڵ و گیانیشمان نابینین. کەچی کەسیش بانگەشەی بێ ئەقڵی و بێ گیانیی خۆ ناکات.

- ئافەرین بۆ تۆ... کەس هەیە ئەقڵی خۆی بینیبێت؟ یان کەستان بینیوە گیانی خۆی بینیبێت؟

– نەخێر، نەمانبینیوە...

– بێگومــان نــەتانبینیوە و ناشــیبینن. چــونکە ئەمانــە بــوونی مەعنەوییـن و نایەنە بینین.

(نالان) کە لە ژیرترین قوتابییەکانی پۆل بوو، لە ناخەوە دەمـوت: لەم وانەیەدا هەر بێدەنگە، داوای مۆڵەتی قسە کردنی کرد:



– مامۆستا ! کارەباش بە چاو نابینرێت، بـەڵام ئـەوەی بـاوەڕ بـە بوونی ناکات ئەگەر ئازایە با دەستی بۆ ببات... !

– هەر بژی، نالآن... بێدەنگ بوویت بێدەنگ بوویت، بەڵام کە بەدەنگ هاتیت لە گۆشەی نەوەتت دا! یەکێك لە شاعیرە کلاسیکییەکانمان، دێرە شیعرێکی زۆر جوانی لەسەر ئەمە هۆنیوەتەوە:

گەرچی چاو ئەندامی بینینمانە

کەچی لە بینینی خۆیشی، دەستەوسانە

بەڵێ، هیچ پێویست ناکات لە دوور لە نموونە بگەڕێن. بیر بکەنەوە بزانم کەسێك هەیە لە ئێوە چاوی خۆی ببینێت؟ بێگومان مەبەستم لە ئاوێنە نییە...

بەڵێ، پێم وایە دوای هەموو ئەوانەی باسکران، بۆتان ڕوون بووەتەوە کە توانای بینینی دیدەکانمان چەندە سنووردارە، بەڵام وەك دوا شت با ئەوەش بڵێین:

بەپێی وتەی زانایان: «چاوی ئادەمزاد، لە باریدایە تەنها سێ لە سەدی تیشکەکانی ئەم دونیایە ببینێت.» ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەوە دەگەیەنێت کە لەو شتانەی لەم دونیایەی لێی دەژین هەن، دەتوانین تەنها و تەنها لە سەدا سێیان ببینین. باشە، ئایا هەر چاومان ئاوا سنووردارە؟ نەخێر، ئەندامەکانی دیکەی هەستیشمان بە هەمان شێوە لە پێوانەیەکی فرە کەم و سنووردار‌دا پەی بە شتەکان دەبەن. ئیتر لەو حاڵەدا ئایا دەتوانین بەو چاوانەمان کە ئەوەندە

سنووردار بەدیهێنراون و لە توانایاندا نییە زۆرێك لە شتەكانی ئەم دونیایە ببینن، خودای گەورە ببینین؟ یان بڵێین لە كاتێكدا ئەو هەموو ئافەریدەیە لە گۆڕێدا بێت كە نایانبینین، داوا كردنی بینینی ئافەرید شتێكی مەنتیقییە؟ لە ئاكامدا، با دووبارە ئەوە دەربڕمەوە كە ئێمەی مرۆڤ تەنها دەتوانین ئەو شتانە ببینین كە لە ماوەیەكی دیار كراو و لەنێو چەند شەپۆلێكی دیاری ڕووناكیدان. بۆ نموونە لە تواناماندا نییە ئەو ملیۆنان خڕۆكە سوور و سپی و زیندەوەر و میكرۆبەی لە لەشماندا دەژین، هەروەها ئەو بەكتریایانەی هان لە بنی بنەوەی ددانەكانمان و خەریكی هەڵكۆڵینیانن ببینین. لە كاتێكدا كە ئەو ملیۆنانەی لەناو جەستەماندا دەژین نابینین، بێین و داوای دیتنی خودای گەورە بكەین یان بڵێین: "نەیبینم باوەڕی پێناهێنم"، هیچ ژیرانە نییە. ئەم ڕاستییە لە قورئانی پیرۆزیشدا بەم جۆرە ڕوون كراوەتەوە: ﴿لاَ تُدْرِكُهُ الأبْصَارُ وَ هُوَ يُدْرِكُ الأبْصَارَ﴾ الأنعام:١٠٣، واتە: « چاوی مەخلوقات هێزی ئەوەیان نییە خودا ببینن و كونهی خودایان پێ بزانرێ. خودا كونهی چاوەكان و خاوەن چاوەكانیش ئەزانێ‌و بە وردی ئەیانبینێ‌و ذەڕڕەییێكی لێ ون نابێ. ».

***

كە بەم جۆرە كۆتام بە قسەكانم هێنا، چاوم لەسەر ئەردەم بوو:

– ئەردەم! لەسەر پرسیاری تۆ ئەم باسەمان کردەوە. هەموو نیشانەی پرسیارەکانی ناو مێشکت لاچوون یان هێشتا ماون؟

بە گوزارشتەکانی دەموچاوی دیار بوو هێشتا پرسیاری مابوو، بەلام لە پرسینیان سلی دەکردەوە.

– دەی یەڵلا، ئەردەم! سێیەم پرسیاریشت بکە، تا کۆتا بە بابەتەکەمان بێنین. بە پرسیاری تۆ دەستمان پێکرد با بە پرسیاری تۆش کۆتایی پیٚ بێنین.

ئەردەم کەمێك نازی کرد، بەلام وەك پێشبینیم کردبوو ئەو پرسیارەی کرد کە مێشکی تەنیبوو:

– مامۆستا! مادام سووریت لەسەر ئەوەی پرسیار بکەم و بەردەوامیش باس لەوە دەکەیت کە لە هیچ پرسیارێك تووڕە نابیت، منیش دەپرسم:

لەوەی کە تا ئێستا باستان کرد، باش لەوە تێگەیشتم کە ناتوانین بە چاومان هەموو شتێك ببینین و بینینی خودا ئەوە هەر هیچ، بەلام وێڕای هەموو ئەمانەش من هەر وا بیر دەکەمەوە:

ئەگەر چاوانمان وەك ئەمانەی ئێستا سنووردار نەبوونایە، بەڵکو ئەوەندە بەکاملی دروست بکرانایە، کە

هەموو شتێکیان ببینیایە... ئەو کاتیش خودای گەورەمان ببینیایە، باشتر نەدەبوو؟

– بێگومان باشتر نەدەبوو، ئەردەم!... چونکە ئەو کات ژیان دەبوو بە شتێك قابیل بە ژیان نەبێت. چونکە ئەو چاوە کامڵەی هەموو شتێکی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ببینیایە، ژیانی لە مرۆڤ دەکرد بە زیندان. ئەو کەسەی چاوێکی وای دەبوو، نانی پێ نەدەخورا. چونکە هەر چەند پاك و تەمیز بوایە، ملیۆنان بوونەوەری بەسەر خواردن و خواردنەوەکانی سەر چەتاڵ و کەوچك و چەقۆوە دەبینی. با بیر لەوە بکەینەوە کە کابرایەکی وا هەیە. ئەم کابرایە نەیدەتوانی ئەو دەستەی بۆ تەوقە بۆی درێژ دەکرا بگوشێت، ئەو پارەیە وەربگرێت کە پێی دەدرا، بخوات، بخواتەوە، کەسی خۆش بوێت. لەم دونیایەدا بەو دوو چاوەی کە وەك دوو بۆشایی سامداری هاوشێوەی ڕاڕەوگەلێك بەرەو تاریکستان درێژ بوو‌بێتنەوە دەیڕوانی و نەیدەتوانی دەست بە هیچەوە بدات، نە کاڵا و نە زیندەوەریش...

ئەگەر ڕۆژێك لەو کابرایە پرسیار بکرایە:

– ئەرێ تۆ بۆ وایت؟ بۆ وەك باقیی خەڵکی نییت، بۆ وەك ئەوان ژیان ناگوزەرێنیت؟

کابراش دەیوت:

– چاوەکانی من بە دەستی قەدەر، لە شێوە و توانای جووتە وردبینێك دروست کراون. من گشت میکرۆبەکانی سەر ئەو شتانە دەبینم کە ئێوە تا سەر ئێسقان خۆشتان دەوێن. میوانداریی پڕ لە میکرۆب، لێوانی لێوان لێو لە میکرۆب، دەستی پڕ میکرۆب، پارەی تەنراو بە میکرۆب... ئێوەش بیناییتان وەك هی من بوایە، نەتاندەتوانی بژین. شوکری خودا بکەن هەمووتان قەرزداری چاوکزیتانن.

بەڵام چی ببینم، ئەوە چییە؟ ئەردەم هێشتا دەیەوێت قسە بکات، زەنگیش لێی دا. وتم:

– دەی، ئەگەر کورتە، بیپرسە...

– مامۆستا! بمبەخشە. ئەمڕۆ زۆرم ماندوو کردیی. بڕیار بێت ئەمە دوا پرسیارم بێت.

– خۆشەویستەکانم! ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت بڕوات، ئەوەیشی دەیەوێت دەتوانێت گوێ لە پرسیارەکەی ئەردەم و وەڵامی من بگرێت...

– مامۆستا گیان! ئێمە ناتوانین خودای گەورە بەم چاوانەمان و لەم دونیایەدا ببینین قەی ناکا، بەڵام ئایا

هەرگیزا و هەرگیز نابیینین... لە بەهەشتیشدا هەر ناتوانین بیبینین؟

– پرسیارێکی جوانت کرد. هەر هیچ نەبێت با بە موژدەیەکی خۆش کۆتا بە وانەکەمان بێنین. بەڵێ، بۆچوونەکەی ئەردەم بەجێیە. ئەگەر بتوانین بەهەشت بەدەست بێنین، ئەوە خودای گەورە لەوێ چاوێکمان بەنسیب دەکات کە بتوانین زاتی خۆی پێبیبینین... ئێ خۆشترین و بەتامترین نیعمەتی بەهەشتیش ئەمەیە. چونکە تامی بینینی ئەو خودایەی هەموو جوانییەکانی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون و بەو هۆیەشەوە سەرچاوەی گشت جوانییەکانە، هەموو خۆشییەکانی بەهەشت تێدەپەڕێنێت. بەڵام دەبێت بۆ ئەوە کەمێك ئارامیمان هەبێت و بە جۆرێك ژیانی دونیا بگوزەرێنین، کە سەری لە بەهەشتەوە دەربچێت.

دەی ئەردەم، با هەر لەمڕۆوە بەر لە هەر کەسێك تۆ، کە یەکێکیت لەوانەی زۆر عەودالّی دیتنی خودایت، ئینجا گشت پۆلەکە، بخەینە ناو پێشبڕکێیەکەوە لەو کارانەی کە بەرەو بەهەشتمان دەبەن. بۆ گەشتێکی ئاوا بێهاوتا، مرۆڤ چی لەبەر چاو ناگرێت، وا نییە؟ دەی ئامادەن؟

کاتێك لە نێو دەنگی زوڵاڵی "بەڵێ ئامادەین، مامۆستا!" پۆلەکەم بەجێهێشت، هەستم بە خۆشییەك دەکرد لە ناخمدا لە باسکردن نایەت.



ژمارەی خزمەتکارەکانتان دەزانن؟

ڕۆژێك لە میانەی قسەکانمدا بە قوتابییەکانم وت: "من هەزاران خزمەتکارم هەیە". سەرەتا کەمێك سەریان سوڕما و حەپەسان. دواتر وتیان: "بۆ تۆ پاشایت؟" و دایانە پێکەنین، بەڵام کە من جەختم لەسەری کردەوە، کەوتنە بیر کردنەوە و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی دەبێ مەبەستم چی بێت... بەڵام دوای ڕوون کردنەوەکانم ئەوەیان سەلماند کە نەك هەر من بەڵکو خۆیشیان ئەوەندە خزمەتکاریان هەیە لە ژمارە نایەن.

با بزانم ئێوەش هەمان بۆچوونتان دەبێت؟

با بیر بکەینەوە... ئەم زەمینە، تا چەند هەوارێکی لەبارە بۆ ژیان بەسەر بردنی ئێمە. زۆریەی هەسارەکانی دیکەی سەر بە کۆمەڵەی خۆر بۆ ژیانی ئادەمزاد دەست نادەن. زەوی گونجاوترین شوێنە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئاسوودە ببێت. هەموو شتێك ئەوەندە کامڵە و بۆ مرۆڤ ئەوەندە لەبارە!... هەر لەبەر ئەم جوانی و لەبارییەیەتی کە مرۆڤایەتی لێی ڕاهاتووە و خۆشی دەوێت. باشە ئەم زەوییە کە ئەوەندە شیاوە و لێی ڕاهاتووین و خۆشمان دەوێت لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی هان لەسەری، بەڕێککەوت هەن؟ ئایا ئێمەی مرۆڤ بەڕێککەوت ئەم سەرزەوییە دەدۆزینەوە؟ ئایا هەموو شتەکانی سەر زەوی بەڕێککەوت بە کەڵکمان دێن؟ باشە، بۆچی زەوی و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەسەری دەژین لە خزمەتی ئێمەدان؟ تۆ بڵێی کێ

بڕیاری لەسەر هەموو ئەمانە دابێت؟ خۆ ناشێ مرۆڤ ئەم بڕیارەی دابێت. چونکە خۆ ئەوە نییە بەسەر گشت هەسارەکاندا گەڕابێت و زەوی بە دڵ بووبێت. ئەوەش ڕێی تێناچێت زەوی ئێمەی خۆش ویستبێت و حەزی کردبێت میواندارییمان بکات، چونکە لە ئەقڵ و بیر کردنەوەی وا، مەحرڕوومە. هەبێ و نەبێ، دەبێ یەکێك هەموو ئەمانەی بۆ ئێمەی مرۆڤ ئامادە کردبێت و خستبێتییە خزمەتمانەوە.

ئەرێ زەوی بەو زەبەلاحییەی خۆیەوە، خزمەتکاری ئێمە نییە؟ ئینجا خزمەتکارێك کە هەزاران خزمەتکاری دیکەی لەسەر خۆی پەنا داوە... بوونەوەرێکی مەزن کە تەژییە لە ڕازگەلێك کە ئەقڵ نایانبڕێت، بە بۆشاییەوە وەستاوە و لە خولگەیەکی دیاردا بەخێرایی ٣٠ کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا بە دەوری خۆردا لە خولانەوەدایە... بە دەوری خۆیشیدا دەخولێتەوە. بە سووڕانەوەی بە دەوری خۆردا چوار وەرزەی ساڵ و، بە سووڕانەوەی بە دەوری خۆیشیدا شەو و ڕۆژمان بۆ دەکاتە دیاری. هەم چوار وەرزەکە و هەمیش شەو و ڕۆژگار تەنها لە خزمەتی مرۆڤدایە. هەر وەك هەموو ئەوەی لە ناویاندا ڕوودەدات، تەنها و تەنها بۆ ئارامیی و ئاسوودەیی مرۆڤەکانە.

کەواتە زەوی سەرایەکە بۆ میوانداریی ئێمە ئامادە کراوە. گژوگیا و درەختەکانی نێو باخچەی ئەو سەرایە، هەردەم لە خزمەتی ئێمەدان. ئیتر هەندێکیان لە خواردن سازکردندا و هەندێکیان لە

دەرمانسازیدا و هەندێکی تریشیان لە دروست کردنی کەلوپەلدا بەکار دەهێنرێن. ئەو ڕووەکانە کە سەر زەمینەکەمانیان ڕازاندووەتەوە، دیمەنیان بە چاومان و بۆنیشیان بە لووتمان جەژن دەگێڕن و ئاسوودەییمان پێدەبەخشن. باشە پێتان وایە کە بۆ ئەم خزمەتە فەرمانیان لە کێ وەرگرتووە؟

ئەرێ دەکرێ ئەم هەموو جوانییە ببینین و نەڵێین خودا چەند جوان بەدیهێناون؟ لە خودا بەولاوە، ڕێی تێدەچێ خاوەنی ئەم میوانخانە گەورەیە کێ بێت؟ ئەوەی کە ئەم زەوییە بەساڵداچووەی لە هەزاران سەدە لەمەوبەرەوە خستووەتە بەر فەرمان و خزمەتی مرۆڤ کێیە؟

ناسینی خودای گەورە بەم بۆچوونانەوە و خۆش ویستنی لە کانگای دڵەوە، سەرەکیترین ئەرکمانە، بەڵام چەند لە چەندی ئەو مرۆڤانەی سوود لە نیعمەتەکانی سەر ئەم زەوییە وەردەگرن پەی بەو جوانییانە دەبەن؟ ئەرێ چەندێك مرۆڤ لە ئاست ئەو خزمەتکار و خەڵاتە جوانانە سوپاسی خودا دەکەن؟

ئەگەر هەڵبسین بە ژماردنی جۆرەکانی ڕووەك پێمان دەژمێررێت؟ ئەی ئاژەڵان؟... ئەوانە لە خزمەتی کێدان؟ هەندێك لە ئاژەڵان بە هێز و بازوویان، هەندێکی تریان بە شیر و گۆشتیان، هەندێکی تریشیان بە ئێسك و پێستیان خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن. ئاژەڵانی لە شێوەی

مەڕ، بزن، حوشتر و مانگا گیانی خۆیان بۆ مرۆڤ بەخت دەکەن. باشە ئێمەی مرۆڤ چی بۆ ئەو خودایە دەکەین کە ئەوانی تایبەت کردووە بە خزمەتی ئێمە؟ بۆ نموونە، چەندێك لە کاتی خۆمان بۆ بەندایەتی کردن تەرخان دەکەین؟ ئەگەر هەڵبسین بە ژماردنی جۆری ئەو ئاژەڵانەی بە کەڵکی مرۆڤ دێن، تۆ بڵێی چ ژمارەیەکی گەورەمان دەست بکەوێت؟

ئەی چی بەو (مانگ)ە دەڵێن، کە ڕۆژژمێر و چرای شەوانە؟ ئەگەر هەموو شەوێك بە خزمەتمان نەگەیشتایە، چۆن لە تاریکیی نووتەکدا دەماینەوە؟ ئەو تریفە قەشەنگانەی بەهۆی تیشکدانەوەی ڕووناکیی مانگ لە دەریا و دەریاچەکاندا دروست دەبن، مانگ نەبوایە چۆن دەمانبینین؟ بیر لە وردترین ئارەزووی چاوانمان کراوەتەوە و حسێبی بۆ کراوە... ئەریێ قەت بیستووتانە مانگا بە تەماشا کردنی تریفەی

مانگ، زەوق و خۆشی وەربگرێت؟

مانگا و هیچ ئاژەڵێکی تر هیچ زەوقێکی وایان نییە. گشت ئەم جوانییانە بۆ ئێمەی مرۆڤن.

باشه، ئەی خۆر لێمان زویر نابێت؟ ئەگەر هەر حسێب بۆ مانگ بکەین و خزمەتەکانی ئەو نادیدە بگرین، ئایا ناهەقیمان نەکردووە؟! لە کاتێکدا گەلێك لە زەوییەکەی ئێمە گەورەترە، کەچی یەکێکە لە دەست لەسەر سنگترین خزمەتکارەکانی ئەو و ئێمەش کە لەسەری دەژین. هەم بە تیشکەکەی، هەمیش بە گەرمی و هەمدیس بە کاریگەرییەکانی دیکەی - کە کاریگەرییان هەیە لەسەر زیندوو ڕاگرتنی زیندەوەرانی سەری، لە ڕازاوەترین جوانییەکانی ئاسمانە...



سەرچاوەی وزەمانە... وێستگەی کارەبامانە... نە مان دەگرێت نە یاخی دەبێت... خزمەتکارێکی زۆر خاکەڕامانە... هەموو بەیانییەك، بە تیشکی ئەو ڕۆژ دەکەینەوە. وەك چۆن ناویەناو کارەبا دەبڕێت، ئەگەر ئەویش بۆ چەند ڕۆژێك خۆی ون بکردایە، ڕووناکی و گەرمیی بۆ زەوییەکەمان نەناردایە، حاڵمان چۆن دەبوو؟

به ڕای هەندێك لە زانایان، بەهۆی ئەو تەقینەوانەی لەسەر خۆر ڕوو دەدەن، خەریکە ژیان لە هەندێك شوێنی سەر زەوی پەکی دەکەوێت...

ترسی ئەوەش لە گۆڕێدایە، بەهۆی بەرز بوونەوەیەکی کەم لە گەرمییەکەی، بەستەڵەکی جەمسەرەکانی زەوی بتوێنەوە و زەوییەکەمان ژێر ئاو بخەن...

ئێستا من لە ئێوە دەپرسم: کێیە خاوەنی ئەو هێزەی کە بەو شێوەیە خۆری خستووەتە خزمەت و ژێر فەرمانمانەوە؟

– خودای گەورە!...

– بێگومان لەژێر هێز و دەسەڵاتی خودادایە، خۆر ئەو خزمەتانەمان دەکات. ئەگەر نا، هەرچی مرۆڤی سەر ئەم ئەرزە هەیە، هەرچی زانست و هونەریان هەیە بیانخستایە گەڕ، ئەمەیان پێ دەستەبەر نەدەکرا... بۆ ئەوەی بتوانین بەگونجاوترین شێوە سوود لە تیشکی خۆر وەربگرین، بەجوانترین شێوە ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر. چینی جۆراوجۆر چوار دەورەی زەوییان داوە تا تیشکی خۆر بەگونجاوترین و بەکەڵکترین شێوە بگات بە ئێمە. بۆ نموونە: تیشکی ڕۆژ سەرەتا دەگاتە بوارێکی موگناتیسی، دوای ئەوەی بەشە زیان بەخشەکەی لێدەگیرێت، دەگاتە چینی ئۆزۆن، دواتریش دێتە ناو ئەتمۆسفێرەوە. دوای ئەوەی تیرۆژەکان بەناو ئەم چینە یەك لەناو یەکانەدا پاڵفتە دەکرێن و خاوێن دەبنەوە، دەگەنە سەر زەوی. ئەگەر وا نەبوایە و تیشکەکانی گەردوون یەکسەر بۆمان بهاتنایە، تایبەتمەندییەکی وایان دەبوو مێشکمانیان بەهەڵماندایە.

له بەرانبەر ئەو کردگارە مەزنەی کە ئەو خزمەتکارە مەزنەی ئاوا بێ کەموکوڕیی بەکارخستووە، ئایا هیچ قەرزداری سوپاسگوزاریی نین؟

ئایا خزمەتکارەکانمان هەر لەوانە قەتیس ماون؟ بێگومان نەخێر. **ئەگەر خزمەتەکانی دایکە خاکمان فەرامۆش بکەین، ئەوا بێنمەکییەکی گەورەمان کردووە.** چونکە لەو تاکە خاکە هەزار و یەك شت دەردەچێت کە سوودی بۆمان هەیە. ئەو خاکە کە ژێدەری هەموو ئەو خواردن و خواردنەوانەیە کە پێویستن بۆ بەردەوام بوونمان لە ژیان، هەم هەزار و یەك خزمەت دەکات و هەمیش بە خاکەڕاییەکی زۆرەوە هەمیشە لەژێر پێمان ڕاخراوە. وەك بڵێی دەرسی بێ فیزیمان دادەدات.

ئایا لە بەرانبەر ئەوەی کە لە ڕێی ئەو خۆراکانەی لە گڵەوە دەریاندەهێنێت و هەزاران جۆرە زیندەوەری بێهۆشی پێ بەخێودەکات و بەو جۆرە تاکە شتێك دەکات بە هەموو شتێك، سوپاسی ئەو کردگارە مەزنەمان کردووە؟ با هەر نەڵێین گڵ و بەسەریدا ڕاببووڕین. ماددەی خاوی مرۆڤیش هەر گڵە. ئەوەمان لەبیر نەچێت کە لە گڵەوە هاتووین و هەر بۆ ناو ئەویش دەگەڕێینەوە.

هەندێك جار ئەو منداڵانەی مێشكیان بەكارناهێنن، دایكیان پێیان دەڵێن «مێشك دار یان بەرد». ئەمە لە كاتێكدا لە دار و بەرد چی دەردەچێت؟! وەك چۆن بەرد سەرچاوە و دایكی خاكە، ئاواش ئەو درەختانەی كە لە زستان دەبن بە دار، چ میوەگەلێكی ناوازە بەرهەم دەهێنن! هەر بۆیە ئەمانە گەلێك لەو مێشكانەی شتی بەسوودیان لێوە دەرناچێت بەنرخترن. چ جای ئەو مێشكانەی كە بەردەوام بیری خراپیان لێوە دەردەچێت... بێگومان ئەو مێشكانە ناگەن بە مێشكی پەزیش. بۆیە با بە وتنی دار و بەرد و خۆڵ بە مێشكە زیان بەخشەكان، سووكایەتی بەو خزمەتكارە زۆر سوود بەخشانە نەكەین.

هەق وایە بۆ ئەو شتە سەنگینانەی خراونەتە خزمەت و بەرفەرمانمان زۆر لە دوور نەگەڕێین. ئەی دایك و باوك بۆ ماوەی چەند ساڵ خزمەتی ساوا تازە بووەكان ناكەن؟ ئینجا بەوپەڕی گرنگی پێدان و بێ هیچ بەرانبەرێكیش... كەس ناتوانێت بیر لە خزمەتكارییەكی ئەوەندە دڵخوازانە بكاتەوە. بەم جۆرە لەو ماوەیەدا كە تا بڵێی پێویستیی بە چاودێریی هەیە، هەر ئەوەندە دەزانێت دوو خزمەتكاری بەنرخ بە

دیار سەرییەوەن. ئەو خزمەتەی باوان بە جگەرگۆشەکەیانی دەکەن لایان خۆشترین و بەتامترین کاری دونیایە. ئایا لە ئاست ئەو خودایەی، لەو کاتەدا کە دەستمان بە هیچ ناگات، چاومان هیچ نابینێ، پێمان ڕێ ناکات، ئەو دوو خزمەتکارە بە دەورمان دێنێت وساڵەهای ساڵ دەیانخاتە خزمەتمانەوە، هیچ ئەرکێکمان لە ئەستۆ نییە؟ ئەو دایك و باوکەی ناخۆن تا منداڵەکانیان بخۆن، ناپۆشن تا منداڵەکانیان دەپۆشن... و لە ناخی دڵەوە دەخوازن منداڵەکانیان لە خۆیان گەورەتر و پایەدارتر بن، چ کەسێکی تر بۆ کەسانی تر وا بیردەکاتەوە؟

خودا سۆز و خۆشەویستیی نەخستایەتە دڵیانەوە، دایك و باوك ئاوا بۆ منداڵەکەیان دەبوون بە شێت و دێوانە؟! خۆی هەق وایە منداڵ خزمەتکاری بۆ ئەو دوو پاڵەوانی سۆزە کە هەڵگری ئەو هەستە پیرۆزانەن بکات. ئێ خۆ ئەو خزمەتکارییەش لە ژیانی دونیادا بەسەر دەکرێت. سەرەتا دایك و باوك، دواتریش منداڵەکان ئەو ڕۆڵە وەردەگرن، بەڵام هیچ منداڵێك ناتوانێت هەقی باوانی بدات و پاداشتی ئەو خزمەتەی ئەوان بداتەوە، چونکە کاتێك دایك و باوك چاودێریی منداڵەکەیان دەکەن و گەورەی دەکەن، تاکە ئامانجیان ئەوەیە وەك مرۆڤێکی باش، ژیانێکی باشتر و درێژتر بژی. بەڵام کە منداڵ ئەو کارە دەکات، بەو قەناعەتەوە دەیکات کە ئەوان دوای ماوەیەکی تر

دەمرن و ئەو خزمەتكارییە ئەوەندە درێژە ناكێشێت. ڕاستییەكەی بیەوێت و نەیەوێت ئەوە بە خەیاڵیدا دێت.

كەواتە دایك و باوكیش دوو خزمەتكاری بێهاوتان كە خودا بە چاكەی خۆی بە مرۆڤیان دەبەخشێت. دوو خزمەتكاری بێ نموونەی وان كە پاداشتیان وەك بڵێی ئەستەمە بدرێتەوە...

ئەوەی ڕاستی بێت مرۆڤ بەر لەوەی خزمەتی دایك و باوكیش دەست پێبكات، موحتاجی چاودێری و بەخێوكرانە. تەنانەت ئەو كاتەش كە لە سكی دایكیدایە، بەجوانترین و بەسوودترین شێوە لە شوێنانێكی نەدیتراو و چاوەڕوان نەكراوەوە هەموو شتێك دەخرێتە خزمەتی. بۆ نموونە بەهۆی بۆرییەكی بەستراو بە سكییەوە بۆ چەند مانگێك وەك پارچەیەك لە دایكی خۆراكی پێدەگات. دواتریش هەر كە دێتە دونیاوە لە مەمكەكانی دایكی كە كانیی شیرن خۆراك وەردەگرێت. منداڵ كەمێك بەر لەوەی بێتە دونیاوە، ئەم خۆراكە كە نموونەی نییە، لەلایەن جەستەی دایكییەوە بۆی ئامادە دەكرێت. تێیدا جگە لەو پرۆتین و كاربۆهیدرات و كانزایانەی بۆ گەشە پێویستن، چەندین جۆرە (دژەزیندەگی)یش كە پێویستن بۆ بەرگرتن لە نەخۆشی هەیە. كێیە دروستكار و بەرهەمهێنەری ئەو خۆراكە سەرسوڕهێنەرەی دەخرێتە خزمەتی ئەو منداڵە بچكۆلانە بێ توانا هیچ نەزانە؟ شیر ئاسن و مسی تێدا نییە. ئەمە لە كاتێكدا كە ئاسن

ماددەیەکە ژیان پێوەی بەندە. چونکە لە خڕۆکە سوورەکانی خوێن دەنیشێت و ئۆکسجین بەسەر خانەکاندا دابەش دەکات. باشە ئەو پێویستییەی منداڵ لە کوێوە دەستەبەر دەبێت؟

بیر لەو پێویستییەشی کراوەتەوە و پێشتر پلانی بۆ داڕێژراوە. چونکە منداڵ هەر ئەو کاتەی لە سکی دایکیدایە، بایی ئەوەندە ئاسن لە جگەریدا هەڵگیراوە بەشی شەش مانگی دوای لەدایك بوونی بکات. بەڵێ، بەم جۆرە ئاسنیش خۆی گەیاندووەتە خزمەتمان و خۆی بۆ ئەرکە گرنگەکەی ئامادە کردووە. ئاسنی بێ مێشك و بێ فام خۆی گەیاندووەتە خزمەتمان یان گەیەنراوە؟ هیچ بونیادی بێ بونیادنەر و کرداری بێ بکەر و گوتەی بێ گۆیا هەیە؟ مانای وایە قودرەتێکیش هەیە کە ئاسنی خستووەتە خزمەتی زارۆکەوە. ئەوسا لەبری "سوپاس بۆ تۆ جەنابی ئاسن!"، گەرەکە بیر لەوە بکەینەوە بێژین: "سوپاس بۆ ئەو زاتەی ئاسنی بۆ خزمەتی جەستەی مرۆڤ ناردووە."

***

– بەڵێ، ئێستا پێم بڵێن بزانم، من چەند خزمەتکارم هەس؟

– مامۆستا! ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانین، دەتوانین بڵێین: هەزاران و بگرە ملیۆنان خزمەتکارمان هەیە.

– بێگومان دەبێت لەو ڕوانگەیەوە بڕوانین. چونکە ئەم ڕوانگەیە ڕوانگەی ڕاستی و زانستییە. خودا لە ڕێی ئەو هەموو خزمەتکارەوە

ئاسوودەیی و کامەرانیی بۆ دەستەبەر کردووین... باشە مرۆڤ کە خاوەن ئەو سەڵتەنەتە سەراسیمەیەیە و باڵاترین بوونەوەرە، لەسەریەتی خزمەت بە کێ بکات؟ مرۆڤ کە ئەو هەموو بوونەوەرە خراوەتە ژێر فەرمانییەوە، دەبێت لەژێر فەرمانی کێدا بێت؟ ئایا ئەو مرۆیە، ئەرکێکی بەندایەتیی لەسەر نییە کە گەلێك لە هی ڕووەك و ئاژەڵان زیاتر و گەورەتر بێت؟ هەر بەڕاستی مرۆڤ سەرداری بوونەوەرانە، وەلێ ئەگەر هەست بەو پایە بڵندی و ئەو نرخە نەکات کە پێی دراوە و لەبەر چاویان نەگرێت، ئەوا بە دەستی خۆی، خۆی لەو لوتکەیەوە کە لەسەریەتی، هەڵداوەتە ناو کەندەلانەوە. یەکەم مەرجی ئەو نەکەوتنە کەندەلانەش باوەڕە، ناسینی ئافەرید و گوێڕایەڵی کردنییەتی، چونکە "ئیمانە ئینسان دەکات بە ئینسان. نەك هەر ئەوەندە، دەشیکات بە سوڵتان."



بێ توانج

هەمووومان ملیاردێرین

دوێنێ هاوڕێیەکم هاتە لام، گیرۆدەی کێشە و گرفت بوو. زۆر ئاخ و داخی هەڵدەکێشا.. پێدەچوو بە دەست بێ پارەییەوە بنالێنێت. وتم:

- عەیبە بۆ تۆ. خۆ تۆ ملیاردێریت. ئینجا لەم دونیایە بێزاریت و بەبەلاش سەرئێشە بۆ خۆت دروست دەکەیت.

هەڵبەت سەری سوڕما. وتم:

- سەیر بکە. ئەگەر قۆڵەکانت بە دوو ملیار بقەڵسێنن، بێن و لە سینگتەوە لێی بکەنەوە و بیبەن، پێیان دەفرۆشیت؟

- نەوەڵڵا، نایفرۆشم.

- ئەی چاوەکانت بە ملیارێك دەدەیت؟

- نەخێر، نایدەم.

- هەر دوو قاچت بە پێنج سەد ملیۆن؟

- نەخێر، نایاندەم.

- ئەی کەواتە بەو هەموو سەرمایەیەوە، ئەوە ڕاستە ئاخ و داخ هەڵبکێشیت؟ کورت هێنانێکی کەمی پارە، بە سەر هەموو کەسێکدا دێت. واز لەو کارە سەیرانە بێنە.

خەڵکی لەجیاتی ئەوەی بە بینینی گوڵێك لەنێو دڕکەڵاندا دڵخۆش بن، بە بینینی دڕکێك لەنێو گوڵاندا گلەییان لێ بەرز دەبێتەوە.

هەموو مەسەلەکە لەناوبردنی ئەو مەنتیقە چەوتەیە. ئەوەی نەتوانێت ئەمە بکات، خاوەنی ملیاران و بگرە تریلیۆنانیش بێت، مەحاڵە دڵخۆش ببێت.

گوربوز ئەزاك

(نامە بۆ دۆستان، ل٧٢، ١٩٨٠)

دیسان تەم

کە ئەو بەیانییە لە خەو هەڵسایین، چاو چاوی نەدەدی. تەمێکی چڕ هەموو لایەکی داپۆشیبوو. بەزەحمەت توانیم بگەمە قوتابخانە. ئەگەرچی (غیابات) وەرگرتنم دە دەقەیەك دواخست، کەچی هێشتا دە قوتابی نەهاتبوون.

وتم:

– ئەوان لە کوێن؟

چاودێری پۆل وتی:

– لەبەر تەمەکە نەهاتوون. ئێمەش زۆر بەزەحمەت توانیمان بێین. ئەو هاوڕێیانەمان لە دوورەوە دێن. کەمێك تەمەکە کاڵ ببێتەوە، ئەوانیش دێن...

بەڵام ئەو ڕۆژە تا ئێوارەش تەمەکە هەر ما. دەچوومە هەر پۆلێکەوە، بە لایەنی کەم پێنج قوتابی نەهاتبوون. بە قوتابییەکانم وت:

– ئەگەر هەموو ڕۆژێك لە ئەستەنبووڵ تەم بوایە، حاڵمان چۆن دەبوو؟

بێگومان ڕای هەموویان وەك یەك بوو و پێکهاتبوو لە یەك ڕستە "ژیان پەکی دەکەوت". هەر بەڕاستیش لە ڕۆژنامەکاندا ئەوە نووسرابوو کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی ئۆتۆمبێل کە بەهۆی تەمەکەوە ڕوویان دابوو، چەندین کەس گیانیان لەدەست دابوو.

دوای هەفتەیەك، کە تەمەکە نەما، هەموو کەس کەیفی هاتەوە جێی خۆی. هەموو کەسێك لەبەرخۆیەوە دەیوت: "ئۆخەی، دەرکەوت دونیا هەیە!"

لە پۆلەکەم پرسی:

- ئەرێ ئەم ڕۆژە تەماوییانە، تا هەفتەیەکی تر بەردەوام بێ، دیسان دێنەوە؟

هەموو وتیان:

- نەخێر.

- باشە، بلیت و کرێی ئەوەی کە هەموو ڕۆژێك بەڕۆشنی دەکەینەوە، چییە؟ کێیە ئەوەی ڕۆژگارمان ڕووناك دەکاتەوە؟

- مامۆستا گیان! خودا ڕووناکیان دەکاتەوە.

- باشە، ئەوەی هەموو ڕۆژێك بەڕوونی دەبەینەسەر، بێبەرانبەرە؟ ئایا بەهۆی ئەوەوە، لە بەرانبەر خودای گەورەدا ئەرك و قەرزێکمان لەسەر نییە؟

- لەسەرمانە شوکرانەی بکەین.

– لەسەرمانە بەندایەتیی بۆ بنوێنین.

– نابێت پەرستشەکانمان فەرامۆش بکەین.

بەڵێ، بەو جۆرە تەمەکە تەمومژێ سەر مێشك و ناخی لابردبووین. بە پۆلەکەم وت کە پێویستە لە کانگای دڵەوە ئاوا نزاگۆ بین بەرانبەر بە خودا:

"پەروەردگارا! با ڕۆژگارمان تەماوی و تاریك نەبێت، با هەر ڕوون و چراخان بێت. وەك چۆن هەتاو ڕۆژەکانمان ڕووناك دەکاتەوە، با ئاواش خۆشەویستیت دڵەکانمان نوورانیی بکات. وەك چۆن لە دونیادا هەتاوت پێبەخشیوین، لە ژیانی نێو گۆڕیشدا ڕووناکییە مەعنەوییەکانتمان لێمەشارەوە. خودایە نوورمان پێببەخشە، نوور... بۆ ئەو ڕووناکییانەی تا ئێستا پێت داوین و ئەوەش کە لەمەودوا پێمانی دەدەیت شوکرانەبژێریت دەکەین..."



پێڵاوەکەی عوسمان

و هەستی یارمەتیدانی یەکتر

ڕۆژێکی سارد و بەفرانباری زستان بوو. کە بەیانییەکەی چوومە یەکەم وانەوە، نزیک بە نیوەی پۆل هێشتا نەهاتبوو. ناوبەناو یەکێکیان بە ژوور دەکەوت. گۆنای گشتیان سوور سوور هەڵگەڕابوو. وەك بڵێی لەبەر سەرما سووتابوون! بۆیە بە دێر کەوتوو ئەژمارم نەکردن. بەڵام عوسمان کە هات وانەکە نیوە زیاتری لێ ڕۆیشتبوو.

وتم:

- تۆ تا ئێستا ئەوەندە دوا نەدەکەوتیت. دەزانم ئێستا باسی بەفر و شەختە دەکەیت. بەڵام سەیرکە، هاوڕێکانت دەمێکە هاتوون.

عوسمان کەوتە گریان. ئەوەندەی پێنەچوو وەرینی ئەسرینەکانی بۆ سەر کولمە ئاڵ هەڵگەڕاوەکانی دەستی پێکرد...

- باشە، دابنیشە. خۆت دڵتەنگ مەکە. هەوڵ بدە جارێکی تر ئەوەندە دوا نەکەویت، باشە؟

عوسمان لە بەرانبەر ئەم قسانەمدا هەر ئەوەندەی پێکرا بە سەربادان بڵێت: "بەسەر چاو" و دانیشت. لە کۆتایی وانەکەدا، بانگی چاودێری پۆلم کرد و داوام لێکرد هەوڵ بدات بزانێ عوسمان بۆ ئاوا بەئاسانی دڵتەنگ بوو و کەوتە گریە. (شوعلە)ی چاودێر، کچێکی ژیر و تێگەیشتوو بوو، وتی: "من دەزانم بۆ. ئەگەر حەز دەکەی پێتی دەڵێم." وتم: "نا، باش لێی بکۆڵەوە و هەوڵ بدە بەتەواوی بیزانی، دواتر قسەی لێدەکەین."

دوو وانە دواتر، ئەوەی شوعلە بۆی باس کردم، زۆر کاری تێکردم. چونکە شوعلە باسی لەوە کرد کە کالە پەڕۆینەکەی عوسمان، وەك کارێز ئاو دەمژن و هەر بۆیەش هەموو ڕۆژێك کە دێتە دەوام، لەسەر سۆبای دالآنەکە، وشکیان دەکاتەوە. ئەو ڕۆژەش کە دێر کەوتبوو، لەبەرئەوە بوو کە زۆری پێچووبوو تا وشکی کردبوونەوە. ئەو پێیانەی کە بەدرێژایی زستان دەتەزن، وایان لێهاتووە لە کەش و

هەوای ناساردیش، هەر ئازاریان هەیە. تەنانەت جارێکیان پزیشك پێی وتووە باداریی هەیە.

ئەوانــەی شــوعلە وتنــی زۆر دڵتــەنگیان کــردم. بــە چــوار چــاو چاوەڕوانی هـاتنی وانـەی دواتـر بـووم لـەو پۆلـە. بـەڵام کـە چـوومە پۆلەکەوە، دڵتەنگییەکەم چەند قات زیادی کرد. چونکە عوسمان ئـەو ڕۆژە نەیتوانیبوو بێتە دەوام. دووەم ڕۆژیشـی بـوو نەیـەت. لـە هـۆی نەهاتنیم پرسی. شوعلە وتی کە وا نەخۆشە. قوتابییـەکی دیکـەم کـە هاوسـێیان بـوو ئـەوەی گێڕایـەوە کـە بـاوکی عوسمـان، دوو سـاڵ لەمەوبەر بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیـانی لەدەسـت داوە، دایکیـان بـە بەرگدروویی ئەو ماڵە دەبـات بـەڕێوە. تێکـڕای پـۆل، پێکـڕا ئـاڵابووە بێدەنگییەکی هەستەوەرانەوە. پێم وتن:

– ڕۆڵە شیرینەکانم! کێ بەوە دڵتـەنگ نییـە کـە ئـەمڕۆ عوسمـان لەنێوماندا نییـە، بـا دەسـتی بـەرز بکاتـەوە. کەسێکی وا هەیـە لـەم پۆلەدا؟

هەڵبەتە دەستی کەس بەرز نـەبووەوە. هـەر خـۆم بێدەنگییەکـەم تێکدا:

– بەپێی ئەوەی دەیبینم، هەمووتان بـۆی دڵتـەنگن. بێگومـان لـە بەرانبەر ڕووداوێکی دڵ تەنگکەردایین. بەڵام ئایا لە بارێکی وادا، تـەنها دڵتەنگ بوون بەسە؟ یان شتی تریش هەیە، پێویستە بکرێت؟

گشت پۆلەکە لە پەشیمانیدا بوو. زۆربەیان، وێڕای ئەوەی بەو بارودۆخەی عوسمانیان زانیبوو، لەبەر ئەوەی نەکەوتبوونە کار بۆ بەدەمەوە هاتنی، لۆمەی خۆیان دەکرد. هەندێکیشیان، ئەگەرچی دەیانوت: "ئێمە نەماندەزانی حالّی وایە"، بەلاّم شوعلە یەکسەر بێدەنگی کردن. وتی:



– هاوڕێینە! چۆن بە حالّیتان نەزانیوە؟ ئەو کالە شڕ و دڕاوانەی پێیتان نەبینیوە کە لەکەیەکەوە لە پێین؟...

پۆل دیسانەوە کەوتەوە بێدەنگییەکی خەمبارانەوە. پێم وتن:

– ئێستا، ئیی دی واز لە ڕابردوو بێنن... لەمەودوا دەتوانین چی بکەین؟ با بیر لەوە بکەینەوە.

هێشتا من قسەکانم تەواو نەکردبوو، دەستپێشخەریی بەدەمەوە چوونی دلّ خۆشکەر داباریین.

– ئێمە، ئەم پێنج هاوڕێیە، پێلاّوێك بۆ عوسمان دەکڕین.

– با یارمەتیی بۆ کۆ بکەینەوە.

– من دە هەزار لیرە دەبەخشم.

– با عوسمان ببەین بۆ چارەسەری...

– من دایکم دەرمانسازە، دەرمانەکانی بۆ دێنم...

– پێش ئەوە، با بیبەین بۆ لای دکتۆر...

– ڕوخسەت هەیە، ئێمە مەسەلەی بردنە دکتۆرەکەی لە ئەستۆ بگرین؟

من وەك ئەوەی لە پۆلێکی هەشتی بنەڕەتیدا نەبم، بەڵکو لە کۆبوونەوەیەکی فریشتەییانەی فریشتەکاندا بم... تەنانەت لەو قوتابییانەی لێم ڕانەدەدیتن، چ دەستپێشخەریگەلی لەخۆبردووانە دەهاتن! ئەی خودایە! خەڵکی ئێمە، لاوی ئێمە چەند باشن! هەستی بەدەمەوە چوون لای گەنجی ئێمە چەند زۆرە... بەڕاستی سەرم سوڕمابوو، وەلێ دڵخۆشییەکەم زیاتر بوو...

کاتێکیش دواتر هەموو ئەوانەم بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە گێڕایەوە، زۆر کاریان لەویش کرد و دەمودەست کەوتە بەهەند وەرگرتنی. لە ڕێی (ڕێکخراوی پاراستنی قوتابخانە)وە، سەرجەم پێویستییەکانی عوسمان دەستەبەرکران. بەو پارەیەی لە پۆلیشدا کۆکرایەوە، قاتێك تراکسۆت و کالەی بۆ کڕا. کاتێك لە وانەی «خووڕەوشت»دا، شوعلە بە ناوی پۆلەوە دانی پێی، هەم عوسمان و هەمیش تێکڕای پۆل، بە هەنسکەوە کەوتنە گریان. قەت ئەو پۆلەم ئاوا بە دڵخۆشیی نەبینیبوو. ئەو پۆلە و پۆلەکانی تریش... چەند

سەیر و ناوازەن، وا نییە؟! هەندێك جار مرۆڤ، بە ئەسرینەكانی گوزارشت لە دڵخۆشیی خۆی دەكات... ئەگەرچی عوسمان بەزەحمەت دیارییەكانی قبووڵ كرد، بەڵام پێم وایە ئەویش لەو ساتانەدا خۆشترین ساتەكانی ژیانی دەگوزەراند...

منیش سوپاسی پۆلەكەم كرد و وتم: "**پۆلەكانم! ئەم هەڵسوكەوتە جوانەتان بوو بە بەجێ هێنان و سەلماندنێكی جوانی برایەتیی ئاینی.**" ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە، هەر كاتێك لە پۆلەكانی تردا باسی یارمەتی، خێر و چاكە كردنم بكردایە، ئەوانم بە نموونە دەهێنایەوە.

دوای بیست ڕۆژێك، ئەو هەواڵەی لە پۆلێكی ترەوە پێم گەیشت، ئەوەی پیشان دەدا كە ئەو نموونەیە بە دڵی زۆر كەس بووە. عەلیی چاودێری پۆل هاتە لام و پێی وتم:

– مامۆستا! ئەو ڕووداوەی ئەو پۆلە، زۆر كاری تێكردین. یەكسەر گرووپێكی بەدواداچوونی سێ كەسیمان پێكهێنا... بۆمان دەركەوت سێ قوتابی پۆلەكەمان، پێویستییان بە یارمەتیدانە. پارە و كەلوپەلمان بۆ كۆكردنەوە و پێمان دان. بەو هۆیەوە پەیوەندیی دۆستانەمان گەلێك بەهێز بوو و وەك یەك خێزانمان لێهاتووە. ئێستا هەمووان یەكترییان زیاتر خۆش دەوێت.

کاتێك کە ئەو نموونە جوانانە لە زۆر بووندا بوون، دەرسمان گەیشتە زەکات. ئەمە هەلێکی باش بوو. چونکە زەکات ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە لە ژیاندنەوەی هەستی بەدەمەوە چوونی یەکدی.



زەکات و سوودەکانی

زەکـات وشـەیەکی عارەبییـە، لـە ڕووی زمانەوانییـەوە پاکـژی دەگەیەنێت. ئەم پەرستشـە ڕۆح و دڵـی مـرۆڤ پـاك دەکاتـەوە. ئەمـە جگە لەوەی کە ئەو ماڵەی زەکاتی لێدەدرێت، پاك دەبێتەوە. زەکـات کـە ئـەوە دەگەیـەنێت موسـڵمانی دارا سـاڵی جارێـك چـل یـەکی ئـەو قازانجـەی بەدەسـتی هێنـاوە بیـدات بـە نـەداران، یەکێکە لـە پێـنج پایەکـەی ئیسـلام. کەواتـە ئەگـەر زەکـات –کـە یەکێکـە لـە فەرمانـە حەتمییەکانی خودا– نەدرێت، ئەوا ئەو سامان یان پارە و پووڵە پیس و پۆخڵ بووە...

وەك گشت فەرمانەكانی دیكەی خودا، زەكاتیش چەندین سوودی بۆ تاك و كۆمەڵ هەیە. هەڵبەتە ئەو موسڵمانەی زەكات دەدات، بەر لە هەر شتێك، دەیەوێت یەكێك لە پایەكانی ئیسلامەتی بێنێتە جێ، ئەم پەرستشەش وەك گشت پەرستشەكانی تر، تەنها و تەنها بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خودا ئەنجام دەدات. بەڵام بەجێ هێنرانی ئەم فەرمانە خوداییە، سوودگەلێكی بێشوماری بۆ ژیانی ئێمەومانان هەیە.

ئێستا، بەر لەوەی بەكورتی باسی ئەو سوودە بێشومارانە بكەین كە زەكات بەدەستمانی دەخات، با ئەوەش بزانین، گشت تاكەكانی جڤاك سوود لە زەكات وەردەگرن. واتە زەكات پەرستشێكی وایە، كە سوودی بەس بۆ ئەوەی دەیدا و ئەوەی وەریدەگرێت قەتیس نامێنێت. ئەوەی لەو جڤاكە دەژی، سوودی ئەو زەكات دانەی بەردەكەوێت. ئێستا با بەكورتی چاوێك بە سوودەكانی زەكاتدا بگێڕین:

ئەو موسڵمانەی زەكات دەدات:

١- لە دونیاپەرستی و ئەو ماددەگەرییەی دڵی مرۆڤ ڕەق دەكات و هەڵسەنگاندنی هەموو شتێك بە پارە و پووڵ، ڕزگاری دەبێت. چونكە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پارەیەی خۆی بە دەستی هێناوە بێ

بەرانبەر بدات بە کەسانی دی، پێویستیی بەوەیە خەڵکی خۆش بوێت و سکی بە هەژاران بسووتێت و فەرمانی خودای لەبیربێت.

٢- زەکات ئەو کەسە لە ڕژدیی ڕزگار دەکات و لە بەخشندەیی ڕایدەهێنێت. ئەو چەقی بەدکارییەی کە لە ناخماندایە و پێی دەوترێت نەفس، هەمیشە فەرمانی نەبەخشین بە مرۆڤ دەدات. ئەم هەستە کە حەز دەکات تەنها و تەنها خۆمان سوود لەو نیعمەتانە وەربگرین کە هاین تێیاندا،



دەتوانین بە زەکات دان بەسەریدا زاڵ ببین. بەو جۆرە ویستی «نەبەخشین»ی نێو ناخمان بەهۆی هێزی ئیرادەوە دەگۆڕێت بۆ «بەخشین». ڕژدیی خووێکە خودا خۆشیی لێنایەت. باشترین چارەسەری ئەم خووە - کە خۆشەویستیی و بەدەمەوەچوونی نێوان مرۆڤەکان لەناو دەبات و ڕق و ئێرەیی دروست دەکات، زەکاتە. چونکە زەکات مرۆڤ ناچار بە بەخشین دەکات، ئەو کاتیش بیەوێ و نەیەوێ بەخشندە دەردەچێت. کەسێك ڕابێت لەسەر ئەوەی هەموو

ساڵێك یەك لـە چـلی قازانجـەكانی ببەخشـێتەوە، ڕێـی تێدەچێت بـە ڕژدیی بمێنێتەوە؟!

٣- خـــودای گـــەورە لـــەم گەردوونـــەی دروســـتی كـــردووە، هاوسەنگییەكی ڕاگرتووە. گشت بوونەوەرێك لە لایەكەوە وەردەگرێت و لـە لاكـەی تـرەوە دەبەخشـێت. ئـەوەی هـەر وەربگرێـت و هـیچ نەبەخشێت، ئەوا ڕاسپاردەكەی بەجێ نەهێناوە و ناپاكیی كردووە. چـونكە هـەموو ئـەوەی لـەم دونیایـەدا هەمانـە، ئەمانەتگـەلێكن بـە ئێمـەدراون، بەدڵنیاییـەوە ڕۆژێـك لـە دەسـتمان دەردەچـن، لەگـەڵ ئەوەشـــدا لەســـەریان لێپرســـینەوەمان لەگەڵـــدا دەكرێـــت. لـــەم گۆشەنیگاوە، ئەوە ڕاست نییە كەسێك بێـژێت: "خـودای مـن! بـەس بدە من". پێغەمبەریشمان (درو‌ودی خـودای لـێ بێـت) فەرموویـەتی: "ئەو دەستەی دەبەخشێت لەو دەستەی وەردەگرێت بەرزترە". بۆیە پێویستە ئـەو شـتانەی خـودا زیـاد لـە پێویسـتیی خۆمـان بەنسـیبی كردووین، ئێمەش بیدەین بە كەسـانی تـر و بـەو جـۆرە ئـەوە پیشـان بـدەین كـە خـاوەن كەسـایەتییەكی كـامڵین. ئـــەوەی هەمیشـــە وەردەگرێت و هەرگیز نابەخشێت، ئەوا لە ڕووی ڕۆحییەوە نەخۆشە.

خودای گەورە لەم گەردوونەدا یاسایەكی داناوە:

«گشـــت ئافەریدەیـــەك دەبێـــت بـــایی ئەوەنـــدەی پێویســـتیەتی وەربگرێـت و بـایی ئەوەنـدەی كەسـانی تـر پێویسـتیانە، پێیـان

ببەخشێت.» بۆ نموونە: با بیر لە درەختێك بكەینەوە: ئەوەی پێی دەدرێت تەنها ئاوێكی قوڕاوییە. وەلێ ئەو درەختە لە بەرانبەر ئەو قوڕاوە دێت و گەڵا و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەردەهێنێت و بە كیلۆ میوە بەرهەم دێنێت، دار دەبەخشێت، تەنانەت دوای ماوەیەك تەواوی بوونی خۆی بۆ ئادەمزاد فیدا دەكات. خۆ ئەگەر هەموو ئەمانە نەبەخشێت، هیچ گرنگی و مانایەك بۆ بوونی نامێنێتەوە.

با بیر لە مەڕێك بكەینەوە: لە بەرانبەر ئەو چنگە گیا یان كا و جۆیەی دەیخوات، چەند ساڵێك شیری بەتام و خوریی نازداریمان پێدەبەخشێت. كە كاتی دێت، تەنانەت گۆشتەكەشی دەبەخشێت و تەواوی بوونی خۆی بۆ مرۆڤ دەكات بە قوربانی.

بێگومان هەر درەخت و مەڕ وا نین، گشت بوونەوەران لە بارێكدان كە بۆ ژیانیان شتانێك وەردەگرن و بۆ ژیانی زیندەوەرانی تریش شتانێك دەبەخشن. ژیان لەسەر هاوسەنگییەكی پێ دان و وەرگرتن بنیات نراوە. وەك چۆن پێ دانی بێ وەرگرتن تایبەتە بە خالق، ئاواش ئەوەی لەوەی دەیسێنێت هیچ نادات بە هیچ كەسێك، یاخییە لە یاساكانی خەلق. وەرگرتن مافمانە، وەلێ پێ دانیش ئەركمانە. ئەو موسڵمانانەی خودا دەوڵەمەندیی كردووە بە قسمەتیان، ئەو زەكاتەی داوایان لێكراوە بیدەن بەو هەژارانەی كە هەقی خۆیانە، ئەگەر بێت و ئەو فەرمانە پێشێل بكرێت، كەسایەتیی ئەو دەوڵەمەندە گەشە

ناكات، بەردەوام بەهۆی ئەو هەستی تاوانبارییەی لە ناخیدا هەڵیدەگرێت، ئازاری ویژدان دەچێژێت و لەلایەن کەسانی تریشەوە خۆشەویست نابێت و حسێبی بۆ ناکرێت.

٤- ئەو کەسانەی زەکاتەکانیان دەبەخشن، لە خێرکردن و یارمەتیدان ڕادێن. بەهۆی چەشتنی ئەو خۆشییەی ئەو جۆرە کارانە بە مرۆڤی دەبەخشن، هەر بە زەکاتدان ناوەستن، بەڵکو بەدەم کاری یارمەتیدانی تریشەوە دەچن.

٥- پەرستشی زەکات، سوپاسگوزارییەکە لە بەرانبەر ئەو دەوڵەمەندییەی خودای گەورە داویەتی. شوکرانەی ماڵ و پارە و سامان، تەنها بەوە دەبێت کە ئەو بەشەی لەناویدا مافی هەژارانە پێیان بدرێت. چونکە شوکرانەی دەوڵەمەندیی هەر بە زمان ناکرێت.

٦- زەکات ئەوە بەبیر کەسەکە دێنێتەوە کە خاوەنی ئەسڵیی ئەو سامانە خودای گەورەیە. ئەوەی بەبیردا دێنێت کە ئەو تەنها ئەمانەتدارە لەسەری. ئەوەی بیر دەخاتەوە کە دونیا و هەرچییەکیش لەسەری هەیە، دێت و دەڕوات و ڕۆژێك هەر لەژێر دەستی دەردەهێنرێت. چونکە دەوڵەمەندیی ئەنجامی ژیریی و ڕەنجدانی زۆر نییە. زۆر کەسی ژیر هەیە و زۆریش هەوڵ دەدەن، بەڵام دەوڵەمەند نابن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەشێ دەوڵەمەندیی لە ئەنجامی ژیریی و کارکردنی بە پلان بەدەست بێ، بەڵام بەر لە هەر شتێك بەوە

بەدەست دێت کە بڕیاری خودای لەسەر بێت. کە بە بڕیاری ئەو بێت، ئایا پێویست ناکات لەسەر فەرمانی ئەویش بدرێت بە هەژاران؟

٧- ئەو کەسەی زەکات دەدات، دونیای ناوەوەی ڕۆشن دەبێتەوە و شادی و ئاسوودەیی ناخی زیاد دەکات. یارمەتیدانی کەسێك تەنها و تەنها لە پێناوی خودا و بێ چاوەڕوانی کردنی هیچ شتێك لە کەسەکە، یەکێکە لە گەورەترین هەستەکانی دونیا. ئەگەر ئاسوودەیی ئەوەشی کە فەرمانی خودا بەجێهێنراوە بخرێتە سەری، ئەوپەڕی شادیی دێتە ئاراوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی برسییەك تێر دەکات، سەرەتا خۆی تێر دەکات. ئەوەی ڕووتێك پۆشتە دەکات، ئەوا سەرەتا خۆی پۆشتە کردووە. تەنانەت ئەو کەسەی یارمەتییەکەی داوە زیاتر لە ناخی دڵییەوە هەست بە خرۆشانێکی بەچێژ دەکات لەو هەژارەی تێر و پۆشتە و پەرداخ بووە. ئا بۆ گەیشتن بەو شادییە ڕاستی و باقییە، زۆرێك لە کەسە داراکان، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە دەزگا خێرخوازییەکان ئەرك دەگرنە ئەستۆ و بگرە وەقف دادەمەزرێنن.

٨- زەکات مرۆڤ لە تەنگژە ڕۆحی و دڵییەکان ڕزگار دەکات. چونکە ئەو کەسەی زەکات دەدات، لە ڕێی ئەو خۆشی و ئاسوودەییەی لە دونیای ناوەوەیدا

هەستی پێدەکات، ڕزگاری دەبێت لەو فشار و ناڕەحەتییانەی کاروبارەکانی ژیان دروستی دەکەن. قورسترین دڵتەنگی و گرێ کوێرەکان بە بزەی هەزارێکی دڵسووتاو دەکرێنەوە و نامێنن... خودای گەورە کرێی هەموو چاکە کردنێکی لەناو ئەو کارە چاکەدا وەك پێشینەیەك داناوە.

لە هەندێك لە وڵاتە ئەورووپاییەکاندا، پسپۆڕان بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی زیاد کەوتنە دوای کارە ماددییەکانەوە تووشی کێشە و گرفت هاتوون، وەك شێوازێکی نوێی چارە کردن، ئامۆژگارییان دەکەن یارمەتیی ماددیی کەسانی تر بدەن.

ئەوانەی ئەوەندە خۆپەرست و قرچۆکن کە هیچ شتێك لەوەی بەدەستی دەهێنن نابەخشن بە هیچ کەسێك، ئەو کەسە دەمارگرژ و دڵ پڕ لە دڵەڕاوکێیانەن کە بەردەوام لە خەمی ئەوەدان قازانجی زیاتر بەدەست بهێنن. ئەم نەوعانە، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە حاڵێکی خراپی دەمارگرژیدان، تەندروستییشیان زوو تێکدەچێت. هیچ کەسێك و بەتایبەت هەژارەکان ئەم جۆرە مرۆڤانەیان خۆش ناوێ و تەنانەت هەندێکیان دەکەونە دوژمنایەتیشیان. کەواتە ئەوانەی دونیا لایان بەس گوزارشتە لە ماددە، ئاسایشی گیان و سامانیشیان هەمیشە لە مەترسیدایە. ئەم جۆرە زەنگینانە، لە ڕوویێکەوە بۆیان بڕوانی، زیندانیی دەستی سامانەکانیانن. ماڵ و پارە و قازانج، ئاڕاستەیان

دەكەن و بەدوای خۆيانيان دەخەن. ئەمە لە كاتێكدايە كە ئەوانەی كەسانی تريش لە زەنگينييەكەيان سوودمەند دەكەن، ئەوا سامانەكانيان بەند كردووە و خستووياننەتە خزمەت و ژێر فەرمانی خۆيانەوە. ئەوەی وا لە دونيا گەيشتووە، ئەوا لەوە گەيشتووە ئەم دونيايە كاتييە، دێت و دەڕوا و شوێنی تاقيكردنەوەيە. بەم جۆرەش لەوە ڕزگاری دەبێت دڵی بە دونيا و ماڵ و سامانەوە بەند ببێ.

٩- زەكات سامانی فانيی مرۆڤ دەكات بە باقی و ئەبەدی. ماڵ و سامانی بێ‌نرخ، نرخ پەيدا دەكات، يان نرخی لە نرخی خۆی زياتر بەدەست دەهێنێت، چونكە ئەو پارەيەی لە يارمەتيدان و كاری خێر و چاكە دەڕوات، ئەوا لە پێناوی خودادا سەرف كراوە.

بەم جۆرە ماڵ و سامانی فانيی كە خاوەن بەهايەكی ديارە، وەردەچەرخێتە سەر خێرێكی وا كە ژيانێكی كامەرانيی نەبڕاوە لە بەهەشتی ئەبەديدا دەستەبەر بكات.

وەك چۆن ئەو تۆوە وردەی دەيخەينە ژێر گڵ دەبێتە درەختێكی گەورە و هەزاران هێندەی خۆی گەورە دەبێت، ئەو ماڵ و سامانەی دەدرێتە خودا و لەپێناو ڕەزامەنديی ئەودا خەرج دەكرێت، ئاوا گەورە دەبێت و نرخ پەيدا دەكات... ڕێی پێ دانی ماڵ و سامانيش بە خودا، بە زەكاتدا تێدەپەڕێت.

١٠- ئەو سامانەی دەدرێتە خودا، لە دونیاشدا بەرەکەتی زیاد دەبێت. ئەگەر نا، ئەوا لە جێی خۆیدا سەرف نەکراوە و بەوەش لە دەست دەردەچێت و لە کورتیی دەدات.

١١- زەکات نیشانەیەکی گرنگی وابەستەیی مرۆڤ بە خودا و تەسلیم بوونە پێی. چونکە ئەوەی زەکات دەدات ئەوا ملی بۆ داد و فەرمانی خودا کەچکردووە و خووی دانی هەق بە خاوەنەکەی بەدەست هێناوە. باوەڕی مرۆڤی لەو جۆرە بەهێز دەبێت.

زەکات بۆ ئەو هەژارانەی وەریشی دەگرن، سوودی هەیە:

١- زەکات، نەداران لە ئاتاجییە زۆر پێویستەکانیان ڕزگار دەکات. بەم جۆرە ئەوانەی لە ڕووی ماددییەوە لە بارێکی دژواردان، ئەوانەی لەژێر موحتاجی و قەرزداری نالّەیانە، دەگەن بە ئاسوودەیی و کامەرانیی.

٢- زەکات هەستی ئێرەیی پێبردن و تەنانەت دوژمنایەتی کردنی دەوڵەمەندان لای هەژاران لادەبات. بەهۆی ئەو یارمەتییانەی تەنها و تەنها لە پێناوی زاتی خودادا پێیان دەدرێت و چاوەڕێی هیچ پاداشتێکیان لێ ناکرێت، دڵیان نەرم دەبێت و پڕ دەبێت لە خۆشەویستیی.

٣- هەژاران دەبنە مایەی ئەوەی موسڵمانە دەوڵەمەندەکان خێری زەکاتیان بەربکەوێت. چونکە ئەگەر لە جڤاکدا هیچ هەژارێك نەبوایە، دەوڵەمەندەکان چۆن پاداشتی زەکاتیان دەست دەکەوت؟ بەم بۆچوونەوە ئەو هەژارەی زەکاتەکە وەردەگرێت بە بیرکردنەوە لەوەی کە دەوڵەمەندەکەی لە قەرزداریی مەعنەویی ڕزگار کردووە، سووك نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پایەیەکی ڕێزلێگیراو لەنێو جڤاکدا بەدەست دەهێنێت. لەم گۆشەنیگایەوەیە پیاوێکی گەورەی ئیسلام فەرموویەتی:

"ئەگەر ئەو دەستەی وەردەگرێت ماچ بکەین، جێی خۆیەتی. چونکە لە چارەی ئەوانە خێری زەکات و سەدەقە بەدەست دەهێنین..."

سوودە کۆمەڵایەتییەکانی زەکات:

١- زەکات هاوسەنگییەکی ئابووری لە کۆمەڵگەدا دێنێتە ئاراوە. بەوەی وا لە دەوڵەمەند دەکات بەشێکی سامانەکەی بە هەژاران ببەخشێت، ئەو جیاوازییە داراییەی لەنێوانیاندا هەیە، لە ئاستێکی دیاردا ڕادەگرێت. دەوڵەمەند زۆر دەوڵەمەند و هەژاریش زۆر هەژار نابێت.

٢- زەکات بیمەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بەتایبەت بە هانای هەژار و نەدار و قەرزدار و بێدەرەتانانی جڤاکەوە دەچێت. ئەم بیمە کۆمەڵایەتییە کە ئیسلام بەر لە ١٤٠٠ ساڵ دایمەزراندووە، وڵاتە مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٤١ ئینجا توانیویانە دایبمەزرێنن. لە ڕێککەوتننامەی (ئەتڵەنتیک)ی نێوان ئەمریکا و ئینگلتەرادا، بۆ یەکەم جار بڕیار لەسەر دامەزراندنی دەزگای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان دراوە.

٣- زەکات پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ هەڵمەتی هەڵسانەوەی کۆمەڵگە لە ڕووی ئابوورییەوە. چونکە بەر لەوە دەگرێت پارە ستۆک بکرێت و لە کونج و کەلەبەردا بشاردرێتەوە و، بەرەو وەبەرهێنان ئاراستەی دەکات. ئەگەر نا، ئەو پارەیە هەموو ساڵێك زەکاتی لێ نەدرێت، ڕوو لە کەمی و نەمان دەکات. هەرچی ئەو پارەیەیە کە دەخرێتە وەبەرهێنانەوە، بەوەی بەردەوام ڕوو لە کردنەوەی مەیدانی

کار و ئەو مەیدانانەیە کە داهاتی میللی زیاد دەکات، خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات.

٤- زەکات بوونی ئەو چینەی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەنددایە و بە «چینی ناوەند» ناوزەد دەکرێت، بەهێز دەکات. توانای هاتنی هەژاران بۆ ئەم چینە ناوەندە زیاد دەکات. بەم جۆرە ئەم چینە -کە کۆمەڵگە لەسەر پێ ڕادەگرێت- قەیرانی گوزەرانی کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە و جووڵە دەخاتە بازاڕەوە. بەم شێوەیە ئەوەی کە خودا قەدەغەی کردووە «سامان تەنها لە دەستی دەوڵەمەندان بێت و بچێت»، لەناو دەچێت. چینی ناوەند، ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان هەژار-دەوڵەمەند ناهێڵێت، یان هەر هیچ نەبێت کەمی دەکاتەوە...

٥- زەکات کە هەستی بەدەمەوە چوون و پشت یەك گرتنی نێوان خەڵکی دەژیێنێتەوە، پێکەوە سازان و هارمۆنیای نێو کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ساغڵەم و بەهێز بێت، وا پێویست دەکات مرۆڤەکان یەکدییان خۆش بوێت. لەسەر پێ وەستانی خۆشەویستیی نێوان مرۆڤ و گرووپە جیاوازەکانیش، بەندە بە پشت یەك گرتنی ماددییانەی یەکدی. نزیکیی بە دڵ و گیان و گەرموگوڕیی نێوان ئەو کەسانەی هاریکاریی ماددیی یەکتری دەکەن، بەئاسانی لەژێر کاریگەریی ناحەزانی جڤاك تێکناچێت. پێغەمبەریشمان (دروودی خودای لێ بێت) بە فەرموودەی: "زەکات

پردی ئیسلامه"، گوزارشت لەمە دەکات. هەر بۆیە ئەو ئایدۆلۆژیا زیان بەخشانەی کە لە ئەنجامی جیاوازیی چینایەتیی نێوان مرۆڤەکانەوە هاتوونەتە گۆڕێ، ناتوانن ئەوەندە لەنێو موسڵمانانندا — کە گرنگی بە زەکات و خێر دەدەن— بڵاو ببنەوە.

٦- زەکات گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی بونیادی کۆمەڵایەتی لە ڕاپەڕین و داگیرکاریی و گێرەشێوێنیی. هەر بەڕاستیش ئەگەر چاوێك بە مێژووی جیهاندا بخشێنین، دەبینین کە گشت گەندەڵی و داگیرکاری و کارە ناڕەواکان لە دوو ڕستەوە سەرچاوەیان گرتووە، یەکەمیان: «با من تێر بم، ئیتر ئەوانی تر دەمرن نامرن بە من چی؟!»، دووهەمیشیان: «تۆ لە ڕەنج دانندا نغرۆ ببە، تا من لە خۆشی و نیعمەتەکاندا بحەسێمەوە. تۆ بیکە تا من بیخۆم. ڕەنجدان لە تۆ و خواردنیش لە من!»

ئا ئەوەی کە ئەم هزرەی دونیای مرۆڤایەتی بەرەو داڕمان و لەناو چوون دەبات و لە ڕەگەوە هەڵیدەکێشێت زەکاتە.

٧- ئەوەی کە ناوبڕی نێوان دارا و نەداران لا دەبات و تۆوی پەیوەندیی و دۆستایەتی و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دەچێنێت، زەکات و یارمەتیدانی یەکترە. ئەگەر زەکات و یارمەتی دانی یەکدی لەنێوان ئەو دوو چینە نەمێنێت و بە بۆچوونێکی ماددییانەوە و تەنانەت لە بەرانبەر یارمەتیدانەکانیشدا چاوەڕوانیی پاداشتی قورس

بکرێـت، جیـاوازیی نێـوان ئـەو دوانـە قـووڵتر دەبێتـەوە، پەیوەنـدیی نێوانیان دەپچڕێت و هەستی دوژمنداریی گەشە دەسەنێت. هەر لەبەر ئەمـەش لـە هەژارانـەوە بـۆ دەوڵەمەنـدەکان، لـەبری گوێڕایـەڵی و خۆشەویسـتیی، هـەوڵی دەسـت بەسـەردا گـرتن و هەسـتی ئێرەیـی پێبردن بەرز دەبێتەوە. لە دەوڵەمەندەکانیشەوە بۆ هـەژاران، لـەبری بەزەیی پێداهاتنەوە و یارمەتیدان و بەدەمەوە چوون، زوڵم و فشـار و سـووکایەتی پێکـردن دادەبارێـت. دەوڵەمەنـدەکان بـەهۆی ئـەو ئیمکانییەتانـەی هەیانـە، لەکاتێکـدا کـە پێویسـتە بـە خاکسـاری و بەزەیی پێداهاتنەوەوە مامەڵە بکـەن، بـەخۆ دەنـازن و بـوغرا دەبـن. هەژارەکانیش دەپلیشێنرێنەوە و سووکایەتییان پێدەکرێت.

بەڵێ، بۆ ئەوەی ئـەم بـارە خەمناکـەی کـە لـە سـەراپای جیهانـدا بەدی دەکرێت، لەناو ببرێت، دەبێـت زەکـات و سـەدەقە و پەرستشـە هاوشـێوەکانی تریـان بهێنرێنـەجێ. کەواتـە زەکـات ئـەو فەرمانـە خوداییـە پڕخێـر و بەرەکەتەیـە کـە زینـدوێتی و ڕێکیـی بـە کۆمەڵگـە دەبەخشێت.

***

دوای ئەوەی بەم جۆرە سوودەکانی زەکات هاتنە ڕوون کردنـەوە، یەکێك پرسیاری ئەوەی کرد کە کێن ئەوانەی زەکاتیان لەسەرە.

– ئەگەر بمانەوێت بە کورتی بیڵێین، هەموو ئەو موسڵمانە ژێرە باڵقانەی هەبوونن، ئەم پەرستشەیان لەسەرە.



● ململانێی ڕەنج – سەرمایە، لە جیهانی مرۆڤایەتیدا بووە بەهۆی گەلێك تەنگژە.

– باشە، مامۆستا! بەپێی ئاینەکەمان کێن ئەوانەی بە هەبوون دێنە ئەژمار؟

– ڕۆڵە گیان! ئەمە باسێکی جیایە و زۆر ئاو دەکێشێت. ئەگەر حەز دەکەن، لە وانەیەکی تردا ئەمەتان بۆ باس دەکەم...

– مامۆستا! ئەگەر ئێستا بەکورتییش بێت، باسی بکەیت، زۆر باش دەبێت، چونکە خەڵکی عادەتیانە کە باس دێتە سەر بەخشین، خۆیان بە دەوڵەمەند دانانێن. هەموو خۆی پێ حاڵ مامناوەندییە. هەر بۆیە ناوی دەوڵەمەند بێ، بەس وەهبی کۆچ و ساکیب سەبانجی[1] بە مێشکدا دێن.

١– دوو گەورە ملیاردێری تورکیا بوون–وەرگێڕ

چاودێر قسەکەی هەق بوو. هەر بەڕاستی کە باس دێتە سەر بەخشین، زۆر کەس تەنانەت خۆی پێ هەژاریشە.

– دە باشە، مادام با بە چەند ڕستەیەك باس لەوانە بکەین کە ئاینەکەمان پێی وایە دەوڵەمەندن: ئەوانەی کە زەکاتیان لەسەرە، یان بە گوزارشتێکی دی، ئەوانەی بە تێڕوانینی ئاین دەوڵەمەندن، ئەوانەن کە هەموو پێویستییەکانیان دەستەبەر بووە. بۆ کەسێکی ئاسایی، دوای ئەوەی کە سەرجەم پێویستییە سەرەکییەکانی دەستەبەر بێت و قەرزیشی لەسەر نەبێت، هێشتاش ماڵ و سامانێکی دیاری هەبێت، دەوڵەمەندە و زەکاتی لەسەرە. ئەم پێوەرەی ساماندارییە، بەپێی خاوەندارێتی ماڵ و سامانەکە دەگۆڕێت. بەڵام با من یەك دوو نموونەتان بۆ بێنمەوە کە زۆر دەهێنرێنەوە: بۆ نموونە، ئەوەی کە بە لایەنی کەم ٨٠,١٧ گرام زێڕی هەبێت، بە دەوڵەمەند دێتە ئەژمار. ئەگەر دوای پێداویستییە سەرەکییەکانی و لە دەرەوەی قەرز، ٨٠,١٧ گرام زێڕ یان زیاتری هەبێت، زەکاتی لەسەر دەکەوێت. ئا ئەم کەسە، دەبێت چل یەکی ئەم بڕە زێڕە –واتە دوو گرام زێڕ– وەك زەکات ببەخشێت بە هەژاران.

یان با بیر لە یەکێك بکەینەوە کە ئاژەڵداریی دەکات. ئەم پیاوە ٨٠ سەرە مەڕی هەس. بەو پێیەی لەسەریەتی چل یەکی بە زەکات

بدات، دەبێت دوو سەر مەڕ، یان نرخەکەیان، وەك زەکات بدات بە هەژاران.

ئەم جارەشیان فەیلەسووفی پۆل خۆی دەخزێنێتە نێو قسەکانەوە:

– مامۆستا! ئەگەر وا بێت، ئێمە تا هەتایە پەرستشی زەکات بەجێ ناهێنین.

– نا، کوڕم! تاهەتایە نا... ڕەنگە ئێستا... بەڵام ئیششەڵڵا لە ئایندەدا فرە دەوڵەمەند دەبن. ئەو سا زەکاتی خۆتان دەدەن و خێری خۆتان بەدەست دەهێنن.

– بەڵام ئەی ئەگەر دەوڵەمەند نەبووین، ئەو کات ناتوانین ئەم پەرستشە کە ئەوەندە گرنگە، بێنینەجێ و ناشتوانین ئەو پاداشتە زۆرەی کە باستان کرد لای خودا هەیەتی، وەربگرین. ئایا ئەمە نادادی نییە؟

– نەخێر، بە هیچ کلۆجێك نادادی نییە. چونکە ئەگەر خودای گەورە هەموو کەسێکی ئەم دونیایەی بە هەبوونی و دەوڵەمەندی بەدیبهێنایە، ئەو کاتیش هەر نەدەتوانرا پەرستشی زەکات بهێنرێتەجێ، چونکە دەبێ کەسانێکی هەژاریش هەبن وەریبگرن. ئینجا دونیایەك کە هەمووان تێیدا دەوڵەمەند بوونایە، دەبوو بە دونیایەکی بێ هاوسەنگیی و دوور لە ئارامی. بۆ ئەوەی بتوانین

ژیانێکی پڕ لە هاوسەنگیی و ڕێکوپێك بژین، خودای گەورە وەك چۆن لە ڕووی شکڵ و شێوەوە جیاواز خولقاندووینی، ئاواش لە ڕووی گوزەرانەوە جیاواز خولقاندووینی. ئیی تر، هەندێك دەوڵەمەندە و هەندێك هەژار، هەندێکی تریش مامناوەند...

- دونیایەك هەمووان تێیدا دەوڵەمەند بوونایە، دەبوو بە دونیایەکی بێ هاوسەنگیی و دوور لە ئارامیی.

بەم جۆرە جیاوازییەکان بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ژیان بە بێکەموکوڕیی، هەر دەبێ هەبن. ئەگەر هەمووان دەوڵەمەند بوونایە، ئەی کێمان لە کارگەکاندا بکردایە کرێکار؟ کێمان لە کۆڵانەکاندا بکردایە پاککەرەوە؟ کێمان لە بەندەر و گەراج و کۆگاکاندا بکردایەتە حەماڵ؟ مانای وایە لە دونیایەکدا کە هەمووان بەڕێوەبەر بوونایە، هەندێك کاروبار –کە زۆر گرنگن و ژیان لەسەریان بەندە– ڕایی نەدەکران و هەر بۆیەش دونیا لە ماوەیەکی کەمدا دەبوو بە شتێك مایەی گوزەراندن نەبێت... ئەمە سەرباری ئەوەی کە مەحاڵ بوو

هـەمووان خـاوەنی هـەمان داهـات بوونایـە. چـونکە ژیـری و توانـا و خێرایـی کـارکردنی هـەموو مرۆڤـەکان، وەك یـەك نـین. خـۆ ئەگـەر سـەرباری ئەمـە، هێشـتا بـاری گـوزەرانی هـەموویان لـە یـەك ئاسـتدا بوایە، ئەوە دەبوو بـە شـتێك کـە لەگـەڵ دادگەریـدا نەیەتـەوە. ئەمـە وێڕای ئەوەی کـە بـۆ هـەر جـۆرە کارێـك، جـۆرە مرۆڤێـك لـە توانـا و ئاسـتی جیـا پێویسـتە. ئەگـەر بـۆ کـاری جیـا جیـا، هـەمان پاداشـت هەبووایە، ئەوەش هەر نەدەبوو بە دادگەریی. ئەو کات لەبـەر ئـەوەی پاداشت یەکسان دەبوو، هەر کەسە و دەچووە سـەر کـارە بچـووك و ئاسـانەکان، کـارە گرنگـە پێویسـتەکانیش کەسـیان نـەدەبوو ڕایانپەڕێنێت. بەم جـۆرەش، بـەهۆی فـەرامۆش کردنـی ئـەو کارانـەی ژیان پێیانەوە بەندە، ڕێککاریی ژیان دەشێوا.

***

سوودێکی تری زەکـات ئەوەیـە هـانی موسـڵمانان دەدات کۆشـش بکـەن بـۆ ئـەوەی بگـەن بـە ئاسـتێك بتـوانن زەکـات بـدەن. ئـەوە هەسـتێکی زۆر جوانـە کـە هـەوڵی دەوڵەمەنـد بـوون بـدرێ تـەنها بـۆ ئەوەی یەکێك لـە پایـەکانی ئیسـلام بهێنرێتـەجێ. مـن گەورەیـەکمانم بینیوە کە بەڕاستی ئەم هەستەی هـەبووە. ئـەو کەسـە بەختـەوەرە، حیساباتی سـاڵێکی خـۆی کردبوو، کـە بـۆی دەرکـەوتبوو ئـەو سـاڵە یەکەم ساڵییەتی زەکاتی بکەوێتە سەر، یەکـەمین ئیشـی ئـەوە بـووە

چووبوو دوو ڕکات نوێژی شوکرانەی کردبوو. شوکرانە کردنی خودا بە فرمێسك ڕشتنەوە لە بەرانبەر ئەوەی کە ئەرکێکی نوێت کەوتووەتە سەر شان، بەڕاستی هەستێکی جوانە، ئەی وا نییە؟

پشت بە خودا، ئێوەش ئەم خۆشییە لە ژیانتاندا دەچێژن...

بەڵام لەسەر قسەی ئەو قوتابییەم – کە ئەو پرسیارەی کرد و ئەو ڕۆژەی زۆر بە دوور دەبینی کە دەوڵەمەند ببێت و بتوانێ زەکات بدات، بڕیارم دا ئەوەیان بۆ ڕوون بکەمەوە کە زۆر شێوازی دیکەی یارمەتیدان هەیە:

– ڕێی یارمەتیدانی خەڵکی، تەنها بە زەکاتدا تێناپەڕێت. سەدەقەش هەیە... ئەوەش هەر خێرە و دڵی هەژاران خۆش دەکات. ئێوە بەو توانا سنووردارەی ئێستاشتانەوە، دەتوانن سەدەقە بدەن و خێر و چاکە بە دەست بێنن. ئەگەر لە کاتێکدا کە خۆتان یەك لەسەر یەك لەفە دەخۆن، لەفەیەکیش بۆ ئەو هاوڕێیانەتان بکڕن کە پێیان ناکڕێت، یان هەر شتێکی تر لە تواناتاندا بێت، بۆیان بکڕن و پێیان بدەن، ئەوە هەموو ئەمانە خێرن. ئەوە نییە زۆربەتان لە ڕەمەزاناندا، بەر لە جەژن سەرفترە دەدەن، ئا وەك ئەوە... ئەوەش زەکاتی جەستە و تەندروستیتانە.

نابێت ئەوەش لەبیر بکرێ، کە خێر و سەدەقە تەنها بە پارە و لەفە و قەڵەم و دەفتەر نییە... ڕێی تریشی هەیە. بۆ نموونە کاتێك

خۆتان له دەرسێکدا باشن، ببێن و ببدەنەوە بە هاوڕێیەکتان کە وەك ئێوە لێی تێناگات، ئەوەش خێر و زەکاتە. ئەوەش زەکاتی ئەو زانیارییەیە کە خودا پێی داون. وەك چۆن یارمەتیدانی هاوسێیەکتان لە هەڵگرتنی دار و ڕەژووش، زەکاتی تواناتانە... تەنانەت ڕووخۆشییش سەدەقەیە. ئەمەش سەدەقەی ئەو دڵخۆشییەیە کە هان تێیدا. لەبیرتان نەچێ، بە بزەکردن لە بەرانبەر هاوڕێیەکتاندا کە دڵی تەنگە و خەمی هەیە، بەقەد خێر کردن بە هەژارێك چاکە بەدەست دێنن...

ئەگەر لە ئەسڵی مەسەلەکە بڕوانن، هەموو شتێکی باش و بەسوود، هەموو ئیشێکی خێر، خێر و چاکەیە. هەر وەك چۆن هەموو شتێکی خراپ و زیان بەخش، هەموو ئیشێکی خراپ، یاساغ کراوە و هەر بۆیەش بە گوناه دانراوە.

بەدوادا گەڕان، لێپرسین

یەکێك لە جوانترین ڕووەکانی ژیان، ئەوەیە کە خەڵکی بە دوای یەکدا دەگەڕێن. باشە بۆ کەسێك بەدوای کەسێکی دیکەدا دەگەڕێت؟ لەبەر ئەوەی خۆشەویستە لای و حسێبی بۆ دەکات، وا نییە؟ ئا ئەم جۆرە بەدوادا گەڕانە، یەکێکە لە بەتامترین خۆشییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. بەپێچەوانەوەش، بەدوادا نەگەڕان، هۆکارێکی گەورەی دڵتەنگییە.

تۆ بڵێی بۆ من باسی ئەمانە بکەم؟ ڕۆڵەکانم! پێویستە لەسەرتان هەوڵ بدەن ببن بە کەسانێك کە حسێب بۆ کراو و خۆشەویست بن و بەو هۆیەشەوە خەڵکی بەدواتاندا بگەڕێن و بیرتان بکەن. هەر وەك پێویستە هەوڵ بدەن لەو کەسانەش بپرسنەوە و بەدوایاندا بگەڕێن،

که کەسیان نەماوە لێیان بپرسێتەوە و بەدوایاندا بگەڕێت، یان بڵێین کەم بووەتەوە.... بەتایبەت بەساڵداچووەکان... ئەمە هەم ئەرکێکی مرۆییە، هەمیش پەرستشێکە کە خێری زۆری لێوە دەست دێت.

بەدوادا گەڕان و لێپرسرانەوە هەموو کاتێك باشە، وەلێ لە هەندێك کاتدا مرۆڤ وای لێدێ چاو لە دەرگا بێ. قەت ئێوەش واتان بەسەردا نەهاتووە کە بەوپەڕی پەرۆشییەوە چاوتان لە هاتنی کەسێك بوو بێت و لە سەردانکەرێك گەڕابن؟ مرۆڤ لە کاتی نەخۆش کەوتندا لێوان لێو دەبێت لەم هەستە. بینینی خۆشەویستێکی، ئاشنایەکی بە دیار سەرییەوە، دیتنی دەمێکی بەخەندە، بیستنی قسەیەکی خۆش، چ ئاسوودەییەکی گەورە بە نەخۆشەکان دەبەخشێت!...

لە هەندێك دۆستی بچووکمەوە ژنەفتم و فرە هەستم بزوا. دەزانن چی دەکەن ئەوان؟ چوونە کاتی سەردانیی چەند نەخۆشخانەیان زانیوە. چەند هاوڕێیەك پێکەوە کۆ دەبنەوە و چەند دیارییەکی بچووك دەکڕن و سەر دەکەن بە نەخۆشخانەکاندا. بۆ سەردانی کێ؟ بۆ سەردانیی ئەو نەخۆشانەی قەت نەیانناسیون. سەیر دەکەن کام نەخۆش سەردانکەری کەمە، دەیخەنە نێو خۆشییەکی بێسنوورەوە.

هەموومان ئەوە دەبینین کە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، وەفا و دۆستایەتی زۆر لە کورتیی داوە. لە هەلومەرجێکی وادا، ئەوەی کە ئەم دۆستە بچکۆلانانەم پێی هەڵدەستن، بەڕاستی زۆر هەستی

بزواندم. ئافەرین بۆیـان. بەڕاسـتی دەرسـێکی گـەورە و جـوان فێـری هەموومان دەکەن، بەتاییـەت ئـەو گەورانـەی کـە سـەردانی نـزیکترین کەسەکانی خۆیان ناکەن.

ئەریٚ خوشك و برا خۆشەویستەکانی تریشـمان نایانـەوێت هـەمان شت تاقی بکەنەوە؟ تاقیی بکەنەوە، هەست بەوە دەکەن و بە چـاوی خۆیان دەبیـنن کـە ئـەمـە چ سەرچاوەیەکی گـەورەی بەختەوەرییـە. دڵـەکانمان بـۆ گـەرم بوونـەوە حەوجەیـەکی زۆریـان بـەم هەسـتی دۆستایەتیی و ئەمەکدارییە هەیە.



مرۆڤ چۆن دەبێ بە مرۆڤ؟

مرۆڤ لە هەموو شتێك كەمتر عەودالّی خۆیەتی. ئەمە لە كاتێكدا كە خۆی گەلێك لەو شتانەی عەودالّیانە، پڕ هونەر و نەزانراو و ئالۆزترە. مرۆڤ بەر لەوەی مەتەڵی مرۆیەتی حەل بكات، هەڵدەستێت مێشكی خۆی بە نەزانراوەكانی ترەوە خەریك دەكات. بە جۆرێك كە مەراقی ئێمە، تەنانەت لە تەمەنەكانی منداڵییشدا، لەو شتانە دەكۆڵێتەوە، كە زۆر لەو دیوی ئەم زەوییەوەن، لەسەر بۆشایی ئاسمان و بێ كۆتا دەوەستێ.

پرسیاری «مرۆڤ چییە؟»ش بەردەوام لە پلانی دووەمدا دەمێنێتەوە، ئاوەز هەڵناسێ بەوەی لێی بكۆڵێتەوە و ماهییەتەكەی ئاشكرا بكات. (یونس ئەمرە)ی شاعیر، چەند جوان دادەبەزێتە سەر

ئەوانەی ڕازەکانی خۆیان کەشف ناکەن و خوو دەدەنە قووڵاییەکانی ئاسمان و زەوی:

زانســـت، عیلم و زانینە

زانســـت خـۆ نـاسـینـە

تۆیەك کە خۆت نەناسی

تو خوا ئـەوە زانینـە؟!

«خۆت بدۆزەرەوە، خۆت بناسە» ئامۆژگاریی هاوبەشی گشت دانا و فەیلەسووفان و تەنانـەت پێغەمبەرانیشە(سـەلامی خوایـان لەسـەر بێ). کەچی سەرباری ئەمە، ئەوەی کە مرۆڤـایەتی کـەمترین گـوێ و گرنگیی پێـدەدات، ئـەم ئامۆژگارییەیـە. (محەمـەد عـاکیف)ی شـاعیر دەڵێت:

"مرۆڤ لەسەریەتی دوو شت بزانێت: حـەددی و حیسـابی... مـن حەددی خۆم دەزانم، وەلێ قەت نەمتوانیوە حیسابم بزانم..."

مرۆڤی ئەمڕۆش، چەندێك دوور کەوتووەتەوە لەوەی ئەو حەددەی عـاکیفی کـردووە بـە عـاکیف بزانێـت، ئەوەنـدە خـەریکی حیسـاباتە. ئەوەی کـە بـووە بـە مـاددە پەرسـتێکی وا کـە حیسـابی قـرووش بـە قرووشی خۆی دەزانێت، لەناو چ گێژاوێکی ترسناکی حەدد (سنوور)ی خۆ نەزانیندایە، ئەی وا نییە؟ مرۆڤ کە وای لێهات حیسابی خۆی باش بزانێـت، بـەڵام خـۆی نەناسـێت و حـەددی خـۆی نـەزانێت، بـوو بـە

خۆپەرست و وای لێهات تەنها و تەنها لە بیری گەدەی خۆیدا بێت. بەو جۆرە حەددی خۆی تێپەڕاند و زۆر ئەولا چوو. بە جۆرێك، بەهۆی تەژی بوونی لە هەستی متمانە بەخۆ بوون، نەفسی خۆی کرد بە فیرعەون و بە لەخۆبایی بوونێك کە ئەقڵ نەیبڕێ، لە گشت هەستە مەعنەوییەکانی دوورکەوتەوە. بەو جۆرە مرۆڤ بە خۆ نەناسین و سنوور بەزاندنی، دەستی لە مرۆیی کێشایەوە. لە ناو ئەم گەشتەی خۆ ون کردنەدا، وای لێهات لە خودای گەورەش یاخی ببێت. کە بڕیار لە دەست خۆی نەما و خۆی ون کرد، ئاساییە ئەقڵیشی لە دەست بدات، ئەی وا نییە؟

وای لێهاتووە لەم دونیایەدا شتە نائاساییەکان بوون بە ئاسایی، مرۆڤ لە دەست خۆی و ڕاستییەکانی خۆی هەڵبێت.

ئیتر یەکێك شەو و ڕۆژ لە خەمی چوونە بۆشایی ئاسماندایە و یەکێکی تر خەریکی هەڵزنانە بە سەر لوتکەی ئەڤەرێست و... هتد. ئەرێ بۆ چما ئاسوودەیی و کامەرانیی لەسەر مانگ یان قووڵاییەکانی تری بۆشایی ئاسماندا هەیە؟! مرۆڤ لەوەوە کە لە بەرزاییەوە بڕوانێتە مرۆڤ، گەیشت بەوەی لە هەوڵی ئەوەدا بێت لە بەرزاییەوە بڕوانێتە زەویش. بەڵام ئەم خۆپەرستی و خۆ بە گەورە زانین و بوون بە فیرعەونییەی نەفس، چ خۆشییەکی پووکەش و بێ بنەمایە... چ تامێکی تاڵە!...

ئەی مەستیی... ماوە کاتییەکانی خۆ ون کردن و دەستبەردار بوون لە ئەقڵ، ئایا لە باریدایە مرۆڤ دڵخۆش بکات؟

هەڵبەتە باڵا بوون و بەرزبوونەوە، مافی هەموو مرۆڤێکە. وەلێ ئەمە بە هەڵزنانە سەر ئەڤەرێست نایاتە جێ. بە کێبڕکێی گەشتە ئاسمانییەکانیش هەر مەحاڵە. مرۆڤایەتیی تەنها بەوە بەرز دەبێتەوە کە شوێن پێی ئەو نێردەیەی خودا (دروودی خودای لێبێت) هەڵبگرێت کە بە پەرجووی میعراج بەرزبووەتەوە. هەر بەوەش بەرزیی ناخ و دەرەوە بە دەست دێنێت، چونکە بنچینەی ئەم بەرز بوونەوەیە، تەنها تێپەڕاندنی سروشت نییە، بەڵکو تێپەڕاندنی نەفس و گشت هەستە سووک و ماددییەکانە. بەرزبوونەوەیەکە لە بوون بە فریشتە بەرزتر.

ئەو کەسانە چۆن لە بەرزتربوونەوە لە فریشتەکان دەگەن کە سووکایەتی بە مرۆڤ دەکەن بە ناوی ئەوەی جۆرە گیاندارێکە و لە ڕەگەزی مەیموونەوە هاتووە؟ مرۆڤ پڕهونەرترین ئافەریدەی خودای گەورەیە. ئەگەر بێت و ئەو توانا بێهاوتایانەی بدۆزێتەوە کە هەیەتی و گەشەیان پێبدات بەرز دەبێتەوە. ئەو کات بۆیشی دەردەکەوێت کە ئەوەی ئینسان دەکات بە ئینسان و بگرە دەیکات بە سوڵتانیش، تەنها و تەنها ئیمانە.



عومەر سەیفەددین و «یەکەم نوێژ»

عومـەر سـەیفەددین چـیرۆك نووسـێكی بەناوبانگـە، ٦٩ سـاڵ لەمەوبەر كۆچی دوایـی كـردووە. گـەنجان زۆر چێژ لـە خوێندنـەوەی چیرۆكەكانی وەردەگـرن و دەكەونـە ژێـر كاریگەرییانـەوە. بەنـدە لـە پۆلی چوارەمی بنەڕەتییەوە كەوتوومەتە خوێندنـەوەی چـیرۆكەكانی. چـیرۆكەكانیم هێنـد لا خـۆش و خۆشەویسـت بـوون، چـەند جـار لـە خەونمـدا دەمدیتنـەوە، وام لێهـاتبوو وەك ئـەوەی خـۆم لـەناو ئـەو چـیرۆكانەدا ژیـابم. هـەرگیز لـەبیرم ناچـێت كـە چـەند ڕۆژ لـەژێر كاریگـەریی چـیرۆكەكانی بـە ناوەكـانی «شـانەی ئـاژەڵ» و «خـوێن بایی»، نەمدەتوانی دەربچم. ژیانی نووسـەریی عومـەر سـەیفەددین — كـە ئـەو چـیرۆكە خـۆش و كاریگەرانـەی نووسـیوە، تـەنها ٨ سـاڵی خایاندووە و لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.



بەشـێك لـە چـیرۆکەکانی عومـەر سـەیفەددین کەوتوونەتـە نێـو کتێبـی خوێندنی قوتابخانەکانەوە. بۆیە زۆرێك لـە چیرۆکەکانی لای گـەنجان ناسـراون. بـەڵام لـە زۆرێـك لـە پۆلـەکانم پرسـی، کەسـم نەبینییـەوە چـیرۆکی «یەکـەم نوێـژ»ی نـاوبراوی خوێندبێتـەوە. بۆیـە بڕیـارم دا ئـەو چـیرۆکەی، لـە یادداشتنامەکەمدا تۆمـار بکـەم. چـونکە لـەو چیرۆکەیدا، باسـی ئـەو یەکەم نوێژی بەیانییەی دەکات، کە دایکی پێی کـردووە، لـە کاتێکـدا کە تـەمەنی تـەنها ٦ ساڵان بووە. ئەو یەکـەم نوێـژەی کـە کردوویـەتی عومەر سەیفەددینی خستووەتە خۆشییەك بۆ هەتایە لـەبیری نـەکات. یادگاریی ئەو خۆشییە لەبیر نەکراوەشی کە بـۆ ئـەمڕۆمان مابێتـەوە، چیرۆکی «یەکەم نوێژ»ییەتی...

دەی با گوێ بۆ عومەر سەیفەددین هەڵخەین:

– وەی! ئەو بەیانییـە چ ساردێك بـوو!... ئـەو حەلـەی گـەرمیی نوێنەکەمم جێهێشت، بە دەست باهۆزە سەرشێتەکانەوە کەوتمە ناڵە. پێیە پەتییەکانمم خستە ناو ئـەو نەعلانەمـەوە کـە هەرچـی سـەرمای ئەو شەوە هەبوو مژیبوویان. بایە هەڵمەت بـەرەکان بـە جامەکانیانـدا دەکێشا، هەسـتم بـە تـەزین دەکـرد لەبـەر سـەرمای ئـەو شـەوە، کـە

هێشتا لە ناخمدا مابووەوە. خزمەتکارەکەمان هەر لە خەودا مابوو. حەزم نەدەکرد لەو سەرما و سۆڵە جەرگبڕەدا لە جێ دەری بکەم. دەرگای ژوورەکەمم کردەوە. سەرما زستانییەکەی دەرەوە، زللەی دەکێشا بە دەموچاو و دەستەکانمدا. لەژێر ئەو زللە بێڕەحمانەدا، قۆڵەکانم هەڵکرد و دەستنوێژم گرت. کە گەڕامەوە ژوورەکەم، گەرمییەکی درۆزنانە، وەك هەناسەیەکی دڵ دانەوە، لەژێر خاولییەکەوە بەر قۆڵەکان و دەموچاو و قژە تەڕ بووەکەم دەکەوت. یەکەم ڕووناکیی ئاسۆ، خەریك بوو پەردەی سەرما و تاریکیی ئەو شەوەی دەکردەوە و هێدی هێدی زیادی دەکرد. چوومە بەر پەنجەرەکە. ئەو خانووانەی لە پێشەوە و لە ژێر پێکانمەوە دیار بوون، وەك ئەوەی خەریکی تەواو کردنی مۆتەکەی نێو خەونێکی ئەبەدیی بن، بێگیان و زیندوێتی بوون. دەریاش، لەنێو مردوێتییەکی نیلیی بێ سنووردا، لە خەودا بوو و بەهۆی شەپۆلەکانی ئەو بەیانە دەلەرییەوە و بە شەپۆڵە سپییەکانی هێڵی جیا کردنەوەی بەسەر کەنارە دوور و تەماوییەکاندا دەکێشا.

هێشتا منارە پیرەکەی ئەو مزگەوتەی – ئەگەرچی کۆن و بچکۆلانە بوو، وەلێ لە ڕووی مەعنەوییاتەوە مەزن بوو و، لەناو خانووەکانەوە بەرەو ئاسمان بەرز بوویووەوە، چۆڵ بوو. دواتر... لە شەرەفەی منارەکەوە، سێبەری بانگ دەرێك کەوتە جووڵە.

پاڵتۆکەمم لە خۆم پێچا. ئێستاش ئەو بەیانییە پڕ لە ڕۆحانییەتەم بیر ناچێت، کە هەڵسامەوە و لەو سەرما تەزێنەرەدا و لەو دونیا تاریکەدا گوێم لەو بانگە گرت، کە وەك یادگارێکی دەنگ دانەوەی ئیلاهی، ترسێکی بەچێژی خستبووە قووڵایی دڵمەوە. وای بۆ پانزە ساڵ لەمەوبەر!...

***

چاك ئەو ڕۆژەم لەبیرە کە پانزە ساڵ لەمەوبەر، ئەو دایکەم کە ئێستا لە بازنەی دڵ دانەوەی زۆر دوورم، ئەو بوونەوەرە بەڕێزەی کە لە دونیادا لە هەموو شتێك زیاتر خۆشم دەوێت، بۆ یەکەم نوێژی بەیانی هەڵیساندمەوە. کاتێك لەسەر قەرێوڵەکەی نێو ژوورە بچکۆلانەکەم - کە لەپاڵ ژوورەکەی ئەوەوە بوو، خەوتبووم، بە دەستە ناسکەکانی کە وەك ڕامووسانێکی ڕەق بەڵام پڕ لە سۆز، دەستی نایە سەر تەوێڵم، ئینجا بە پەنجە ناسك و باریکەلەکانی دەستی بە قژمدا هێنا و وتی:

- دەی عومەر گیان! هەڵسە... دەی هەڵسە، جەرگەکەم!

منیش چاوم کردەوە. چرا خنجیلانەکەی سەر مێزە بچووکەکەم کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بوو، هێشتا دەسووتا. ئاخ ئەمەم قەت لەبیر ناچێ، ئەمە وەك سەری پشیلە وا بوو، پەردە ئەسمەرەکانی

دوو پەنجەرەکەی ژوورەکەمی ڕووناك دەکردەوە و لە جامە سەوزەکانەوە بە چاوەکانی دەیڕوانی.

وتم:

– بەڵام دایکە گیان! هێشتا شەوە...

دیسان لە هەمان ئەو شوێنەی کە هەموو جارێك ماچی دەکرد، ماچێکی لە سەرووی برۆی چەپم کردەوە و بە دەم وتنی: "نا ڕۆڵە! سەعات دوانزەیە، دوایی وەخت نامێنێ."، بن باڵی گرتم و قیتی کردمەوە. نەعلە بچووکەکانم لە پێ کرد و چاوەکانم هەڵگڵۆفی و شوێنی کەوتم. بە هۆڵەکەدا ڕەت بووین و هەر زوو گەیشتینە ژوورەکەی. سۆبا نزم و ڕەشەکەی – کە لە زنجییەك دەچوو پێی لەسەر پێ دانابێت، بەدەنگ دەسووتا.



– ئۆوو... پەروینیش هەڵساوە.

پەروین خزمەتکارەکەمان بوو، خەریك بوو کتلییە زەردەکەی لە سۆباکە دادەگرت. دایکم وتی:

– پەروین هەموو بەیانیانێك هەڵدەستێ.

زۆر بەوە سەرم سوڕما کە لە کاتێکدا من قەت هەڵنەساوم، ئەو بەردەوام هەڵساوەتەوە. پاڵتۆکەیان لەبەر کردمەوە، قۆڵەکانیان هەڵکردم، لەپاڵ تەشتی دەستنوێژ گرتنەکە بە چۆکدا هاتم. دایکە گیانم بە دەم وتنی: "ئاواهی ماندوو دەبی."، کورسییەکی بچکۆلانەی خستە ژێرمەوە و منیش لەسەری ڕۆنیشتم.

– دەی بیسمیللا بکە...

پەروین ئاوە شلەتێنەکەی کرد بە دەستمدا و دایکیشم بە دیار سەرمەوە وەستابوو و دەیچپاندە گوێچکەمەوە:

– دەی دەموچاوت، قۆڵەکانت، ئەویش سێ جار....

کە لەبیرم دەچوو، ئاگاداری دەکردمەوە:

– ئە ئا، ئەی مەسحی سەر و شتی وا؟!

پاشان پێی دووبارە دەکردمەوە.

کە دەستنوێژ گرتنەکە تەواو بوو، لەگەڵ دایکمدا بە دەنگێکی نزم دوعامان خوێند و دەموچاو و قۆڵەکانمان وشك کردنەوە. پەروینیش پێکانمی وشك کردنەوە و گۆرەوییەکانی لەپێ کردم. بەبیرم دێ بۆ

خۆ گەرم کردنەوە، چوومە بەر سۆباکە. کە ئاوڕم دایەوە، بینیم دایکم خەریك بوو بەرماڵەکەی دادەخست. ئینجا سەرپۆشە سەوزەکەی لەسەر کرد و بانگی کردم:

– وەرە!

ڕۆیشتم. منی بچکۆلە لەگەڵ ئەودا لەسەر هەمان بەرماڵ، بە بەختەوەرییەوە وەك بێچوویەك لەپاڵ جەستەی ئەو دایکە مەزنە بەهەستەوە وەستام. بە یەك دوو قسە ئەو شتانەی پێ وتمەوە کە پێویستە بیانکەم و پێشتریش فێری کردبووم:

– دوو ڕکات سوننەت... ئەوانەی شەو فێریان بووی، دەیانخوێنیت. خۆ لەبیرت نەچوونە؟

– نەخێر...

– دە مادام، دەی...

ئەو تەکبیرەی ئیحرامی بە دەست بەرزکردنەوە تا سەر شانەکانی وەك ژنێك کرد، منیش بە دەست خۆم نەبوو، ڕێك لاسایی ئەوم کردەوە. دوای ئەوەی کە سوننەتەکەمان تەواو کرد، بە بزەیەکی کاریگەر و پڕچێژی دیدەکانییەوە وتی:

– ڕۆڵە! بۆ تۆ ژنیت؟!... ژنان ئاوا دەست پێدەکەن. تۆ کوڕیت، دەبێت دەستەکانت تا گوێکانت بەرز بکەیتەوە.

بە دەستە گەرمەکانیشی دەستە بچووکەکانمی تا گوێکانم بەرز کردنەوە:

- ئا ئاواهی...

هەروەها فێری چۆنیەتیی تەکبیرەی ئیحرامی پیاوانی کردم.

منیش بەو جۆرە تەکبیرەم کرد و بە دەم بیرکردنەوە لە (جیاوازیم لە دایکم، بۆ کوڕم و کوڕێتی چییە و، دیارە کوڕێتی جگە لە لێدانی کچان و زاڵ بوون بە سەریاندا، جیاوازیی تریشی هەیە)، نوێژەکەم تەواو کرد.

لە کاتی دوعا کردندا لە دایکم پرسی:

- دایە! چۆن دوعا بکەم؟...

ئەو دوعای دەکرد و لەگەڵ جووڵەی لێوەکانیدا، لەچکەکەشی دەلەرییەوە. سەری دەجووڵاند. دوای ئەوەی دوعاکەی تەواو کرد، ئێستاش لە بیرمە، وتی:

بەر لە هەر شتێك لە بەرانبەر ئەوەی کە موسڵمانیت بڵێ: ئەی ئەو خودایەی گومان لە بوونتدا نییە! شوکرانەت دەکەم... دواتر بڵێ: خودایە! داوات لێدەکەم نیشتیمانەکەمان بپارێزیت... دواتریش بڵێ: خودایە! داوات لێدەکەم لەش ساغی ببەخشیت بە هەموو ئەو موسوڵمانانەی خەم و خەفەتیان هەیە، نەخۆشن و لە نەبوونی و

هەژاریدان... دوعا بۆ خۆشت بکە، دوعا بکە بۆ ئەوەی هەمیشە باش بیت و بە درۆکانی شەیتان هەڵنەخەڵەتێیت!...

ئەو دوعا سادانەم خوێند، لە میانەیدا بیرم بۆ لای ئەو کتێبە عەرەبییە دڕاوانە چوو، کە دایکم لەناو دۆڵابەکەیدا دایناوبوون و هەر جارێك دەستکاریم بکردنایە، دەیوت: "کوڕە! ئەوانە کتێبی دوعان، دەستکارییان مەکە."

دایکم بەرماڵەکەی پێچایەوە و لێی پرسیم داخۆ دەخەومەوە یان نا. ئەریٚ خەوم دەهات؟ نەمدەزانی... وەڵامم نەدایەوە.

– دە مادام برۆ کتێبەکەت بێنە، با گوێم لە دەرسەکانت بێت.

– باشە.

بەخێرایی بەو هۆڵەدا تێپەڕیم کە کەمێك ڕووناك بووبووەوە. پەردەکانی ژوورەکەشم کەمێك سپێتییان تێکەوتبوو. چاوە سەوزەکانی چرا بچووکەکەی شەوانم، کوژابوونەوە و وەك دوو خاڵی ڕەش مابوونەوە. وەك بڵێی ئەو چرایەی شەوان بە دەم تەماشا کردنییەوە خەو دەیبردمەوە دەستی لە ژیان بەردابوو. کتێبەکەم کە لەسەر مێزە بچکۆلانەکەم بوو، برد و بە

ڕاکردن بۆ لای دایکم چووم. هیچ هەڵەیەکم نەکرد. دایکم شەوان دەیوت:

– پێش خەوتن، وانەکانت سێ جار بخوێنەوە، ڕۆڵە! کە دەخەویت، فریشتەکان وانەکانت پێدەڵێنەوە.

نازانم، ئەو فریشتانە ئەم شەویش وانەکانیان پێ وتبوومەوە، وا دایکم بە ئافەرینە بەسۆزەکانییەوە دەستی بە سەرمدا هێنا و بە دەم وتنی:

– هێشتا زۆری ماوە بۆ دەوامی مەکتەب.

منی لەسەر نوێنەکەی خۆی خەواندەوە. خەوم نەدەهات، هەر سەیری دایکمم دەکرد. لەچکە سەوزەکەی هێشتا هەر بە سەرەوە بوو، لەو تاریک و ڕوونەدا وەك خەیاڵ دەجووڵایەوە، قورئانەکەی هەڵگرت و لە بەردەم پەنجەرەکەدا، لەسەر تەپڵەکێك دانیشت و بە دەنگە ناسك و هەست بزوێنەکەی کەوتە خوێندنی. دایکمم لەژێر ئەو لەچکە سەوزە گەورەیەیدا، وەك خوشکە مردووەکەم دەهاتە بەرچاو، و بە دەم گوێ گرتن لەو دەنگە خۆشەشی خەیاڵم دەڕۆیشت... ئەو ئاسمانە دووکەڵ ئاسا ڕەشەی لەژێر پەردەکانەوە دیار بوو، هێدی هێدی کاڵ دەبووەوە. چەند ئەستێرەیەکی دێر کەوتووش، وەك ئەڵماسگەلێکی شین و ناوازە کە کەوتبنە ناو ئەتڵەسێکی نیلیی تۆخەوە، دەدرەوشانەوە. دایکمم وەك فریشتەیەك دەهاتە بەر چاو.

بەو خەیاڵەوە بیرم لە فریشتەکان دەکردەوە و وام بیردەکردەوە کە ئێستا فریشتەکان دەوری دایکە قورئان خوێنەکەمیان داوە، بەو خەیاڵانەوە خەیاڵم ڕۆیشتبوو. ئەگەر لە ڕۆژی پەسڵاندا گوڵان لەسەر ڕوخسارم نەمێنن و بچمە دۆزەخەوە، ئەوە هەست بە جۆشێك دەکەم لەو سەرەی برۆی چەپمەوە – کە بە هیچ جۆرێك نایاتە سووتان. لەو دایکەمم دەڕوانی کە لەو تاریکییەدا، وەك ڕووناکیی گوڵە شلێر دەبریسکایەوە... وەك بڵێی هەستم بەوە دەکرد کە ئەو فریشتە نەبینراوانە ئێستا باڵەکانیان بەسەر سەرمدا و بەو قژە زەردە پڕەمدا دێنن کە دایکم بەو قامکە ناسکۆلانانەی ئێستا قورئانی پێگرتوون، دەستی بەسەردا دەهێنان. بەو بیرکردنەوانەوە خەیاڵ بردمییەوە.

***

عومەر سەیفەددین، پانزەساڵ دوای ئەم یادگارییە، بەحەسرەتەوە یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە. ئاوا هەستی خۆی دەردەبڕێت:

– ئاخ، منداڵێتیی بێ گوناهانەی ئەو دەمم و ئێستام... ژیانێکی بێ تام، بێ خۆشی، بێ خۆشەویستی، بێ ئەوین، بێ جۆش، بێ هەموو شتێك. ژیانێك کە هیچترە لە هیچ و پڕە لە چەرمەسەری.... ئەو ڕۆحە زامدارەی ئێستام بە دەست هیوا بۆگەنەکان، پەرۆشییەکان و بەو ئارەزووانەی کە لە ڕاستیدا ئەوەی بەها بێت نییانە و

گەیشتنیش پێیان زۆری دەوێ. بەکورتییەکەی ئەو تاریکییە بێ هۆ و تەحەممول نەکراوە، ئەو مەعنەوییات و دڵە بریندارەم. ئەوەی پانزە ساڵ لەمەوبەر ڕوویدا، ئێستا لام وەك ئەوە وایە کە خەونێکی ڕۆحانیی سەنگین بێت و ئەم شەو دیبێتم، ئاوام لەبیرە. لەم ژیانە فانییە پڕ لە واوەیلا و پەشیمانییە، ئەوەیە یادگاریی منداڵیم... ئێستا بیر دەکەمەوە، لە ژیاندا لە نەمانی ڕابوردووە بێچارە و بێبەزەییەکاندا، چ هیچییەکی غەریب، چ ناپێویستییەکی پڕ لە خەیاڵ کە دێت و دەڕوا، چ خێراییەکی سیخناخ لە نهێنی هەیە!...

منداڵە دزراوەکان

ئـەوان منـداڵن یـان گـەنج؟ یـانیش نەوجەوانگـەلێکن تـازە پێیـان ناوەتە تافی لاوێتییەوە؟ بە دەستەکانیان دەموچاویان داپۆشیوە و هەنسـك دەدەن، لـە هـەوڵی ئـەوەدان خۆیـان لـەو ڕۆژنامەڤانانـە بشارنەوە کە دەیانەوێت وێنەیان بگرن. یەکێکیان خۆی لە ملی دایکی ئاڵانـدووە و ئەسـرین دەڕێـژێت. لـەم ژوورەی بەڕێوەبەرایـەتیی ئاسایشدا، فەرمانبەرەکان پێدەچێت بـەو جـۆرە ڕووداوانـە ڕاهـاتبن، بۆیە وا هێمن دیارن... هەرچی ڕۆژنامەڤانەکانە، لـە خۆشـیی ئـەوەی وێنە و هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشیان دەسـتکەوتووە، یـەك لەسـەر یـەك فلاش لێدەدەن و وێنە دەگرن...

ئەوەی کە لە هەموویان زیاتر حەپەسابوو، دایکێك بوو لەناو کچە گەنجەکانەوە دیار بوو... چی بوو دەگریا؟! یان دڵخۆش بوو بەوەی کچەکەی دۆزیوەتەوە؟ یانیش لە بەینی گریان و دڵخۆش بووندا دۆش دامابوو و نەیدەزانی چی بکات؟ خۆ دووریش نییە چی هەستی هەیە لە بن هاتبن و ئیتر هەست نە بە خۆشیی و نە بە ناخۆشیی نەکات. گریانی نەدەهات. کێ ناڵێت ئیتر فرمێسك لە چاویدا نەماوە تا بتوانێت بیرێژێت... هەستە تێکەڵ و پێکەڵەکان و هاواری بێدەنگی دڵی ئەو دایکە، لە چاوە ئەبڵەقەکانی دەخوێنرانەوە. پێم وابوو ئەو چاوە ئەبڵەق بووانەی، بەدوای ئەو خائینەدا دەگەڕا کە کچەکەی ڕفاندبوو. بەڵام ئای ئەمە چ گەڕانێکی بێ سوود بوو! کوا ئیتر لەم دەور و زەمانەدا، خائینی وا بێ ئەقڵ ماون کە ئاوا لەو گۆڕەدا بسووڕێنەوە؟ ئای ئەوان چەند زۆرزانن، چەند بەباشی دەزانن خۆیان وەك کەسێکی پڕ لە بەرائەت لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا بگونجێنن و تەنانەت خۆیشیان وا نمایش بکەن وەك ئەوەی هاوڵاتییانێکی زۆر بەناموس و ڕێکوپێك بن؟ ئەوان چۆن لە ژوورێکی وا پڕ لە ئاسایشدا دەبن؟

***

من لەناو ئەو بیرکردنەوانەدا بووم، داڵغەم ڕۆیشت و چوومە دونیایەکی دیکەوە. لەو دەمەدا ئەو کچە داماوانە کە هەر یەکەیان بە

تەڵەیـەکی بریقـەداری جیـاواز ڕاو کرابـوون، ڕادەسـتی خێزانـەکانیان دەکرانەوە، یان بۆ ناونیشانی ماڵەکانیان دەبرران. (هەدیە)ش، دەبوو لەگەڵ منـدا بچێتەوە مـاڵی خۆیـان. چـونکە وتبـووی کـە تـەنها بـەو جـۆرە، نەنکـە پیرەکـەی وەری دەگرێتـەوە. هەدیـە، تـازە قۆنـاغی بنەڕەتیی تەواو کردبوو. من کە لە کـارگێڕانی ئـەو قوتابخانەیـە بـووم کە ئەوی لێبوو، پێش خۆی نەنکیم دەناسـی. چـونکە ئـەو هێنـای لـە قوتابخانە قەیدی کرد و لە پێویستییەکانی لـە کتێـب و دەفتـەر و ... هتدی پرسی. ئەو ژنە هێند چوست و چالاك بوو، تەمەنەکەی پێیـەوە دیـاری نـەدەدا، بووبـوو بـە هـەم دایـك و هـەمیش بـاوکی ئـەو ماڵـە. ئەگەرچـی خـاوەن بڕوانامـە نـەبوو، وەلـێ کەسـێکی زۆر ڕۆشـنبیر و تێگەیشتوو بوو. بە زمانزانی (ڕوومەلی) دەئاخفی.

لەناو ئەو مانتۆیەی کـە بـاڵا بەرزەکـەی داپۆشـیبوو، وەسـتانێکی بەویقارانەی هەبوو. بـە لەچـکە چـوار وەرزە سپییەکەشـی، سـەرنجی خەڵکیی ڕادەکێشا. هەدیەی نەوەیشی، خۆی ئاسا کچێکی نـەشمیلی باڵا بەرز بوو. بەڵام لەبری ویقارەکەی نەنکی، کەمێك بێسەروبەر بوو، زۆر پێدەکەنی و ئەوەندە بە لای دەرسەکانییەوە نەدەچوو.

پێدەچوو نەنکیشی هەستی بـەم حاڵـەی کردبێـت، بۆیـەکا هـەموو ڕۆژێك لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا بۆ قوتابخانە. زۆربەی جاران، نـەنکی تـا گشـت قوتابییـەکان دەچـوونە یەکـەم وانـەوە، چـاودێریی دەکـرد. وا

خۆی پیشان دەدا کە لەگەڵ (عەیشێ) خانی خزمەتکارماندا خەریکی حەکایەت کردنە، وەلێ چاوانی هەر لەسەر نەوەکەی بوو. جاری وایش هەبوو بە عەیشێ خانی دەسپارد، بۆیە دەمبینی ئەویش دووریەدوور چاودێریی دەکرد.

ڕۆژێك سکم بەو ژنە دونیادیدە بەتەمەنە سووتا کە هەموو بەیانییەك، بێ ئەوەی بڵێ بەفرە، بارانە، قوڕە، نەوەکەی -وەك قوتابییەك تازە چووبێتە قوتابخانە- دەهێنایە دەوام. بانگم کردە ژوورەکەی خۆمەوە. بەزۆر چایەکم پێ خواردەوە و لەو نێوانەشدا لێم پرسی:

- پوورێ گیان! دەبینم هەموو ڕۆژێك لەگەڵ ئێمەدا، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەی بەفرە، بارانە دێیتە قوتابخانە. لە تۆ بەولاوە، کەسێکی تر نابینم ئاوا لەگەڵ منداڵەکەیدا بێت و بچێت.

سەرەتا کەمێك شەرمنانە هەڵسوکەوتی دەکرد، نەیدەویست قسە بکات. بەڵام کە من هەر مکوڕبووم، وتی:

- ڕۆڵە! من تا ئەو ڕۆژەی دەمرم، هەموو بەیانییەك نەوەکەم دەهێنم و هەموو ئێوارەیەکیش دێمەوە بە شوێنیدا. چونکە ئەو بۆ من تاکە یادگارییەکە لە دایك و باوکی ڕەحمەتییەوە مابێتەوە. ناوی بە خۆیەوەیە، هەدیەی کوڕە تاقانەکەمە بۆ من. بۆیە بۆی بەخەمم.

لەبەر خاتری ئەو، هەرچییەکم هەبوو لە بولگاریا، لە ماڵ و سامان و خزم و خوێش، هەمووم جێ هێشتن و هاتم بۆ تورکیا.

چیم کردبێت بۆ ئەوم کردووە. لەو وڵاتەدا کە بووك و کوڕە داماوەکەمم لەدەست چوو، هەمان چارەنووس چاوەڕێی نەوەکەشمی دەکرد... ویستم هەر هیچ نەبێ نەوەکەم لە وڵاتی دایکمدا، وەك موسوڵمانێك پێبگات، ئاکار و بیروباوەڕ و ئەسڵ و فەسڵی خۆی ون نەکات. ئەو گرنگیدانەی نەمتوانی بە کوڕەکەمی بدەم، بەمی دەدەم. من لە پێناوی ئەم منداڵە و دین و ناموسی خۆم هاتم بۆ ئێرە. لەوێ بمامایەتەوە نەمدەتوانی وەك ئێرە ئاوا بەدوایشییەوە بم و چاودێریی بکەم. لێرە هەر هیچ نەبێ ئەوەندەی پێم بکرێت بەتەنیا جێی ناهێڵم. سەرەڕای ئەو تەمەنەم، هەوڵ دەدەم لەگەڵیدا وەك هاوڕێ بم. چیی بوێ پێم بکرێ بۆی دەکرم. بەس بۆ ئەوەی ئازاری ئەو گۆڕستانەی باوانە غەریبەکەیم لێ بەجێ هێشت تۆزێك کەم ببێتەوە...

ژنە پیرەکە کە قسەکانی گەیشتە ئەمە ڕووی وەرگێڕایە لاوە، دەیویست چاوە تەڕ بووەکانیم لێ بشارێتەوە.

وتم:

— ئێوە، هەموو ڕۆژێك ئاوا ئەزیەت مەکێشن. من هەوڵ دەدەم بە دەوریدا بێم. با ئەوەندە کازێرە چاوەڕێ نەکەی.

– سوپاست دەکەم، ڕۆڵە گیان! ئێ خۆ منیش هیچ کارێکی ترم نییە. ئەم منداڵە هەموو دونیای منە. دڵم بەوە دادەکەوێت بەدوای ئەوەوە بم. ئەو بێکەسە، نەفامە، ساویلکەیە، هەندێك ئارەزووی هەیە. تۆش بە دەوریدا وەرە، بەڵام من تا ئەو ڕۆژەی تەمەنم ماوە، وازی لێناهێنم. چونکە کوڕەکەم، بەهۆی ئەوەی نەمدەتوانی وەك پێویست بە دەوریدا بێم، لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا لە دەستم دەرچوو. ئازارەکەی ئەو گەلێك زیاترە. قەی ناکا، با ماندوو بم، بەس ناوچاوانمان سپی و دڵمان ئاسوودە بێت.

***

بەدرێژایی سێ ساڵان، ئاوا هات و چوو. بەقەدەر نەوەکەی دەوامی کرد. بەڵام مەخابن، دوا جار ئەوەی لێی دەترسا، هەدیە بەسەریدا هێنا... هەدیە، بەهۆی ئەوەی هۆگری بوونە هونەرمەند بوو، سەرەڕای ئەو هەموو چاودێرییەی نەنکی، لە ڕێی سەنتەرێکەوە کە بەنهێنی و لە ڕێی نامەوە پەیوەندیی پێوە کردبوون، ڕفێنرابوو. تا ئەوەی پانزە ڕۆژ دواتر، لەگەڵ چەندین کچە گەنجی تردا کە قوربانیی هەمان ئارەزوو بوونە، دۆزرابوونەوە و نێردرابوو بە شوێن کەسوکاریاندا. دەبوو من ئەم کارە زۆر سەختە بگرمە ئەستۆ. هەدیە ناونیشانی منی دابوو بە پۆلیسەکان. دەبوو من بیبەمەوە بۆ لای داپیری. لەبەر ئەوەی داپیری منی زۆر خۆش دەویست، ڕەنگ بوو

بەو جۆرە وەری بگرێتەوە و لێی خۆش ببێت. دەبوو منیش لەگەڵ هەدیە، لەبەری بپاڕێمەوە. ئەمە تکای هەدیە بوو لە من.

وتم:

– خاسە، بەس سەرەتا دەبێت من بتبەخشم. جا من بەخشیومی تا لای ئەنکت واسیتەت بۆ بکەم تا لێت خۆش ببێت؟!

هەدیەی قوڕبەسەر کە هیچ ئومێدێکی بە ژیان نەمابوو، بەم قسەیەم نقەی لێبڕا. وەستا بوو و بەس ئەسرینە کپەکانی دادەباراند.

لە ڕێدا هەر بیرم لەوە دەکردەوە، چی بەو ژنە بەویقارە، بەو ژنە عابیدە بێژم کە لە پێناوی دین و ناموسدا، ڕێی کۆچی گرتبووەبەر؟ چی بڵێم بۆ ئەوەی نەوەکەی وەربگرێتەوە؟ ئەوە کارێکی ئەوەندە

زەحمەت بوو!... گەلێکم بیر کردەوە... چەندم کرد داکۆکی کردنێکی وام بە خەیاڵدا نەهات، کە منیش بە تاوانبار نەزانێت.

لە ڕێ لە هەدیەم پرسی:

– باشە، ئێستا چی بە نەنکت بڵێین؟

– نازانم. من ئەگەر قسەیەك هەبووایە بیکەم، ئەوەندە تەکلیفم لە تۆ نەدەکرد بێیت.

بەڵام وام هەست دەکرد کە هەدیە متمانەی بە ڕۆندکەکانی (فرمێسکەکانی) چاوی هەیە. چونکە دەمزانی لە کاتە زۆر تەنگانە و دژوارەکاندا، لە بەرانبەر پیرەژنەکەدا، دەست بۆ ئەو چەکە دەبات.

کە گەیشتینە ماڵەکە، بینیمان ئەو ژنەی کە پێشتر تەمەنەکەی هیچ پێیەوە دیاری نەدەدا، وەك ئەوە وا بوو دە ساڵ هاتبێتە سەر تەمەنی و، لەسەر نوێنێك لێی ڕاکشابوو. چاوی بڕیبووە خاڵێکی بنمیچەکەوە و جووڵەی لەبەر خۆی بڕیبوو.

هەدیە پاش کەمێك سڵەمینەوە خۆی دا بەسەریدا و کەوتە داد و فیغان و گریان. بەڵام ئەوەی جووڵە بێ، لەو بەدی نەدەکرا. وەك بڵێی گیانی لەبەر نەمابوو، ئەوەی پەرچە کردار بێت نەیبوو، چاوی لەو خاڵە لانەدەدا کە بڕیبوویە سەری.

لە بەرانبەر ئەو هاوار و گریانە دڵهەژێنەی نەوەکەی، تاکە پەرچە کردارێکی کە هەستی پێ کرابێت، چاو داخستنی بوو. من بۆ ئەوەی

ئەو ژنە بەویقارە زیاتر نارەحەت نەکەم کە نەیدەویست هیچ شتێك ببینێ و ببیستێ، دەمویست ساتێك زووتر لەوێ دەربچم. چی بوو دڵی لە منیش ڕەنجابوو، یان هەر بەڕاستی نەیدەتوانی بێتەگۆ؟ یان بۆ ئەوە وای لە خۆی کردبوو تا نەبێتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی ئەو ژنانەی دەوروبەری کە بە دوای قسەیەکەوە بوون... من هەندێك مەمنوونیش بووم لەوەی قسەی نەدەکرد. چونکە نە دەمتوانی ڕەددی قسەکانی بدەمەوە، نە دەمتوانی لە بەرانبەریدا بەرگری لە خۆم بکەم، نە بەرگەی ئەسرینەکانیشیم دەگرت. هەر بۆیە، ئاوا بەجێم هێشتن.

بەڵام ئەوە چی بوو ئەو فرمێسکانەی لە چاوم نەدەبڕان؟ چی بوو ئەو فشارەی دڵمی دەپلیشاندەوە؟...

***

هەفتەیەك دواتر، لەسەر تەرمی ئەو داپیرەیەدا، هێشتا تەژی بووم لەو هەستانە. لەبەرخۆمەوە مرەمرم بوو: "نەنە! منیش وەك بەشێك لەم جڤاتە کە نەیتوانی هەدیەکەت بپارێزێت، تاوانبارم. تو خودا گەردنم ئازاد بکە!"





ئایا کۆیلایەتی نەماوە؟

لەگەڵ یەکێك لە قوتابییەکانمدا کە لە تەلەفزیۆن کۆیلەکانی بینیبوو و زۆر کاریان تێکردبوو، خەریکی قسە و باس بووین. گەنجێکی بەهەست بوو و لەو شتەی کۆیلایەتیی پێدەوترێت، چەندی دەکرد سەری دەرنەدەچوو. باوەڕم وا بوو، ئەگەر کەسێك لەوانەی چنگ بکەوتایە کە کۆیلایەتی بە مرۆڤەوە دەکەن، دەستبەجێ قورسترین سزای دەدا. منیش هاوهەڵوێستی بووم. هەوڵم دا باسی ئەوەی بۆ بکەم کە بە هیچ جۆرێك ناکرێت ئەوە بەئاسایی سەیر بکرێت کەسێك کەسێکی دیکە بکات بە کۆیلە، ئێ خۆ ئاینەکەشمان ئەمەی یاساغ کردووە.

ئەوەشم بۆ روون کردەوە کە ئەوەی ئەو هەر رابردوو تاوانبار دەکات و پێی وایە کۆیلایەتی لە رابردوودا بەجێ ماوە و گوناهێکی سەردەمانی کۆنە بۆچوونێکی هەڵەیە. واقی ورما، وتی:

– چما لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا کۆیلایەتی ماوە؟

ئاوا وەڵامیم دایەوە:

– ئەی چۆن! ئینجا بە شێوەیەکی هێند بێڕەحم و بەربڵاوانە، کە لە هیچ سەردەمانێکدا وێنەی نەبووە...

واق ورمانی بە تەواوی زیادی کرد. چاوە پڕ لە بەرائەتەکانی ئەبڵەق کردن و بڕینیە چاوانم، و لە مەبەستیی پرسیم.

باسی کۆیلە مۆدێرنەکانم بۆ کرد. ئەوەم بۆ باس کرد کە بەشێکی زۆری خەڵکی سەر ئەم زەوییە، لەم سەردەمەدا نسیبیان لە کۆیلایەتی هەبووە.

وتی:

– بەپێی ئەو قسانەی تۆ، دەکرێ هەر یەك لە ئێمە بە جۆرێك لە کۆیلە دابنرێت.

هەر بەڕاستی، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، زۆر کەس لەژێر فەرمان و دیلیی دونیای ناخیدایە. ئەم دیلییە زۆر خراپترە. چونکە لە ناوەوە ئابڵووقەی مرۆڤ دەدات، نەك لە دەرەوە. لەبەر ئەوەی گورگەکە لەناو سکی خوددایە، ڕووبەڕوو بوونەوەی فرە زەحمەتترە. کەسێك بووبێتە

بەندەی بەندە، بۆ بەدەست هێنانی ئازادی دەکەوێتە پەلەقاژە. ئەوەی لەژێر کاریگەریی و فشاری کەسانی تردا مافەکانی لە دەست دابێت، خەبات دەکات بۆ دووبارە گێڕانەوەیان. بەڵام ئەوانەی بوون بە کۆیلەی خراپییەکانی ناخیان، زۆر ئەستەمترە بتوانن ڕێی ڕزگار بوون بدۆزنەوە. نەفس، وەك ئەسپە دارینەکەی (ترووڤا)، لە ناوەوەڕا هەڵمەت دەبات. کاتێکیش شەیتان و مرۆڤە شەیتانییەکان لە دەرەوەڕا پاڵپشتیی دەکەن، مرۆڤ دەکەوێتە حاڵەتی ئەو کۆیلەیەی کەوتووەتە ناو لیتاوی نەنگی و گوناه و خراپەکارییەکانەوە.

ئایا دەتوانرێ ئەوانەی گیرۆدەی داوی مۆدیلات، عەرەق خواردنەوە، ماددە هۆشبەرەکان، قومار، بەدڕەوشتیی، غەیبەت، ستەم کردن و ڕیشوەت وەرگرتنن، بە کەسانی ئازادی خاوەن ماف و ئیعتیبار ئەژمار بکرێن؟

ئینسان بۆ ئیمان هێنان ئافرێنراوە. ئاسوودەیی و خەیاڵ تەتیی ڕاستەقینەی، تەنها لە ئیمان هێنان بە خودادا چنگ دەکەوێت. ڕزگار بوونی ئینسان لە هەموو جۆرە دیلی و کۆیلایەتییەك و گەیشتنی بە ماف و ئازادییەکان، تەنها بەمە دێتە دی.

ئیی دیی دەبێت مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە ئەم ڕاستییە ببینێت. ئەوەی نابێت بە بەندەی خودا بە ئازادی ناگات، بەڵکو دەکەوێتە ناو بێسەروبەری و بە شێوەیەکی ئەبەدیی سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات. بەڵێ، ئەگەر ئەوانەی باسی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن بەڕاستیان بێت، دەبێت بەر لە هەر شتێك بەوە دەست بە کار بکەن کە مرۆڤەکان بکەن بە بەندەی خودا، بەو جۆرە ڕزگاری دەکەن لە بەندایەتیی کردنی شتە بێ شومارەکان.

نامەیەکی کراوە بۆ (کوچوك ئیمرا)

ڕۆڵەکەم ئیمرا!

ئەمرۆ بە جەرگ بۆ سووتانەوە تۆم بیرکەوتەوە، چونکە یەکێك لە ڕۆژنامەکان ئەوەی نووسیبوو کە تۆ لەسەر ڕێیەکی ڕاست نیت. یەکێکی تریان، دەیپرسی: "کوچوك ئیمرا بۆ کوێ دەچێت؟"... چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر ئەوەم خوێندبووەوە کە لەناو کێشەدا نغرۆ بوویتە... ئەگەرچی ڕەنگە ئەمانە پێوەنان بن، وەلێ من لە ئاست ئەوەی کە ڕەنگە وا بن، دڵتەنگ بووم و ویستم لێت بە دەنگ بێم. چونکە ئەو دونیای مۆسیقای و فیلمەی هایت لەناویدا، چەندین ناوداری تواندووەتەوە و وای لێکردوون لە خۆیان وەڕس ببن... لەم گۆشەنیگایەوە، کەسێکی وەك تۆ کە تازە لە تەمەنی نەوجەوانیدایە،

لە ناوەندێکی وادا، بێگومان پێویستە زۆر وریا بیت. چونکە ئەگەر وای بۆ بچین کە تۆ بەو کەسانە نەتەنراویت کە ڕاوی شوهرەت و سەروەت دەکەن، زۆر زەحمەتە. ئەگەرچی ڕەنگە لە بارێکی واشدا نەبیت، کە زۆر گوێ لە ئامۆژگاریی بگریت، بەڵام من دیسانەوە دەمەوێ پێت بێژم کە سەروەت و شوهرەت و گشت خۆشییەکانی دیکەی دونیا، کاتیین و ڕادەبوورن، بۆیە شایانی ئەوە نین قوربانییان لە پێناودا بدرێت... هیوام وایە کەسانی گەورەی بەئەزموونی وات هەبن، ئەمانەت بیر بێننەوە. هەر هیچ نەبێت دایکە خۆشەویستەکەت، دەتوانێت وەك قیبلەنمایەك ڕاستییەکانت پێ پیشان بدات. دەخوازم، خزم و کەسە نزیکەکانتت لەبیر نەکردبێت. هەر وەك ئومێدەوارم ئەو باهۆزە گومڕاکەرەی ناوبانگ کە لەناویدایت، فرێی نەدابێتە نێو ئەو لیتاو و گێژاوەی ڕۆژنامەکان باسی دەکەن.

ئیمرا، من وەك مامۆستایەکی کۆنت، پێم وا نییە ئەمانەی لێتی داوا دەکەم زیادەڕەویی بێت. حەز دەکەم درێژە بەو خۆشەویستییەی نێوانمان بدەین. ئێ خۆ هۆگری و خۆشەویستیی جەماوەریش، هەر بە بەهێزی و هاوسەنگی و ڕێزگرتنی دابونەریت و ژیانێکی باوەڕدارانە دەتوانیت درێژە پێبدەیت. تەندروستیی ڕۆح و جەستە پەیوەستە بە خۆبەدوورگرتن لەوەی ببیت بە پیاوی فەزیحەتەکان. ئامان کوڕەکەم! تا پێت دەکرێ خۆت بەدوور بگرە و هەڵێ لە

دەست ئەوەی ببیتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن... چونکە هیچ بارودۆخێك بەردەوام نابێت. گشت ساتەکانی ژیان، ڕۆژێك دادێ دەبڕێنەوە. کە وا بوو، ئەسڵ وایە لە بەرانبەر فانییەکاندا، ئەبەدیی و باقییەکان هەڵبژێردرێن.

نازانم، ئەم قسە و بۆچوونانەم لە کاتێکدا کە تۆ لە لوتکەی ناوبانگدایت، بە چ جۆرێك پێشوازییان لێدەکەیت؟ بەڵام من ئێستاش تۆ هەر بەو ئیمرا دڵساف و بێخەوشە دەبینم کە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (خەزنە)دا، وانەی ئاینم پێدەوتەوە، خوازیارم هەر واش بتبینمەوە.

ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، ئەو ڕۆژەم بیر دێتەوە کە یەکەم جار هاتیتە پۆلەوە. هاتیت و لەپشتی پشتەوە دانیشتیت. زۆر غەریب و شەرمن بوویت. ئەو کاتانە هێشتا فیلمێکت نەبوو بە ناوی «منداڵی نێو ئازارەکان»ەوە. کە لێم پرسییت لە کوێوە هاتووی، زۆر بەئەدەبەوە وەڵامت دایەوە: "لە دیاربەکرەوە"... گەرچی پێش ئەوەی خۆت بیڵێیت، من شوێنەواری پەروەردەی ئەنادۆڵم تێدا بەدی کردی، هەر بۆیە هەر لەو وەختەوە کەوتیتە بەر دڵم. بەڵام تۆ بەهۆی چالاکییەکانی مۆسیقاوە، کە هەر لەو سەردەمانەوە دەستت پێکردن، نەتدەتوانی بەتەواوی دەوامی قوتابخانە بکەیت. هەر بۆیە، بۆم نەلوا لە نزیکترەوە بتناسم. بەڵام ئێستاش دڵخۆشم بەو گفتەی هێشتا

لەبیرت نەکردووە، کە گفتت دا بە دەنگە بەسۆز و هەست بزوێنەکەت، سوورەتی (یاسین)م لەسەر کاسێتێك بۆ تۆمار بکەیت... زۆر دڵخۆش بووم بەوەی ماوەیەك لەمەوبەر بەو قوتابییانەی سەلامت پێدا ناردبوون، وتبووت کە هەر لەسەر گفتەکەی خۆتی. چونکە ئەو گفتە، لای من لە وەرگرتن و پێدانی کاسێتێك، گەلێك مانای زیاتری هەڵگرتووە... دەپرسی بۆ؟ لەبەر ئەوەی کە بیستم تۆ هێشتا لەسەر ئەو گفتەی، تێگەیشتم کە تۆ تا ئێستاش پەیوەستی بە بیروباوەڕەکەتەوە و هەر لا لە قورئان دەکەیتەوە و پابەندی دابونەریتەکانی. خوازیارم لەم بۆچوونەمدا بە هەڵەمدا نەبەیت.

ئیمرا! دەنگ خۆشیی یەکێکە لە گەورەترین بەخشایشەکانی خودای گەورە. پێویستە ئەو بەخششەش، بە گوێرەی ویستی

بەخشەرەکە بەکاربهێنرێت. لەم گۆشەنیگایەوە، داوات لێدەکەم بە سەمفۆنیایەك بچڕی کە لەسەرووی هەموویەوە بەندایەتی کردنی خودای گەورە و بەجۆش هێنانی ئەو مرۆڤە بەرز و تێگەیشتووانە بێت کە تۆیان زۆر خۆش گەرەکە. ئەنادۆڵی غەریب و غەمگینت لەبیر نەچێت... ئەو دوا مەنزڵی هەموومانە، دە با لە دەنگی تۆدا، باش باش دەنگ بداتەوە. با ئەوانەی گوێ لە دەنگی تۆ دەگرن، بەرەو ڕابواردنی ناشەرعی و سەرمەستی و بێ ئومێدی و هەستە ئاژەڵییەکان نەچن... بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەوڵ بدە لە دڵیاندا هەستە باڵاکان و ئەوینە پیرۆزەکان بێدار بکەوە و بانگهێشتیان بکە بۆ ئەو ڕاستییانەی مرۆڤ دەکەن بە مرۆڤ... هەر کاتێك بە ئەنجامێکی وا گەیشتیت، دەکا شوکرانەی دەنگەکەتت کردووە.



کورتییەکەی، مۆچیاریی من بۆ تۆ ئەوەیە، ئەگەرچی ناوت (کوچوك ئیمرا)یە[1]، با ئاکار و مەعنەوییاتت گەورە بن. چاوت لەوە بێت ئیمان و ڕۆشنبیریت زیاد بکەیت. ئەگەر نا، ڕۆژێك دادێت هەر وەك ئەو کەسانەی سوارچاکی ئەو مەیدانە بوون، وەکو لیمۆیەکی ئاو گوشراو، فڕێ دەدرێیتە لاوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنها ڕابردوویەکی پەڵەدار و تەماوی و نووتەك و سیخناخ لە گوناه. هەرچی ئایندەشە، ئایندەیەکی پڕ لە پەستی و بێ ئومێدی ... نەکەی لە بیرت بچێت، ئەو کەشوهەوایەی تێیدایت، وەك خاکێکی لێژ وایە بەرەو هەموو خراپییەك غلۆرت دەکاتەوە. ئیمرا گیان! هەردەم خوو بدە ئەو کارانەی پەشیمانییان بەدواوە نییە.

***

لە کۆتایی نامەکەمدا، ڕێز و خۆشەویستیی خۆمت پێشکەش دەکەم و هیوادارم هەمیشە بە ئیمرا ڕێکوپێك و بێفیز و شەرمنەکەی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بتبینمەوە...

وەهبی وەققاس ئۆغلوو

١- (ئیمرای بچووك –وەرگێڕ)

پێڕست

پێشەکی ٣
بێباوەڕیی بانگەشەیەکی بێ بنەما ٧
ئەو بێباوەڕانەی پەی بە باوەڕدارییان نابەن ٨
کەسێك نییە دوعایەك بزانێ؟ ١٤
ڕووناکیی هیوا لەنێو دڵاندا... ١٧
دوو مۆمیش بۆ من دادەگیرسێنیت؟ ١٩
بوار نییە بۆ نکووڵی کردن ٢٢
چیمان لە باوەڕداریی دەست دەکەویت؟ ٢٤
بەندەی کێیت؟ ٢٦
خۆشەویستیی خودا.. ٣٦
بۆچی ناتوانین خودا ببینین؟ ٣٨
ژمارەی خزمەتکارەکانتان دەزانن؟ ٦٠
هەموومان ملیاردێرین ٧٣
تەم.. ٧٤
پێڵاوەکەی عوسمان و هەستی یارمەتیدانی یەکتر ٧٧
زەکات و سوودەکانی ٨٤
سوودە کۆمەڵایەتییەکانی زەکات ٩٥
بەدوادا گەڕان، لێپرسین... ١٠٦
مرۆڤ چۆن دەبێ بە مرۆڤ؟ ١٠٩

عومەر سەیفەددین و «یەکەم نوێژ» ١١٣
منداڵە دزراوەکان.. ١٢٥
ئایا کۆیلایەتیی نەماوە؟.. ١٣٤
نامەیەکی کراوە بۆ (کوچوک ئیمرا) ١٣٨